# ڕۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٨) سێشەممە ٢٠١١/١/٢٥ — www.sbeiy.com — نرخ ٧٥٠ دینار


## سێ چاوپێکەوتنی جیا لەگەڵ سێ سەرکردەی پارتی، یەکێتیو کۆمەڵ





ل...٦-٧

# داوای خۆپیشاندان و دەستلەکارکێشانەوەی دوو وەزیر دەکرێت

## حکومەت لە شەو و ڕۆژێکدا (١٠-١١) سەعات کارەبا دەدات بە هاوڵاتییان

ڕۆژنامە

خراپییو کەمیی کارەبا هاوڵاتییانی هەرێمی بێزار کردووەو پێشبینی خۆپیشاندانی جەماوەریی دەکرێت لە دژی کەمبوونەوەی کارەباو تۆڕێکی مەدەنی داوای دەستلەکارکێشانەوەی هەردوو وەزیری کارەباو سامانە سروشتییەکان دەکەن.

لە ئێستادا حکومەتی هەرێم لە شەوو ڕۆژێکدا تەنیا (١٠-١١) سەعات کارەبا دەدات بە هاوڵاتییان، ئەمەش هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانی بێزار کردووە.

ئاکۆ خەلیلزاد، ئەندامی تۆڕی بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی خەڵک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «خەڵک مافی خۆیەتی نارەزایی دەرببڕێتو چاوەڕوانیش دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا خۆپیشاندانی سەرتاسەریی لە دژی کەمبوونەوەی کارەبا ئەنجام بدرێت، ئەگەر قەیرانەکە چارەسەرنەکرێت».

ئەو ئەندامەی تۆڕی بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی خەڵک، داوای دەستلەکارپێکێشانەوەو دادگاییکردنو سزادانی هەردوو وەزیری کارەباو سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەهۆی کەمتەرخەمییان لە دابینکردنی یەکێک لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکانی خەڵک کە کارەبایە.

هاوکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی هەردوو وەزیری سامانە سروشتییەکانو وەزیری کارەبای هەرێمی کردووەو وا بڕیارە سبەینێ چوارشەممە کێشەو گرفتەکانی کارەبا بۆ لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان بخەنە ڕوو.

ئیسماعیل سەعید گەڵاڵەیی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گرفتی گازۆیلی هەبێت بۆ وێستگەکانی کارەبا، چونکە وەک ئەو دەڵێت: «لە هەرێمدا (١٠٠) پاڵاوگەی بچووکو (٣) پاڵاوگەی گەورە هەیە، وەزیری سامانە سروشتییەکانیش دەڵێت: ئەوەی دەینێرینە دەرەوە نەوتی ڕەشە، کەواتە دەبێت ئێستا هەرێمی کوردستان لێوانلێو بێت لە گازۆیل».

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٣ لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ وەزیرو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی کارەبا ئاشکرای کرد، کە کێشەی کەمیی کارەبا لە هەفتەی ڕابردوودا بە هۆی دابیننەکردنی سووتەمەنییەوە بووە، بەو هۆیەشەوە چەند یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لەکار کەوتن، ئەوەش نیگەرانییو نارەحەتی هاوڵاتییانی لێکەوتەوە.

بۆ... ل٢

## پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانیی خەڵک چەواشە دەکات

## پەرلەمانتارێکی گۆڕان: ئێمە زمانی کوردیمان چەسپاند



ل...٣

## ئاکامە مەترسیدارەکانی یاسای خۆپیشاندان دەرکەوتن

ل...٢

## فەرمانبەران داوای قەرەبووی (٨) ساڵی مووچە خوراوەکانیان دەکەن

شارا و ئاکام

ئەو فەرمانبەرانەی ماوەی (٨) ساڵە مووچەکانیان بە نیوەناچڵیی وەرگرتووە، داوای قەرەبووی مووچەکانیان دەکەن، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: «پێداگریی دەکەین لەسەر قەرەبووکردنەوەی مووچەی فەوتاوی (٨) ساڵی ڕابردووی ئەو فەرمانبەرانە».

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕێنمایی ژمارە (٢٥) لە ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/٢٩)دا، بڕیاری دا کە بە مەبەستی یەکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی ئیدارەی پێشووی سلێمانی، لەگەڵ فەرمانبەرانی دامودەزگاکان لەپارێزگاکانی هەولێرو دهۆک یەک پلەی وەزیفی بدات بە سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە لەسەر یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو پێش ساڵی (٢٠٠٣) دامەزراون، بڕیارەکەش لە (٢٠١١/١/١)ەوە جێبەجێدەکرێت.

پەرلەمانتارێکی گۆڕان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بڕیارە لەسەر پێشنیازی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بووەو بەپێویستیشی دەزانێت کە مووچەی فەوتاوی (٨)ساڵی ڕابردووی ئەو فەرمانبەرانە، لەلایەن حکومەتەوە بۆیان بگەڕێنرێتەوە.

کوێستان محەمەد، ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وروژاندنی ئەم مەسەلەیە لە دانیشتنی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠١٠/٤/١٢)، لەلایەن عەزیمە نەجمەدین، پەرلەمانتاری گۆڕانو سەرگوڵ قەرەداغی، پەرلەمانتاری کۆمەڵ بوو کە پێشنیازیان کرد، مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم یەکبخرێتو مووچەی فەوتاوی فەرمانبەرانی سلێمانیش، بۆیان قەرەبووبکرێتەوە.

ئەگەرچی فەرمانبەرانی سلێمانی زۆر ئومێدیان بەوە نییە کە حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە، بەڵام دەیانەوێت قەرەبوویان بکرێتەوە.

زەردەشت ڕەفیق، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانیی سلێمانی، لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «مافی هەموو کارمەندانە کە داوای مافەکانی خۆیانو مووچەی فەوتاوی چەند ساڵی ڕابردوویان بکەن، بەڵام ساڵانیکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتووە، بۆیە ئومێدم نییە بە قەرەبووکردنەوە لەلایەن حکومەتەوە».

هاوکات فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، وتی: «داوادەکەم کە قەرەبووی مووچەی فەوتاوی چەند ساڵی ڕابردوومان بکرێتەوەو پێویستە حکومەت، هۆکاری لێبڕینی ئەو پارەیەشمان بۆ ڕوونبکاتەوە، چونکە بەمافی خۆمانی دەزانین کە هۆکاری بڕینەکە بزانینو بزانین بۆچی لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا چەند ساڵە پەیڕەوی (بانێکەو دوو هەوا) کراوە».

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، بۆ دڵنیاکردنەوەی فەرمانبەران، جەختی لەوەکردەوە کە ئەو مووچە فەوتاوە قەرزە لەلای حکومەت، بۆیە پێویستە پێیان بدرێتەوە، جا بە قیست بێت، یان بەسەریەکەوە، وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستە یاداشت دەدەمە سەرۆکایەتیی پەرلەمان».

## ئاڵا تاڵەبانی: باشتر بوو یەکێتی دوو وەزارەتی بە وەزارەتێک نەگۆڕیایەتەوە



شارا عەبدولڕەحمان

لە بەرامبەر پێدانی وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی عێراق بە یەکێتی، پارتی هەردوو وەزارەتی دەولەت بۆ کاروباری ژنانو کۆمەڵگەی مەدەنی وەردەگرێت.

ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیو پەرلەمانتاری لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەگەڵ پارتیدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە وەزارەتی بازرگانیی بدرێت بە یەکێتیو لە بەرامبەر ئەو وەزارەتەشدا هەردوو وەزارەتی دەولەت بۆ کاروباری ژنانو کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێن بە پارتی.

سەبارەت بەو قازانجەی کە پارتی لە بەرامبەر وەرگرتنی پۆستی دوو وەزارەتی دەولەت بەرامبەر بە وەزارەتی بازرگانیی دەیکات، ئاڵا، وتی: «پارتی دەیەوێت یەکێک لە وەزارەتەکانی خۆی بدات بە کەسێک لە برایانی ئێزدی، کە وەزارەتی دەولەت بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە وەزارەتی دەولەت بۆ کاروباری ژنان لەلایەن ژنێکەوە بەڕێوە دەبرێت، لەکاتێکدا برایانی ئێزدی داوایان کردووە؛ کە ئەو وەزارەتەی پێیان دەدرێت لەلایەن پیاوێک لە ئێزدییەکانەوە بەڕێوەببرێت».

بەڵام ئەو پەرلەمانتارە وەک بۆچوونی شەخسیی خۆی پێی باش بوو کە یەکێتی پۆستی دوو وەزارەتی دەولەتەکە وەربگرێت، نەک وەزارەتی بازرگانیی، «چونکە دوو وەزارەتی کۆمەڵایەتینو لەو ڕێگەیەوە یەکێتی دەتوانێت خزمەتی زیاتر پێشکەش بە کۆمەڵگەی عێراقی بکات».

## سەرۆکی حکومەت لە بەغدا چی دەستکەوت؟

ل...٥

## یاسای ئاسایش، دروستکردنی حکومەتە لەناو حکومەتدا

ل...٤


## ئەمڕۆ لە سلێمانی خۆپیشاندانە

ڕۆژنامە

بە مەبەستی فشارخستنەسەر حکومەتی هەرێم بۆ بەزوویی تەواوکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠)قەرەوێڵەیی شاری سلێمانی، ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێک سازدەکرێت.

د. گۆران عەبدوڵڵا، وتەبێژی گرووپی (٤٠٠) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لە هەفتەی ڕابردوودا پارێزگاری سلێمانی ڕێگەی نەدا خۆپیشاندان ئەنجام بدەین، دواتر دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی بواری خۆپیشاندانی پێداین، بۆیە بڕیارە ئەمڕۆ سەعات (٣) لەبەردەم نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی فراوان سازبکەین.

سەبارەت بە ئامانجی خۆپیشاندانەکە، وتی: «کۆبوونەوەکەش بە مەبەستی فشارخستنەسەر وەزارەتی تەندروستیو لایەنە پەیوەندیدارەکانە بۆ بەزوویی تەواوکردنی نەخۆشخانەکە، چونکە ماوەی چەند ساڵێکە کار لەو نەخۆشخانەیەدا دەکرێتو پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام تا ئێستا تەواونەکراوە».



سەفین دزەیی:

## وەزارەتی پەروەردە خەتابارەو سیستمەکەی ڕوون نەکردووەتەوە

ل...١٦

## ئابوونەوەرگرتن و کۆبوونەوەی حیزبیی لە چوار لیواکەدا دەکرێت

ل...٣

## کەمپەینێک لە دژی دامەزراندن لەسەر بنەمای حیزبیی رادەگەیەنرێت

# یەکگرتوو بە رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، لایەنگرانی بۆ دامەزراندن ناونووس دەکات

راپۆرتی: بەهادین یوسف

یەکگرتووی ئیسلامیی خەریکی ناونووسکردنی ئەندامەکانیەتی بۆ دامەزراندن‌و راوێژکارێکی سەرۆکی حکومەتیش پێیوایە؛ ئەگەر دامەزراندن بە موحاسەسە بێت، دەبێت بەشی هەمووانی تێدابێت‌و ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووەکانی کوردستانیش کەمپەینێک بۆ دامەزراندن، یان برینەوەی دەرماڵە رادەگەیەنن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی رۆژنامەدایە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەناو ئۆرگانەکانی خۆیدا خەریکی ناونووسکردنی ئەو ئەندامانەیەتی کە دانەمەزراون، تا دواتر بە لیستێک بیداتە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی‌و لەسەر میلاکی حکومەت دایانمەزرێنێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئاسۆ د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ئاشکرایکرد: «ئەو ناونووسکردنە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەرچووی زانکۆو پەیمانگەکانن‌و بە هۆیەک لە هۆیەکان لە ماوەی رابردوودا دانەمەزرێنراون‌و ململانێی مەرکەزیی‌و ناوچەیی رێگربووە لە دامەزراندنیان، بۆیە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە ناوی ئەو کەسانەیان ئاراستە بکەین، بۆ ئەوەی کاری پێویستیان بۆ بکرێت».

لەلایەکی تریشەوە، شەماڵ سەلیم، تەمەن (٢٨) ساڵ دانیشتووی شاری سلێمانی‌و ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێمانراگەیەنراوە ئەو ئەندامانەی تائێستا لە حکومەت دانەمەزراون‌و دەمانەوێت دامەزرێین، ناوی خۆمان بدەین بە حیزب بە مەبەستی دامەزراندن».

وتیشی: «من بڕوانامەی شەشی سەرەتاییم هەیەو پێیانوتووم بە ناونیشانی پۆلیس داتدەمەزرێنین‌و لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی خۆماندا کارت پێدەکەین».

ساڵی رابردووش دوای پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠) زیاتر لە (٢٠) هەزار کەس لەسەر میلاکی وەزارەت‌و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون‌و بە وتەی راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری گەنجانیش، دامەزراندنەکە بەپێی ئەو بەرنامەیەی حکومەت نەبووە کە دایانابوو لەسەر بنەمای (CV)و کێبڕکێی نێوان دەرچووی زانکۆو پەیمانگەکاندا بێت.

فازڵ عومەر، راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری گەنجان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو سیاسەتەی کابینەی شەش بەرنامەی دانابوو پەیڕەوی بکات لە بواری دامەزراندن وەک ئەوەی دەیەوێت جێبەجێ بکرێت، نەکراو لە ئاستی ویستی ئێمەدا نەبووە، هیوادارین بۆ ئەمساڵ بتوانرێت پەیڕەو بکرێت‌و پشت بە سیڤی‌و کێبڕکێی ئەو کەسانە ببەسترێت کە خواستی دامەزراندنیان هەیە، ئەوەش دەتوانێت هاوکاربێت لە دروستکردنی یەکسانیی‌و عەدالەت».

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رایگەیاند: کە بەپێی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١١) بۆ ئەمساڵ (١٠) هەزار کەس لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت.

هاوکات سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەن لەسەر میلاکی (٢٠١١)، (٦٠٠٠) مامۆستای نوێیان بۆ دابمەزرێنن لەسەر بنەمای پێداویستی پەروەردەکانی سێ پارێزگاکەو ئیدارەی گەرمیان، ئەوەشی خستە روو، ساڵی رابردوو (٣٢٠٠) مامۆستا دامەزرێنراون.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاشکرایکرد؛ (١) ملیۆن‌و (٣٠٠) هەزار مووچەخۆری حکومیی هەیە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٤) ملیۆن‌و (٨٥٠) هەزار کەسە، بەمەش بۆ هەر چوار هاوڵاتییەک یەک فەرمانبەری حکومیی هەیەو بەڕای شارەزایانی ئابووریش ئەوە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئابووریی کوردستان دروست دەکات.

سەبارەت بە دامەزراندنی خەڵکیش لەسەر بنەمای پشکی حیزبیی، راوێژکاری سەرۆکی حکومەت وتی: «ئاگاداری کارێکی لەو شێوەیە نییم، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر موحاسەسەشبێت. دەبێت پشکی هەموو حیزبەکان بە یەکێتی‌و پارتی‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو هەموو حیزبەکانی تریش هەبێت‌و لیست ئامادە بکەن. پێموانییە ئەمە شتێکی خراپ بێت بە قەدەر ئەوەی تەواوی حیسەکە بدرێتە قەوارە سیاسییەکان، دەبێت دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووک کەس بێت‌و ئەوانەشی لەدەرەوەی حیزبەکانن، یان لە لیستەکاندا نین مافی ئەوەیان هەبێت لەڕێی سیڤییەوە داوای دامەزراندن بکەن‌و بچنە کێبڕکێوە».

هاوکات لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا تۆفیق کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی ئەوەی رەتکردەوە؛ کە ئەندامەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دامەزرابێت‌و وتی: «بۆ دامەزراندنی ئەندامەکانمان بە هیچ شێوەیەک لە بەرنامەماندا نەبووەو هیچ جۆرە رێککەوتنێکی لەو شێوەیە لەنێوان ئێمەو یەکێتیدا نییە بۆ دامەزراندنی خەڵکی ئێمە، بەڵام ئێمە وتوومانە گەر خەڵکێکی خاوەن مافی وەک پێشمەرگەی دێرین کە خانەنشین بکرێت، یان شتێکی بۆ ببڕدرێتەوە، ئاساییەو نابێت لەسەر ئێمە حساب بکرێت، دوای ئەوەی بووین بە ئۆپۆزسیۆن هیچ کەسێکی ئێمە دانەمەزرێنراوە».

ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکانیش کەمپەینێکیان بەناوی دامەزراندن، یان دەرماڵە راگەیاندوو بە پێویستی دەزانن کە قوتابییان‌و خوێندکاران‌و رێکخراوە قوتابی‌و خوێندکارییەکان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوامبن لە پشتگیریکردنیان‌و لە قۆناغەکانی ئایندەشدا کەمپەینەکە هەڵوێستی جدیتر لەسەر مافی خاوەن بڕوانامە دانەمەزراوەکان دەردەبڕێت تاوەکو بەدەستهێنانی ئەم مافە، لە کۆتاییشدا واژۆی خاوەن بڕوانامە دانەمەزراوەکان‌و پشتگیریی رێکخراوەکان لە پرۆژەیەکدا پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.

پێشتریش لە بەیاننامەیەکدا رێکخەرانی کەمپەینەکە ئاماژەیان بەوە کردبوو؛ کە لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەو ئامادەیی پیشەییەکان بەدەست دانەمەزراندن‌و بێکارییەوە گرفتارن‌و حکومەتی عێراق وەکو رێگە چارەیەکی سەرەتایی‌و هاندانی خوێندکاران‌و بێهیوا نەبوونیان دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن، لە رێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە هەوڵی دابینکردنی بڕی (١٠٠) هەزار دینارداییە بۆ ئەو قوتابی‌و خوێندکارانەی خوێندنیان تەواوکردووە، تا ئەو کاتەی دادەمەزرێن، ئێمەش وەکو گەنجانی دەرچووی زانکۆو پەیمانگەو ئامادەییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان، کەمپەینێکمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە هەرێمی کوردستان‌و سوودمەندبوونی ئەو گەنجانەی خوێندنیان تەواوکردووە، پێکهێناوەو داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین بەدەم داواکاریی گەنجانەوە بێن‌و بڕێک هاوکاریی مانگانە ببەخشرێتە ئەو دەرچووانە تا ئەو کاتەی دادەمەزرێن.




## هەڤاڵ کوێستانیی:

# من لە (١١/٢١) داوای بەکارهێنانی زمانی کوردیم کرد

# * نووسراوەکەی د.سیروان بەرواری (١١/٢٢)ی لەسەرە

رۆژنامە

هەڤاڵ کوێستانیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو یەکەمجار داوای بەکارهێنانی زمانی کوردی کردووە لە پەرلەمانی عێراقداو ئەو نامەیەی مەلا سیروان، سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بڵاویکردووەتەوە بەرواری رۆژێک دواتر لەو داواکارییەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕانی پێوەیە.

رۆژی ٢٠١١/١/٢٠ رۆژنامەی ئاسۆ، نامەیەکی دستنووسی د.سیروان ئەحمەد (مەلا سیروان)ی بڵاوکردووەتەوە کە بەرواری ٢٠١٠/١١/٢٢ی لەسەرەو ئاراستەی ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی کردووە بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی، ئەوەش دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی رۆژنامە کە داوای بەکارهێنانی زمانی کوردی گەڕاندبووە بۆ پەرلەمانتارێکی گۆڕان، رۆژنامەی ئاسۆ، بە ناوی مامۆستایەکی زانکۆو شارەزا لە بواری راگەیاندن رەخنەی ئەوەی لە گۆڕان گرتووە، کە گوایە گۆڕان دەیەوێت هەموو دەستکەوت‌و هەڵوێستە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان بۆ خۆی بەرێت‌و بەوەش چەواشەی رای گشتیی کوردستان بکات.

بەپێی مەحزەری کۆبوونەوەکانی رۆژی ٢٠١١/١١/٢١ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لەسەر ماڵپەڕی رەسمیی ئەنجومەن بڵاوکراوەتەوە، هەڤاڵ کوێستانیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، داوای لە سەرۆکی پەرلەمان کردووە کە وەرگێڕی کوردی-عەرەبی دابنێن بۆ پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی بە زمانی کوردیش گفتوگۆو قسە بکەن.

هەڤاڵ کوێستانیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە دووەم دانیشتنی ئەنجومەندا رۆژی ٢٠١٠/١١/٢١ داخوازییەکم پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان کرد، وتم: بە گوێرەی مادەی (٤)ی دەستوور زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی رەسمییەو پێویستە هەموو گفتوگۆکان بەو دوو زمانە بەڕێوە بچێت، ئەگەرچی هەموو پەرلەمانتارەکان زمانی عەرەبی دەزانن، دەتوانن بە زمانی عەرەبی گفتوگۆ بکەن‌و تەعبیر لە بۆچوونی خۆیان بکەن‌و گفتوگۆ بکەن. چونکە زمان یەکێکە لە رەگەزە سەرەکییەکانی نەتەوە، بەتایبەتیش خەڵکی کوردستان ژمارەیەکی زۆریان عەرەبی تێناگەن، بۆیە ئەمە غەدرێکە لەوان کراوەو نازانن ئەو گفتوگۆیانەی لە پەرلەماندا دەکرێت چییە، بۆیە داوا دەکەم زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمیی لە پەرلەمانداو هەموو گفتوگۆکان بە کوردی بکرێنە عەرەبی‌و هەموو عەرەبییەکانیش بکرێنە کوردی، لەهەمانکاتدا بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی عێراق سوود لە هەردوو زمانەکە ببینێت‌و بزانن نوێنەرەکانیان باسی چی دەکەن‌و چۆن بەرگرییان لێدەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد: «سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو داوایەدام، بەڵام ئەو هۆڵەی ئێستا ئامێرو پێداویستییەکانی ئەوەی نییە، لە هۆڵی تازەدا ئەو ئامێرانە فەراهەم دەکەین‌و وەرگێڕیش دادەمەزرێنین».

لە بەرامبەردا د.سیروان ئەحمەد، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەران بە رۆژنامەی وت: «من بە دۆکیۆمێنت سەلماندوومە با هەڤاڵ کوێستانیش بە دۆکیۆمێنت بیسەلمێنێت، ئیتر ئەمە پێویست بە لێدوان ناکات، من دەستخۆشیی لە هەڤاڵ کوێستانیی دەکەم با بەڵگەکەی خۆی بخاتە روو، بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەش لە ئاسۆ تەنیا بۆ ئەوە بووە بیکەینە ماڵ بەسەر نوجێفییەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کورد باش بێت».

بە وتەی د.سیروان: «هەر لە سەرەتاوە ئەوە بیرۆکەی من بووە بە کوردی قسە بکەین‌و بە جلی کوردییەوە دەوام بکەین، ئەوە شتێکی نەتەوایەتییە، ئەگەر ئەو حەماسەیان هەبێت بۆ ئەوەی بیکەینە کەلتوورێک‌و تاخەلکی لە ئێمە زیرەکتر بچێتە پەرلەمان کە زمانی عەرەبی نازانێت، جورئەت ناکات خۆی بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێرێت».

لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١١/١/١٧یش، د.لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری گۆڕان جەختی لە داوای کوێستانیی کردەوە، دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران چووە هۆڵی نوێ-ی خۆیەوەو پێداویستییەکانی زمانی کوردی لەو هۆڵەدا نەبوو، بۆیە ئوسامە نوجێفی، بەڵێنی دا لە کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتووەوە زمانی کوردی وەک زمانی رەسمیی لە پەرلەماندا بەکاربێت.

هەڤاڵ کوێستانیی، ئاماژەی بەوەشکرد: «رۆژی یەکشەممەی داهاتوو لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا چەند قسەیەکم هەیە کە هەفتەی رابردوو بوار نەبوو، بە کوردی دەیلێم‌و ئەو داوایەی منیش بۆ موزایەدە نییە بەسەر پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەوانەی پێشووشەوە، بەڵام بەپێی مادەی (٤)ی دەستوور دەبێت زمانی کوردی لە پەرلەمان‌و ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و دامودەزگاو نووسراوە رەسمییەکانی حکومەتدا بەکاربێت، ئەوەش مافێکی شەرعییەو دەبێت ئێستا جێبەجێ بکرێت، نەک بۆ چەند ساڵێکی دیکە دوابخرێت».

# ئابوونەوەرگرتن‌و کۆبوونەوەی حیزبیی لە چوار لیوا یەکخراوەکەی پێشمەرگەدا ئەنجامدەدرێت

هەنگاو هاشم- هەولێر

تائێستا ئابوونەوەرگرتن‌و کۆبوونەوەی حیزبیی لەنێو چوار لیوا نوێیەکەی هێزی پێشمەرگەدا بوونی هەیە، لەکاتێکدا زیاتر لەساڵێکە وا بڵاوکراوەتەوە کە بوونەتە هێزێکی نیشتمانی غەیرە حیزبیی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەناو ئەو چوار لیوایە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەناو لیواکەماندا پارتی‌و یەکێتی کۆبوونەوەی حیزبیمان پێدەکەن‌و ئابوونەمان لێوەردەگرن».

ئەو سەرچاوەیە کە لەبەر مەترسیی نانبڕینی نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئاشکرایکرد، کە تائێستاش نانبڕین بوونی هەیەو ئەو ئابوونانەی کە لێشیان وەردەگیرێت لەسەر خواستی خۆیان نییە».

لەبەرامبەردا جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەستێوەردانی حیزبیی لە ئەو چوار لیوایەدا قەدەغەیەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «زۆرمان قسە لەسەر دەستێوەردانی حزبیی لەناو کاروباری پێشمەرگە کردووە، هەموو دەستێوەردانێکی حیزبیی لەناو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوودا قەدەغەیەو رێگە نادرێت بە هیچ حیزبێک کاری حیزبیی بکات لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو بەپێی یاسای خزمەت‌و خانەنشینیی پێشمەرگە، بڕگەیەک هەیە کاری حیزبیی قەدەغە دەکات لەناو ئەو هێزانەدا».

دەربارەی وەرگرتنی ئابوونەو کۆبوونەوەی حیزبیش لەناو لیواکانی کوردستاندا، وەزیری پێشمەرگە وتی: «بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکمان پێکهێنا، بەڵام ئەوە راست نەبوو کە ئابوونە وەربگیرێت‌و کۆبوونەوەی حیزبیی بکرێت لەناو هێزەکانی پێشمەرگە».

هاوکات پەرلەمانتارێکی کوردستانیش‌وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو چوار لیوایە لەسەر بنەمای نیوە بە نیوە دامەزرێنراون.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێیەکانی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو (٤) لیوایە بە عەقڵییەتی حیزبیی دامەزراوەو بە رێکەوتنی نیوە بە نیوە دانراوە، بۆیە ئەم لیوایانە دەزگای حیزبین‌و نابنە هێزێکی نیشتمانیی».

ئەو پەرلەمانتارە دووپاتی کردەوە کە کۆبوونەوەی حیزبیی لەناو ئەو لیوایانەدا دەکرێت وەکو زۆربەی دەزگاکانی تری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، سەرجەمیان بێ خواستی خۆیان لە مووچەکانیان ئابوونەی حیزبییان لێدەگیڕدرێتەوە.

مەترسییەکی گەورە، بەڵام دواخراو 4

# (٢٥٠) گوندو ناحیەیەکی پارێزگای هەولێر کارەبایان نییە

ئەحمەدباڵەکی

زیاتر لە (٢٥٠) گوندو ناحیەیەکی سنووری هەر چوار قەزای (سۆران و چۆمان و مێرگەسۆرو رەواندز)، تائێستا کارەبای نیشتمانییان نییە.

ئەندازیار فەیسەڵ حسێن، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای قەزای سۆران بە رۆژنامەی راگەیاند: «زیاتر لە (٢٥٠)گوندی سنوورەکەمان تۆڕی کارەبای نیشتمانییان بۆ نەچووەو ناحیەی حاجی ئۆمەرانیش تائێستا کارەبای لە ئێرانەوە بۆ هاتووە».

بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای قەزای سۆران، ئاماژەی بەوەدا کە لەساڵی رابردووەوە پرۆژەی کارەبای نیشتمانییان بۆ چەندین گوندو ناحیەکانی سنووری هەر چوار قەزای (سۆران و چۆمان و رەواندزو مێرگەسۆر)، بردووە، ئەمساڵ لەبەرنامەیاندایە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی بۆ ئەو گوندانەو ناحیەی حاجی ئۆمەران بەرن، وتیشی: «ئەگەرچی لە ئێستادا ئەو گوندانە موەلیدەی حکومەت و ئەهلییان هەیە، بەڵام وەک پێویست نین».

تائێستا لە سنووری باڵەکایەتی و سنووری قەزای چۆمان و ئەو گوندانەی کارەبای نیشتمانییان بۆنەچووە، سوودیان لە سەرچاوەکانی ئاو بینیوە، بەمەش چەندین پرۆژەی کارۆئاوییان دامەزراندووە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەڵام زۆرێک لەو کارۆئاوییانە تێکچوون، هاوڵاتییان توانای چاککردنەوەیان نییە.

# رووداوێکی هاتوچۆ لە سلێمانی (٢) قوربانیی و (٢١) برینداری لێ دەکەوێتەوە

سەنگەر جەمال

دوو هاوڵاتی شاری سلێمانی گیان لەدەستدەدەن و (٢١)ی دیکەش بریندار دەبن، ئەوەش لە رووداوێکی هاتوچۆدا کاتێک پاسێکی نەفەرهەڵگر خۆی دەدات بە گەڵابەیەکدا.

نەوزاد محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، باسی لەوە کرد؛ کە رووداوەکە پێشنیوەڕۆی دوێنی لە سەرشەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود روویداوە، ئەوەش دوای ئەوەی پاسە نەفەرهەڵگرەکە خۆی بە «گەڵابەیەکدا» کێشاوە.

ئەو بۆ رۆژنامە وتی: «لە رووداوەکەدا (٢٣) کەس پێکراون و (٢)یان گیانیان لەدەستداوە، کە شۆفێری پاسەکەو نەفەرێکی تەنیشتی بوون، (٢١) کەسەکەی دیکەش کە سەرنشینی پاسەکە بوون، بریندار بوون و تەنیا یەکێکیان منداڵە»، وتیشی: «کاری پێویست و چارەسەر بۆ بریندارەکان ئەنجامدراوەو باری تەندروستییان جێگیرەو ترسی گیانلەدەستدانیان نییە، بەڵام لەژێر چاودێریی پزیشکیدا لە نەخۆشخانە دەمێننەوە».



# رێکخراوەکان: پێشێلکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنی تەندروستکاران دەگۆڕێت

رۆژنامە

فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاماژە بە؛ بوونی چەندین کەموکوڕیی و خرووقات دەکەن لە هەڵبژاردنی کارمەندانی تەندروستی و رایدەگەیەنن: لە چەند بنکەیەکدا خرووقاتەکان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەبووە.

فیدراسیۆنی رێکخراوەکان لە راپۆرتێکدا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە، کە لە (١/٢٠)دا بەڕێوەچوو، ئاماژە بە بوونی چەند کەموکوڕییەک دەکەن لە هەڵبژاردنەکەدا ئەوە «سەرەڕای هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی باشی پرۆسەکەو بە هێمنیی بەڕێوەچوونی».

لە راپۆرتەکەدا کەموکورتییەکان باسکراون لەوانەش: دابین نەکردنی مەرەکەب لە کاتی دەنگدانداو پەنابردنەبەر کونکردنی پێناسی دەنگدەران، لە کاتێکدا بەشێک لەو دەنگدەرانە پێناسیان نەبووە، هەروەها هەبوونی کەموکوڕیی لە ئامادەکردنی ئامارو تۆماری دەنگدەراندا، کە ئەمەش دواجار بووەمایەی دەنگنەدانی هەندێک لە کارمەندانی تەندروستی و بێبەشبوونیان لە دەنگدان.

بەپێی راپۆرتی فیدراسیۆنی رێکخراوەکان، لە نەخۆشخانەی خانەقین بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە چەکەوە چوونەتە نێو وێستگەی دەنگدانەوەو دەمانچەیان لە بەرامبەر نوێنەری لیستی یەکگرتوو دەرهێناوە، بەبێ ئەوەی بەڕێوەبەری وێستگەکە ئیجرائات لە بەرامبەریدا وەربگرێت، ئەم دۆخەش ترسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە (١٥) رێکخراو پێکهاتوون و لە کۆی (٢٩) بنکە، چاودێریی (٢٨) بنکەی دەنگدانی کارمەندانی تەندروستی لە سلێمانی کردووە.

# ٢٠٠٠ کارمەندی ئۆفیسەکانی کۆمسیۆنی هەرێم لەچاوەڕوانی بوون بەفەرمانبەردان

هەنگاوهاشم- هەولێر

تا ئێستا، کارمەندانی بەڕێوەبەرێتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەرێم، نەکراون بە رەسمیی و بەرپرسێکی کۆمسیۆنی بەغداش دەڵێت: «ئەو بڕیارە پێویستیی بە رەزامەندیی وەزارەتی دارایی و حکومەتی بەغدا هەیە».

هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تا ئێستا، رەزامەندیی لەسەر بەرەسمیکردنی کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان نەدراوە، کە تا ئێستا بەشێوەی گرێبەست کاردەکەن»، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ساڵی پار، یاسای ژمارە (١١)ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموارکرایەوەو تیایدا بڕیار درا، کارمەندانی کۆمسیۆن لەسەر میلاکی دەوڵەت ببنە فەرمانبەر کە بەتەنیا لە هەرێمی کوردستاندا، (٢٠٥٠) کارمەندی کۆمسیۆن هەیە.

هەندرێن محەمەد، ئاماژەی بەوەشدا:: «کارمەندەکانی ناو ئۆفیسەکان، لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە کاردەکەن و تا ئێستا نەبوون بە فەرمانبەری حکومیی، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر کۆمسیۆن».

لەلایەکی ترەوە، عەبدولڕەحمان خەلیفەی بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە لەساڵی (٢٠١٠)ەوە، داوامان کردووە، کارمەندانی ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن بکرێن بە فەرمانبەرو بۆ ئەم مەبەستەش چاوپێکەوتنی فەرمانبەرەکانیان کردووە، وتیشی: «پێویستە وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، رەزامەندیی لەسەر نیشان بدەن».

## دادگا بڕیارەکەی پارێزگاری سلێمانی رەتکردەوە

# ئاکامە مەترسیدارەکانی یاسای خۆپیشاندان دەرکەوتن

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**بە رەتکردنەوەی مۆڵەتی خۆپیشاندان دژی نارەزایی لە دواکەوتنی جێبەجێکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی لەلایەن پارێزگاری سلێمانییەوە، مەترسییەکانی یاسای خۆپیشاندان دەرکەوتن و چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی و پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنیش جەخت لەوە دەکەنەوە؛ کە هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بووە ئەو رێگرییانە دروست نەبن.**

دوای ئەوەی گرووپی (٤٠٠) ویستیان خۆپیشاندانێک بە مەبەستی بەدواداچوون و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردن و تەواو نەبوونی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی ئەنجام بدەن، پارێزگاری سلێمانی مۆڵەتی نەدانێ و خۆپیشاندانەکەش لەوادەی خۆیدا ئەنجام نەدرا.


ئەوەش بە یەکەم رەتکردنەوەی خۆپیشاندان دادەنرێت لە شاری سلێمانی، دوای پەسەندکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان و کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە.

فەلاح موراد خان، بەرپرسی رێکخراوی وادی ئەڵمانی و یەکێک لە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، پێیوایە؛ رەتکردنەوەی خۆپیشاندانەکەیان ئاماژەیەکی خەتەرناکەو ئەو نیگەرانییانەی سەلماند، کە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و رۆشنبیران و رووناکبیران لەسەر یاساکە هەیانبوو لە کاتی پەسەندکردنی یاساکە.

لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەوە ئەو ترسە تۆخ دەکاتەوە کە هەمانبوو، چونکە کاتێک رێبگیرێت لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بچووک لە بەردەم پرۆژەیەکی تەواونەبوودا دەبێت لە دژی بڕیارێکی پارێزگار، یا شتێکی لەو شێوەیە چۆن رێگریی بکرێت و دژی بووەستن»، وتیشی: «بۆیە ئەو مەترسییانەی هەمانە بەسەر خۆماندا جێبەجێکرا».

لەلایەکی دیکەوە، سیوەیل عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەو بارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «لە سەروبەندی گفتوگۆ لەسەر یاسای خۆپیشاندان داوامان کرد تەنیا ئاگادارکردنەوە هەبوایە، نەک مۆڵەت وەرگرتن، چونکە مەترسیی ئێمە لەوە بوو کە داوای مۆڵەت بکرێت و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەسەڵاتی هەبێت، دەتوانێت ببێتە رێگرو لەمپەر لەبەردەم خۆپیشاندانەکاندا».

ئەو پەرلەمانتارە نیگەرانیی خۆی لە زۆربوونی رێگریی و لەمپەرەکانی بەردەم خۆپیشاندان دەربڕی و وتیشی: «لە ئایندەدا رێگرییەکان زۆر دەبن و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان دەتوانن ببنە رێگرو بەربەست لە بەردەم خۆپیشاندانەکان و ئەوەی سلێمانیش نموونەیەکی زیندووە کە مۆڵەت نەدرایە ئەو خۆپیشاندانە، لە ئایندەشدا ئەگەر دەسەڵاتداران لە بەرژەوەندییان نەبێت مۆڵەت نادەنە خۆپیشاندانەکان».



دوابەدوای رەتکردنەوەی خۆپیشاندانەکە، نووسینگەی پارێزگاری سلێمانی روونکردنەوەیەکی چوار خاڵیی بڵاوکردەوەو هۆکارەکانی مۆڵەت نەدانی بە خۆپیشاندانەکە خستە روو.

بەڵام دوای ئەوەی رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە لە دادگای تێهەڵچوونەوە تانەیان لە بڕیارەکە دا، دادگا بڕیاری دا خۆپیشاندانەکە بکرێت و بڕیاریشە پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ خۆپیشاندانەکە لەبەردەم نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی ئەنجام بدرێت.

موراد خان، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بە بڕیارەکەی دادگاو پێیوایە؛ دادگاکان هەوڵی ئەوە دەدەن سەربەخۆیی بسەلمێنن، بەڵام ئەوە لە مەترسییەکە کەم ناکاتەوە، «چونکە پێشتر گوڕو تینێک هەبوو بۆ خۆپیشاندانەکە، بەڵام بەو رەتکردنەوەیەو ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیی لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە ئەوەش فێڵێک بوو و تێیدا کۆمەڵێک بەڵێن درا، گڕوتینەکە کپکرایەوە».

ئەو چالاکوانەی کۆمەڵی مەدەنی ترسی خۆی دووپاتکردەوە لە رێگرییەکان، وتیشی: «مەیلێک هەیە رێ بە چالاکیی و خۆپیشاندان نەدات، تەنیا بۆ ئەو کاتە نەبێت کە خۆیان دەیانەوێت، لە کاتێکدا شەقام موڵکی خەڵکە، مەترسییەکەش جێبەجێکرا، بەڵام خۆشحاڵم بە بڕیارەکەی دادگا، چونکە ئەو نووسراوەی دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی ئاگادارکردنەوەی پارێزگای سلێمانییە لەو هەڵە یاساییەی کردوویانەو بۆ ئەوەی یاسا شکێنی نەکەن و دەبێت رێنماییەکان جێبەجێ بکەن».

**پاشماوەی... داوای خۆپیشاندان و دەستلەکارکێشانەوەی ...**

د.بەرهەم، لەو لێدوانەشیدا وتی: «حکومەت بۆ ئەمساڵ ناتوانێت گرفتی کارەبا چارەسەر بکات».

لای خۆشیەوە، یاسین ئەبوبەکر، وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان جەخت لە نەبوونی گازۆیل لە وێستگەکانی کارەبا دەکاتەوە، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کارەباو بۆ رۆژنامەی رووداوی ئاشکرا کردووە؛ کە لە ئێستادا توانای هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا (١١٥٠) مێگاواتە، لە بەرامبەردا پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ کارەبا (٢٦٠٠) مێگاواتە».

# سەرۆکی حکومەت لە بەغدا چی دەستکەوت؟

## بەرپرسانی پارتیو یەکێتی هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ ڕێککەوتنەکەی هەولێرو بەغدا دەکەن

**راپۆرتی: دارا دلێر**



راگەیاندنی یەکێتی ئاماژە بە سەرکەوتنی سەردانەکەی بەرهەم ساڵح، لە مەلەفی نەوتو بودجە دەکاتو چەند پەرلەمانتارێکی پارتیش لەراگەیاندنی پارتییەوە پێیانوایە؛ سەردانێکی درەنگوەختەو بەڵێنەکان جێی ئومێد نین.

هەفتەی رابردوو، مەترسییەکانی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانو کێشە بۆماوەییەکانی نەوتو گاز، بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی گەیاندە بەغداو بە ئامادەبوونی هەردوو جەمسەری کێشەکە حسێن شەهرستانی، وەزیری پێشووی نەوتو ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم کۆبوونەوەیەک لەنێوان وەفدەکەی هەرێمو نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەڕێوەچوو.

ئەوەی تائێستا لەسەر وردەکارییەکانی ئەو دانیشتنە راگەیاندراوە، تەنیا لێدوانی پێنجشەممەی رابـــردووی سەرۆکی حکومەتی هـەرێـمـە، کـە ئـامـاژەی بە ڕێککەوتنی هەرێمو بەغدا کردووە لە بواری نەوتو گازدا، «کۆنووسێکی هاوبەشمان لەنێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمو وەزارەتی نەوتی عێراق ئیمزا کرد، سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە مانگی داهاتووەوە».

ئەو لێدوانەی بەرهەم ساڵح، لە کاتێکدایە هەمان رۆژ، رۆژنامەی هەولێر-ی نزیک لە پارتی بە مانشێتی «درەنگچوونی شاندی کورد بۆ بەغدا، یەکلانەکردنەوەی کێشەکانی ئەستەم کردووە».

راپۆرتی رۆژنامەکە پشتی بەستووە بە لێدوانی شوان محەمەد، پەرلەمانتاری پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو زانیاریی یەکێک لە سەرکردایەتی حیزبە باڵاکانی هەرێم، کە (ناوی نەهاتووە) ئاماژەی بەوە کردووە؛ هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان هەولێرو بەغدا نەکراوەو کۆبوونەوەکە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە.

ئاڵا تاڵەبانی، بڕیاردەری هاوپەیمانیی کوردستانو پەرلەمانتاری یەکێتی رەخنە لەو پەرلەمانتارە دەگرێتو بە رۆژنامەی راگـەیـانـد: «کـۆبـوونـەوەی د.بـەرهـەمو پەرلەمانتارە کـوردەکـان زۆر ئیجابی بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا وەزیری سامانە سروشتییەکان خۆی باسی لـەوە کرد؛ ڕێککەوتنیان لەگەڵ بەغدا کـردووە، بە شێوەیەک هەناردەکردنی نەوتی هەرێم (٥٠٪)ی داهـاتـەکـەی بۆ هـەرێـم بێتو قەرەبووی ئەو کۆمپانیایانە بکرێت کە نەوتیان دەرهێناوە، بۆیە ئەو ئەندامانەی لەو کۆبوونەوەیە بەشداربوونو بەو شێوەیە قسەیان کردووە، یان زانیارییان نییە، یان مەبەستێکی تریان هەیە!».

بە بڕوای بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانیی، سەردانە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەرهەم ساڵح، چونکە کێشەی بودجەو بابەتی نەوتی چارەسەر کـردووە، ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ بەهێزیی پەیوەندییەکانی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکانو دەسەڵاتدارەکانی حکومەتی ناوەند.

ئاڵا تاڵەبانی، وتیشی: «سەردانەکە ئامانجی خـۆی پێکاوە، چونکە بەپێی ڕێککەوتننامەکە بودجەی (٢٠١١)ی عێراقی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتو دوای چاککردنی بەهەند وەرگرتنی تێبینییەکانی کورد دەگەڕێتەوە پەرلەمانو هەرێمیش مولزەم نابێت بە ناردنە دەرەوەی ئەو (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوتەی پێشتر ئاماژەی پێکرابوو».

بەدەر لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نەوت، مادەی (١٤٠)، پێشمەرگەو شێوەی حوکمڕانیی هەرێم، پشکی بودجەی هەرێم واتە؛ (١٧٪) لە بودجەی گشتیی عێراقی، هەموو ساڵێک بە چەندین گیروگرفتی سیاسییو ئیداریی نێوان هەرێمو ناوەندا تێدەپەڕێتو دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر بە تەوافوقاتی سیاسیی تێدەپەڕێت، تایبەت بەو پرسە وتەبێژی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ئـامـاژە بە درەنگوەختیی سەردانەکەی وەفـدی هەرێم بۆ بەغدا دەکات.

موئەیەد تەیب، وتــی: «باشتربوو، زووتر وەفدی هەرێم سەردانی بەغدایان بکردایە، چونکە پێشتر بە هۆی تێبینییەکانی حکومەتی هەرێم سێ جار خوێندنەوەی یەکەمی بودجەمان دواخــســت، کاتێک وەفدەکە گەیشتن کە خوێندنەوەی یەکەمی بودجە تەواو بوو، ئینجا دانیشتن لەنێوان هەردوو حکومەت دروستبوو».

لەبارەی وردەکاریی کۆبوونەوەکەی بەرهەم ساڵحو نوری مالیکی، وتەبێژی هاوپەیمانییو پەرلەمانتاری پارتی ئاشکرایکرد؛ ئاگاداری وردەکاریی ئەو کۆبوونەوەیە نینو تەنیا ئـەوە نەبێت لە کۆبوونەوەی وەفـدی هەرێم لەگەڵ پەرلەمانتارەکان لەسەر زۆر بابەت بەرچاوڕوونییان وەرگرتووە.

لـە وەڵامــی ئـەو پـرسـیـارەی هیچ ڕێککەوتنێکی نووسراو لەسەر پرسی بودجەو نەوت لەنێوان حکومەتی هەرێمو ناوەند بوونی هەیە، موئەیەد تەیب، وتی: «راستە پێویستە ئەو ڕێککەوتنە بە نووسراو بێت، بەڵام هەموو شتێک هەر بە نووسین نابێت، ئەوەی هەیە مەحزەری کۆبوونەوە ئەو باسانەی تێدا یاداشتکراوە، دەبێت ئێمە ئیش لەسەر ئەوە بکەین پردی متمانەی هەرێمو حکومەتی فیدراڵیی بەهێز بکەین».

خالی نارەزایی پەرلەمانتارە کوردەکان لە پرۆژەیاسای بـودجـەی عـێراقی، مادەی (ب)ی بەندی یەکە، کە تێیدا هەرێمی کوردستانی مولزەمکردووە بە ناردنە دەرەوەی (١٥٠) هــەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، بەڵام بەپێی لێدوانی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم بۆ سایتی خەندان-ی نزیک لە بەرهەم ساڵح، هەرێم مولزەم نییە بە ناردنەدەرەوەی ئەو بڕەو یەکێک لە تێبینییەکانی وەفدەکە ئەو خاڵە بووە.

لای خـۆیـەوە، بـایـەزیـد حـەسـەن، پەرلەمانتاری گـۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد؛ ئەگەر ڕێککەوتنی نێوان وەفدی هەرێمو ناوەند نووسراو نەبێت، بێگومان زەمانەتی کەمە، ئەگەر بڕی هەناردەکراویش لە (١٥٠) هەزار بەرمیلەوە کرابێت بە (١٠٠) هەزار، ئەوەش هیچ دەستکەوت نییە، چونکە حکومەتی عێراقی لە ساڵی (٢٠١٠) بڕیاربوو زیاتر لە دوو ملیۆنو سەد هەزار بەرمیل بنێرێتە دەرەوە، بەڵام بە گشتیی ملیۆنێکو نۆ سەد هەزاری ناردووە، واتە نەگەیشتووەتە دوو ملیۆن، با بڵێین هی کوردستانیش (١٥٠) هەزار نەبێت، (١٠٠) هەزار بەرمیلە.

ئەگەرچی بەرهەم ساڵح، رایگەیاندووە؛ لە کۆنووسی هــەردوولادا بڕیار دراوە موستەحەقاتی هەموو کۆمپانیا نەوتییەکانی بواری نەوت لە هەرێم لە کاتی خۆیدا لە لایەن بەغداوە سەرف بکرێت، بەڵام بەپێی قسەی شارەزایانی ئەو کەرتە تەنیا ئەو کاتە ئەو مافە بۆ کۆمپانیاکان دەگەڕێتەوە کە وردەکاریی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بۆ بەغدا ئاشکرا بکرێت.

بایەزید حەسەن، وتیشی: «حکومەتی بەغدا مولزەمە بە سەرفکردنەوەی تێچوونی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم، بـەڵام ئایا حکومەتی هەرێم ئامادەیە وردەکاریی گرێبەستەکان بداتە بەغدا، چونکە حکومەتی ناوەند لە (٢٠٠٧)ەوە داوای ئەو گرێبەستانە دەکات، هەر کاتێک ئەو گرێبەستانە بگات، بێگومان ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، واتە ئەم خاڵەش هیچی نوێی تێدا نییە».

ئەم بۆچوونانە تێکڕا، ئاماژە بە لایەنە جیاوازەکانی سەردانەکەی وەفدی هەرێم دەکـەن بۆ بەغدا، تەنانەت لەناو لیستی هاوپەیمانییو پەرلەمانتارانی پارتیو یەکێتی بۆچوونی جیاواز دروستبووە، ئەگەر یەکێتییەکان ئاماژە بە سەرکەوتنی ئەجێندای سەردانەکە بکەن، پەرلەمانتارە پارتییەکان تێپەڕاندنی بودجە بە پێوەری سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی وەسف دەکەن.

مـوئـەیـد تـەیـب، وتـەبـێـژی لیستی هاوپەیمانیی، وتــی: «ئاساییە لەنێوان پەرلەمانتارەکانی هاوپەیمانیی کوردستان، خەڵکی رەشبینو گەشبینمان هەبێت، بەڵام لە راستیدا هێشتا زووە حوکم لەسەر سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بدرێت، با بوەستین تا خوێندنەوەی دووەم بۆ بودجە دەکرێتو دوای دەنگدان لەسەری دەتوانین بڵێین؛ سەرکەتوو بووە، یان نا».

# (٣) مانگە بودجەی (٢٠١١) دواکەوتووە

# حکومەت پابەندە بە «نەریتی» دواخستنی بودجەوە

**راپۆرتی: سەنگەر جەمال**

ناردنی بودجەی ساڵی (٢٠١١) لە لایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە (٣) مانگ دواکەوتووە لە وادەی دیاریکراوی خۆی، بە بڕوای چاودێرانو پەرلەمانتارانیش ئەو دواکەوتنە زیان لە پرۆژەکانو سەرمایەگوزاریی هەرێمی کوردستان دەدات.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت حکومەتی هەرێم ساڵانە بودجەی خەمڵێنراو لە سەرەتای مانگی (١١) بنێرێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێتو پەسەند بکرێت، بەڵام دواکەوتنی بودجە بـووەتـە نـەریـتو هیچ ساڵێک نییە بودجە لە وادەی دیاریکراودا بگاتە پەرلەمان، بە شێوەیەک ساڵی رابردوو کە لە ناوەڕاستی مانگی (١) دا پرۆژەکە نێردرایە پەرلەمان وەک دەستکەوت تەماشاکرا.

ئیسماعیل گەڵاڵی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ساڵانە ناردنی بودجەی خەمڵێنراو بۆ پەرلەمان دوادەکـەوێتو پێیوایە؛ ساڵی رابـردووش کە لەو کاتەدا نێردراوەو بەراورد بە ساڵانی پێش خۆی، کەمتر دواکـەوت بۆ ئەوە بووە حکومەت «تازە هەڵبژێردرابوو» بۆ ئەوەی مولتەزیمیی خۆی بسەلمێنێت.

بەپێی ڕێژەی (١٧٪)ەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە داهاتی عێراق، ساڵی رابردوو بودجەی پەسەندکراوی هەرێمی کوردستان (١١) ترلیۆنو (٤٣٢) ملیارو (١٧٦) ملیۆن دینار بوو، بەڵام ئەمساڵ ئەگەری کەمکردنەوەی ئەو بڕە بودجەیە لە ئارادایە بۆ (١٢٪)ی بودجەی عێراق، ئەوەش کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی پرۆژەو خەرجییەکان لە کوردستاندا بۆ ساڵی (٢٠١١)، بەڵام هێشتا بڕیار لەوە نـەدراو لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی عێراق لە ئەنجومەنی نوێنەران دوای گفتوگۆ ئەو ڕێژەیە پەسەند دەکرێت.

لە بـارەی دواکەوتنی بودجەی ساڵی (٢٠١١)شـــەوە، کـە تائێستا حکومەت نەیناردووە، گەڵاڵی پێیوایە؛ لەسەر ئەرزی واقیع کێشەکە لەوەدایە داهات بەدەست کوردەوە نییەو لە بەغداوە بە سلفە دێتو بۆ رۆژنامە وتی: «ئەمساڵ گرفتەکە زیاتر لەبەر ئەوەیە هێشتا بودجەی کوردستان یەکلایی نەبووەتەوە بە هۆی کێشمەکێشمەکانی بەغداوە، بەتایبەت لەناو بودجەی عێراقدا فەرزکراوەو هەرێمی کوردستان رۆژانە (١٥٠) هـەزار بەرمیل نـەوت بفرۆشێت، ئەگەر نا وەک سزایەکی ئابووریی دانراوەو لە بودجەکەی دەبڕن، بۆیە تا ئەوە یەکلایی نەبێتەوە بڕوام وایە ناتوانن بودجە بنێرنە پەرلەمانی کوردستان».

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بەوەش دەکات؛ ئەگەر ئەمساڵ ئـەو پـاسـاوەش هەبێت ساڵانی رابردوو نەبووەو بودجەش هەر دواکەوتووە، وتیشی: «ئەمساڵی لێدەرچێت کە تا رادەیەک کێشەکە سیاسییەو پەیوەندیی بە بەغداوە هەیە، بەڵام بودجە لە کوردستان هەمیشە دواکەوتووەو وەک مافی خەڵک سەیر نەکراوەو بە میزاجی حیزب تەعامولی لەگەڵ کـراوەو چـۆن ویسترابێـت، وا دارێژراوە».



هیچ ساڵێک حکومەت لەکاتی خۆیدا بودجەی نەناردووەتە پەرلەمان

فۆتۆ: ئینتەرنێت

لەلایەکی دیکەوە، د.محەمەد رەئوف، مـامـۆسـتـای ئـابـووریـی لـە زانـکـۆی سلێمانی، هۆکارێکی دواکەوتنی بودجە بە کەمتەرخەمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەقەڵەم دەداتو پێیوایە؛ بە ڕێکوپێکی کارەکان بەڕێوە ناچێتو «پەرلەمانیش رۆڵی خۆی نابینێت بە باشی».

هەروەک بۆ رۆژنامە ئەوە دەخاتە روو؛ کە هەندێک دۆخ هەیە خۆی دەسەپێنێت وەک پەسەندنەکردنی بودجە لە بەغداش کە پەیوەندیی بە پێکهێنانی حکومەتەوە هەبووەو بودجە نەبراوەتە پەرلەمان، دەبێت تەقدیری ئەو بودجەیە بکرێتو تا لە بەغدا دیاریی نەکرێت نازانرێت بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان چەندە.

بـە بـڕوای پـسـپـۆڕانو چـاودێـران دواکەوتنی ساڵانەی بودجە کاریگەریی خراپی دەبێتو وادەکـات پرۆژەکان لە کاتی خۆیاندا جێبەجێ نەکرێنو ئەو پلانە سـاڵانـەیـەی هەیە بـۆ سێکتەرە جۆربەجۆرەکانو دامەزراندنی کارمەندو ژێرخانی ئابووریيو سەرمایەگوزاریی گرفتی تێبکەوێت.

مامۆستاکەی زانکۆ لەو رووەوە دەڵێت: «دواکەوتنی بودجە کاریگەریی لەسەر پلانو دواکەوتنی پرۆژەکانو سەرمایەگوزاریی دەبێت».

هــەروەک گـەڵاڵـی، روونیدەکاتەوە؛ کـە دواکـەوتـنـی بـودجـە کاریگەریی زۆر خراپی هەیەو بەوپێیە پرۆژەکان دوادەکەوێتو پرۆژە ئیستیسمارییەکانو ژێرخانی ئابووریی گرفتی تێدەکەوێت، وتی: «دواکەوتنی بودجە بەو شێوەیەی کوردستان، مانا بۆ پلان ناهێڵێتەوە».

ئەندامێکی (م.س)ی کۆمەڵ: تا بۆمان بکرێت دژایەتیی دوو پرۆژەکەی ئاسایش دەکەین 6

# مەترسییەکی گەورە، بەڵام دواخراو


ئازاد چالاک

یەکێک لەو کێشە گەورەو مەترسیدارانەی کە چاوەڕێی ڕووبەڕووبوونەوەو تەقینەوە دەکات لە هەرێمی کوردستان، کێشەی ئەو هەڵاوسانە کارگێڕییەیە کە لە دامودەزگاکانی هەرێم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون‌و گەورەبوونە، بە جۆرێک کە کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی لەگەڵ خۆیدا نائومێدیی چاکسازیی لە هەیکەلی ئابووریی هەرێم قووڵتر بکات‌و بـەردەوام ئەم شێواوییە لە پەیوەندییە کارگێڕیی‌و ئابوورییەی هەرێم، ببێتە مایەی وەبەرهێنانی بێکاریی ئاشکراو بێکاریی دەمامکدراو، یاخود شاراوە، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاڵۆزترو مەترسیدارتر دەکات.

بودجەی بەکاربەری ساڵی (٢٠٠٧) گەیشتە ڕێژەی (٦٥-٧٠٪) لە بودجەی گشتیی‌و لە هەموو وڵاتانی دنیا بێ جیاوازیی، شارەزایانی بواری ئابووریی‌و دارایی لە هەوڵی ئەوەدان جۆرێک لە هاوسەنگیی لەنێوان داهات‌و خەرجییەکان بهێننە کایەوەو بودجەی بەکاربەر لەچاو بودجەی پەرەپێدانی وەبەرهێنان کەمبکەنەوە، ئەگەر بودجە کورتی هێنا، پەنا دەبەنە بەر قەرزکردن لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان، یان بۆ بانکی نێودەوڵەتیی کە یەکەمیان، مەرجدارو بە قازانجی جۆراوجۆر دەدرێت‌و دووەمیان، کە بانکی نێودەوڵەتییە دەبێت ڕەچاوی مەرجە دارایی‌و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بکرێت، لەوانە: هەنگاونان بەرەو چاکسازیی کارگێڕیی‌و ئابووریی‌و سیاسیی‌و بازاڕی ئازادو لابردن‌و کەمکردنەوەی ئەو بڕگانەی کە پەیوەندییان بە دەعمی نرخی سووتەمەنی، یاخود بەشە خۆراک هەیە بۆ بژێویی هاوڵاتییە کەمدەرامەتەکانیان‌و لەبری ئەوە نەخشەو ڕێنمایی پێشکەش بەو وڵاتانە دەکەن بۆ چۆنیەتی دەرباز بوون لە کێشەو گرفتە کارگێڕیی‌و ئابوورییەکانیان.

ئەگەر سەرپێیانە ئاوڕێک لە هۆکارەکانی ئەم کێشەیە بدەینەوە، ناتوانین فاکتەرە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە نەبەستینەوە، چونکە هەموویان پەیوەندیی ڕاستەوخۆو کاریگەرییان بە یەکترەوە هەیە.

هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق‌و سیاسەتی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی، هەتا دەگاتە حوکمی خۆماڵیی کوردیی کە نەیتوانیوە هەتا ئەمڕۆ بەرژەوەندییە حیزبییەکان لە بەرژەوەندییە گشتیی‌و کارگێڕیی‌و ئابوورییەکان لە یەکتر جیابکاتەوەو پرسی داهات‌و خەرجی‌و پێکهاتەکانیان‌و چۆنیەتی کۆکردنەوەو خەرجکردنیان قەیراناویی‌و ناشەفاف بووە، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانیی کوردیدا کارەساتێک بەسەر ژیانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەدا هاتووە، زۆر گەورەترو خراپترە لە سیاسەتی ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا کە جەنگ‌و ماڵوێرانیی‌و چۆڵکردنی دێهاتەکانی کوردستانی بۆ بەجێهێشتین‌و حوکمڕانانی کورد هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە کەوتنە ئاودیوکردنی کارگەو ئامێرە گرنگ‌و پڕ بەهاکانی وڵات‌و سەرەتای هەڵاوسانی کارگێڕیی‌و دامەزراندنی بەلێشاوی دۆست‌و لایەنگرانی حیزبەکانی بەرەی کوردستانیی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، بێ ڕەچاوکردنی مەرج‌و بنەما سەرەکییەکان وای لە هەرێمی کوردستان کرد، کە ببێتە کۆمەڵگەیەکی ئیستهلاکیی گەورەو هەموو ئەو دەرگایانەشی بەسەر خۆیدا داخست کە بە هۆیەوە بتوانێت چارەسەری کێشە کارگێڕیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم بکات، ئێستا لە سایەی سیاسەتی هەڵەو نازانستی حکومڕانانی کوردیدا هەرێم بەجۆرێک گیرۆدەی قەیرانی کارگێڕیی‌و ئابووریی کراوە، کە چاککردنیان نزیکبووەتەوە لە ئەستەم.

ئەمڕۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان کە حکومەت بەڕێوەدەبەن بەرامبەر ئەم کێشەیە دۆش داماون‌و نازانن چۆن چارەسەری بکەن‌و بەردەوام لەبیری خۆیانی دەبەنەوەو دوای دەخەن.

* بەرزترین ڕێژەی بێکاریی ئاشکرا لە دنیادا بە (٢٠٪) دانراوەو ڕێژەی بێکاریی ئاساییش لە(٤-٥٪)ی هێزی کارە.

لەنێوان سـاڵـەکـانـی(١٩٩٠-٢٠٠٥) ڕێـژەی ساڵانەی بێکاریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٦٪)و لە یەکێتی ئەوروپا لە (١٠٪) کەمترو لە وڵاتێکی وەک یابان لە (٤٪) بووە.

وەزارەتی پلاندانانی عێراق ڕێژەی بێکاریی ئاشکرا بە لە (٢٨٪) داناوەو دەسەڵاتی ئەمریکاش لە عێراق ساڵی (٢٠٠٤) بە لە (٣٠٪)، هەروەها یەکێک لە پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوە ئەو ڕێژەیەی لەنێوان (٣٠-٤٥٪) ئەژمار کردووەو ڕاپۆرتێکی لەمەڕ بژێویی لە عێراق کە لەلایەن (UNDP)و (cosit)و پەیمانگایەکی نەرویجی (fafo) ساڵی (٢٠٠٤) ئامادەکراوە باس لە دوو ڕێژە دەکات، یەکێکیان (١٠,٥٪)و ئەوی تریان (١٨,٤٪).

زانکۆی سلێمانی ساڵی (٢٠٠٦) لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی ئەنجامداوەو ڕێژەی بێکاریی شاراوەی لە دامودەزگاکانی حکومەت بە (٥٦٪) خەمڵاندووە.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی زانکۆکانی کوردستان ڕێژەی بێکاریی لەناو گەنجانی کوردستان (تەمەن ١٥-١٩ ساڵ- نێرو مێ) گەیشتووەتە (٧٧,٥٪).

بەپێی ئەو ئامارانەی سەرەوە زۆرترین ڕێژەی بێکاریی شاراوە دامودەزگاکانی کـارگێڕیی گشتیی دەگرێتەوە، هەروەها کەرتەکانی بەرگریی هەرێم کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە زیاد لە یەک ملیۆن کارمەندی تێپەڕاندووە.

دیسانەوە ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە سێ کەرتی گرنگ بدەینەوە کە هۆی چارەسەرکردنی کێشە ئابووریی‌و کارگێڕییەکانی کوردستانە، دەبینین کەرتی کشتوکاڵ سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەو ئامادەیپە کشتوکاڵییەکانی هەرێم کە دوای دەرچوون کاریان دەست ناکەوێت، لە حاڵەتی نیوە مردوودایەو چۆڵکردنی دێهاتەکان‌و دامەزراندنی گوندنشینەکان وەک پ.م و پۆلیس‌و ئاسایش‌و حەرەسی دارستان‌و.... هتدو نەبوونی نەخشەی تۆکمە بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەم کەرتە باڵی نائومێدیی دروستکردووەو هاوردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵیی وڵاتانی دراوسێ ئەوەندەی تر ئەم لایەنەی ئیفلیج کردووە.

لە کەرتی پیشەسازیشدا زۆربەی یەکە وەبەرهێنەکان لەکار کەوتوون، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە تەنیا لە شاری هەولێر لە ساڵی (٢٠٠٤) (٣٦١) یەکەی پیشەسازیی لە کارکەوتوون، هەروەها بەپێی ئامارێکی مەیدانیی لە پارێزگای سلێمانی کەرتی پیشەسازیی ساڵی (١٩٩٠) لە (٤,٧٪) ساڵی (٢٠٠١) دابەزیوە بۆ (٣,٧٪)، جگە لەم ژمارانەی کەرتی گشتیی کەرتی تایبەتیش لە (١٢٤٣) کارگەوە ساڵی (١٩٩٠) دابەزیوە بۆ ( ١١٥٧) کارگە لە ساڵی (٢٠٠١)دا، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبوایە ئەم ژمارانە زیادیان بکردایە، نەک کەم.

کەرتی بازرگانیش حاڵی باشتر نییە، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی هەرێم بانگەشەی بازاڕی ئازاد دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی کەرتی بازرگانیيان مۆنۆپۆڵکردووە، بازاڕەکانی کوردستان توخمی بازاڕی ئازادیان ونکردووە، کە بریتییە لە: نزمیی نرخ‌و بەرزیی کواڵیتی، بۆیە بەم شێوەیە ئەم کەرتەش بووە بەهۆی هەڵلووشینی بەشێکی زۆر لە دراوەی قورس‌و هەڵاوساندنی نرخ.

*** سـەرچـاوەی ئـامارەکان لە (البطالة فی اقلیم کردستان)، د.هۆشیار مەعروف محمد کریم محمد، وەرگیراوە**

## مەترسیەکان لەسەر پرۆژەیاسای ئاسایش فراوانتر دەبێت

# «دروستکردنی حکومەتە لەناو حکومەتدا»

راپۆرتی: سەنگەر کوردە

**هەردوو پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش‌و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، نیگەرانیی دروستدەکات‌و پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئاماژە بە مەترسییەکانی دەکەن‌و پێیانوایە؛ «چەند مەترسییەکی هەیە لەسەر ژیانی هاوڵاتییان، جگە لەوەی شەرعیەتدانە بە دوو دەزگای حیزبیی».**

سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی هەردوو پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم‌و دەزگای ئاسایشی هەرێمەوە کـــە پـرۆژەکـە لەلایەن (پارتی‌و یەکێتی)یەوە ئامادەکراوە، هەوڵی کۆنترۆڵکردن‌و چاودێریی خستنەسەر ژیان‌و ئازادیی هاوڵاتیان‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکان دەدات.

ئـەو پرۆژەیاسایە کە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نـووسـراوی ژمـارە (٢٩٣٧) لە ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٥ ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بە مەبەستی بڕیارلەسەردان‌و کردنی بە یاسا، بە لای چـاودێـران‌و شارەزایانی ئاسایشەوە هەردوو پرۆژەکە چەندین مادەو بڕگەی مەترسیداری لەخۆگرتووە.

### بەیاساییکردنی دەزگای حیزبیی

بە بـڕوای چـاودێـران‌و پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، ئەو پرۆژەیە بە یاساییکردنی دەزگاکانی حیزبە «کە لەو ڕێیەوە بودجەیان لە سامانی گشتیی بۆ تەرخاندەکرێت‌و چاودێر دەکرێن بەسەر جومگەکانی حکومەت‌و ژیانی هاوڵاتییاندا».

بە بڕوای سەمیر سەلیم، پەرلەمانتاری لیستی یـەکـگـرتـوو، وتــی: «بـەپـێـی ئەو پرۆژانەی لە لایەن حکومەتەوە نێردراونەتە پەرلەمان، دەزگاکانی هەواڵگریی‌و ئاسایش بە مۆرکی حیزبیبوونیانەوە دەبنە بەشێک لە دەزگاکانی دەولــەت، لە کاتێکدا دەبێت لەپێشدا وەک دەزگایەکی دەوڵەت ناسنامەیان دیاریبکرێت‌و تەشکیل بکرێن‌و هەموو هاوڵاتییەک بتوانن تێیدا ببنە ئەندام بەبێ ڕێگریی حیزبیی‌و سیاسیی، بەڵام ئەوەی هەیە پێچەوانەیەو بە فەرمیکردنیانە بە سروشتە حیزبیبوونەکەیانەوەو کورتکردنەوەی ئیشەکانیانە بەپێی ئەزموونەکانیان‌و تایبەتبوونیان بە حیزبێکی دیاریکراوەوە، کە ئـەوەش یەکگرتنەوەی پێناڵێن، بەڵکو درێـژکـراوەی ئـەوەی ڕابـردووە کە هەیە، ئەوەش مەترسیدارەو قبوولکراو نییە.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کـۆمـەڵ، ڕەخـنـەی ئـەوە دەگـرێـت بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلێنە یاساییەی هەبووە، پێشتر پرۆژەیاسایەکیان بە واژۆی زیاتر لە (١٠) پەرلەمانتار پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە، وتی: «پێشنیازمان کردووە وەزارەتـێـکـی ئاسایش دابنرێت‌و سـەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت کە بێلایەن بێت‌و خەڵکانی حیزبیی تێیدا جێی نەبێتەوە، بەتایبەت لەناو سلکی وەزارەتەکەدا».

هەروەک بورهان ڕەشید، پەرلەمانتاری گۆڕان، هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەو پێیوایە پرۆژەیاساکان شەرعیەتدانە بەوەی هەبووەو ئەو کارانەش کە لە داهاتوودا دەیکەن، وتیشی: «ئەو دەزگا ئەمنییانەی هەیە سەر بە یەکێتی‌و پارتین، چونکە هیچ کەسێکی بێلایەن‌و حیزبەکانی تر ئەندام نین لەناو دەزگاکانی ئاسایش‌و پاراستن‌و زانیاریدا، بۆیە ئەوانە دەزگای حیزبین».

### دوو ئیدارەیی

دابەشکردنی دەزگاکانی ئاسایش بە بڕوای چاودێران‌و پەرلەمانتاران، هەمان سیستمی دوو ئیدارەیی‌و (٥٠ بە ٥٠)یە، چونکە دەزگای ئاسایش سەر بە یەکێتی دەبێت‌و ئەنجومەنی ئاسایش سەر بە سەرۆکی هەرێم دەبێت.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ، دەڵێت: «ئێمە پێمانوایە ئەو دوو پرۆژەیاسایە بەیەکەوە هاتنیان مانای دوو ئیدارەیی‌و دەسەڵاتی دوو حیزبیی‌و (٥٠بە٥٠) دەگەیەنێت، هەموو ئـەوانـەش لای ئێمە ڕەتکراوەیە، بەوپێیەی دەمانەوێت کوردستان هەرێمێکی یاسایی‌و دەستووریی بێت، نەک بەو شێوەیەی ڕابردوو چەند لایەنێک ببنە خاوەنی سەروەت‌و سامانی میللەت».

پەرلەمانتارەکەی یەکگرتووش پێیوایە؛ «دوو مەرجەع لەناو پرۆژەکە، دوو ئیدارەییە، کە سەرۆکی هەرێم بۆ ئەنجومەنی ئاسایش‌و دەزگـای ئاسایش سـەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران «ئـەوەش کێشەیە لە هەردوو پرۆژەکەدا».

هــەروەک د.زانـا ڕەئـوف، پەرلەمانتاری لیژنەی یاسایی، لەوبارەیەوە ڕایدەگەیەنێت، کە «پێشکەشکردنی پرۆژەکان هەردووکیان بەیەک شێوە هاتوون، وەک جۆرێک لە سەفقە دەردەکـەوێـت»، وتیشی «شەڕی ئێمە لەناو پەرلەماندا لەسەر یەکگرتنەوەی ئاسایش‌و کۆتاییهێنان بووە بە قۆناغی دوو ئیدارەیی، بەڵام بە پێچەوانەوە، کاتێک کە سەیری ئەو دوو پرۆژەیە دەکەین وەکو جۆرێک لە دابەشکردنی پۆست‌و بەیاساییکردنی پرسە حیزبییەکانی یەکێتی‌و پارتییە».

### سیستمی پۆلیسیی

بەپێی ئەو پرۆژەیاسایانەی ئاراستەی پەرلەمان کـراون، سیستمی چاودێریکردن دەبێتە سیستمێکی پۆلیسیی‌و ئەوەش بەرەو دیکتاتۆرییەت‌و حوکمی تاکڕەویی دەڕوات.

سەمیر سەلیم، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو و ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان، ڕەخنە لە هەردوو پـرۆژەیـاسـاکـەی ئەنجومەن‌و ئاسایش دەگرێت‌و پێیوایە؛ بۆ وڵاتێک ناشێن کە بیەوێت ئەزموونێکی دیموکراسی بنیات بنێت، بەوپێیەی سیستمی ئەو یاسایانە بە شێوەیەکە کە لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا هەیە «چونکە سیستمی تاکڕەوانەیە».

پێشیوایە مەترسییەکە لەوێدایە، بەپێی ئەو دوو پرۆژەیاسایە ڕۆچوون بە دامەزراوەکان‌و شەرعیەتی هەموو دەزگاکان لە ڕوانگەی ڕەزامەندیی ئەوانەوە دەردەچێت‌و «ئەوەش مەترسیدارەو وادەکـات سیستمەکە بکرێتە دەوڵەتی پۆلیسیی».

هەروەک بورهان ڕەشید ئاماژە بە زۆریی دەسەڵاتەکانی ئەو دەزگا ئەمنییانە دەکات بەپێی پرۆژەکەو پێیوایە؛ «ئەو دەوڵەتانەی دەسەڵاتدارانی هەرێم پێیدەڵێن دیکتاتۆر، دەزگا ئەمنییەکانیان هێندەی ئەم دەزگایانە سەڵاحیاتیان نییە».

لەو چوارچێوەیەدا شارەزایەکی ئەمنیی سەبارەت بە لایەنە مەترسییەکانی ئەو دوو پرۆژەیە وتی: مەترسیی ئەوە لە ئارادایە هەرێمی کـوردسـتـان هـاوشـێـوەی وڵاتـە عەرەبییەکانی ناوچەکە بـەرەو دەوڵەتێکی ئەمنیی ستەمکاریی هەنگاو بنێت، کە حیزبی دەســەڵات لە ڕێگەی تێپەڕاندنی یاسای خۆپیشاندان‌و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان‌و فشار خستنەسەر میدیای ئازادو بەحکومیکردنی دەزگا ئەمنییە حیزبییەکان ئەو هەنگاوە دەنێت».

شــارەزا ئەمنییەکە بە ڕۆژنـامـەی وت: «هەردوو پرۆژەیاسای ئەنجوومەن‌و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی تری دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردن‌و چاودێریکردن‌و سانسۆر خستنەسەر ژیــان‌و ئـازادیی هاوڵاتییان‌و ڕۆشنبیران‌و حیزب‌و ڕێکخراوە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان.

### حکومەت لەناو حکومەتدا

بەپێی پرۆژەیاساکە، ئەنجومەنی ئاسایش دەسـەڵاتـی دەبێت لە پاراستنی ئاسایشی ئابوریی هەرێم، پاراستنی سیستمی زانیاریی هەرێم، پاراستنی ئاسایشی گەیاندن، ئاسایشی فرۆکەخانەو دەروازە سنوورییەکان، پاراستنی ئاسایشی خۆراکی‌و تەندروستیی‌و ئاسایشی وزەو دەزگا ژیارییەکان‌و چەند لایەنێکی دیکە، ئەوەش بە بڕوای پسۆڕان‌و پەرلەمانتاران چوونە نێو ژیانی هاوڵاتییان‌و دەستبەسەرداگرتنی جومگەکانی دیکەی حکومەتە.

سەمیر سەلیم دەڵێت: «بەپێی پرۆژەیاساکان، ئەو دەزگایانە تەداخول دەکـەن لە هەموو جومگەکانی دەوڵەت‌و بوارێک نەماوەتەوە کە دەزگای ئاسایش‌و ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری خۆیانی تێدا زاڵ نەکەن، لەو کاتەدا هەموو بوارەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەبێت‌و ئـەوەش زۆر مەترسیدارە، چونکە بەو پێیە بێت بوارێک نەهێڵراوەتەوە بۆ دەزگاکانی ترو وەزارەتەکانی تری هەرێم».

بورهان ڕەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان لە لیژنەی یاسایی، ڕەخنە لە دوو پرۆژەیاساکە دەگرێت‌و دەڵێت: «دەبنە پارێزەری بنچینە یاسایی‌و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا ئەوە ئیشی هەموو تاک‌و حیزب‌و گرووپ‌و لایەنێکە، نەک لایەنێکی ئەمنیی، چونکە دەسەڵاتێکی زۆریان دراوەتێ‌و لەگەڵ پاراستنی دەزگا حەیەوییەکانی وەک پەرلەمان‌و دادگاکان‌و حکومەت، کە ئەوە ئیشی ئەوان نییە، چونکە پەرلەمان بەپێی مادەی (٩١)ی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێت دەزگایەکی ئەمنیی سەربەخۆ بیپارێزێت‌و قەزا دەبێت پۆلیس بیپارێزێت»، بۆیە هەمان بۆچوونی هەیەو پێیوایە؛ ئەگەر بەوشێوەیە بێت «دروستکردنی حکومەتێکە لەناو حکومەتدا».

بیلال سلێمان ئــەوە دەخـاتــەڕوو کە دروستکردنی ئەو دەزگایانە بەو فراوانییەو بەو دەسەڵاتە ڕەهایەی هەیە لە پرۆژەکاندا «دروستکردنی دەولـەتـە لەناو دەولـەتـدا»، دەوڵەتێکی عەسکەرتاریەتی ئەمنیی، کە دەسەڵاتەکەی لە سەروو دەسەڵاتی حکومەتە».

وتیشی: «ئــەوە گـەرانـەوەیـە بۆ وڵاتی ئـاسـایـش‌و پۆلیسیی، جگە لـــەوەی ئەو دەسەڵاتانەی بەو دەزگایانە دراوە دەتوانن بچنە ناو ژیانی هاوڵاتییانەوە، لە کاتێکدا ئەوانە دوو دەزگای حیزبین، ئەوەش خەتەرێکی گەورەیە کە دوو دەزگای حیزبیی بە یاسایی بکرێت‌و دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت، تەنانەت دەسەڵاتی بۆ وەزارەتەکان نەهێشتووەتەوە».

### فراکسیۆنەکان ڕەتیدەکەنەوە

سەمیر سەلیم لـەو ڕووەوە دەڵـێـت: «هەڵوێستمان بەندە بە دوا گۆڕانکارییەکانەوەو ئەگەر بەم واقیعەوە بێت، پێموانییە دەنگی لەسەر بدەین، ئەگەر گۆڕانکاریشی تێدا کرا، ئەوکاتە بەپێی گۆڕانکارییەکان بڕیار دەدەین».

لەلایەکی دیکەوە، بیلال سلێمان دەڵێت: «هەوڵدەدەین لە ڕووی یاساییەوە بڕوا بە هاوکارەکانمان بکەین لە پەرلەمان کە دوو پرۆژەیاسان بە نایاسایی هاتوونەتە ناو هۆڵی پەرلەمان، چونکە دەبوو ئەوەی ئێمە کە پێشتر پێشکەشمان کـردووە، پێشبکەوتایە، ئەگەر نەمانتوانی ئەوە بکەین، ئەو دوو پرۆژەیاسایە ڕەتدەکەینەوەو دژی دەوەستین‌و بەڵگەکانیش دەخەینە ڕوو، ئەگەر هـەر ڕەتـکـرایـەوە، بەدڵنیاییەوە بێدەنگ نابین‌و هەڵوێستیشمان دەبێت».

ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی کارا بێتو ئەندامانی ئەنجومەنیش ئەوە قبولناکەنو مەجبورنین لە دەزگایەکدا ئیشبکەن کە گاڵتەت پێبکەن، بۆیە بێگومان ئەم ئەنجومەنە شکلییو کارتۆنیی نابێت.

**ڕۆژنامە: مووچەی ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەندی چەندە؟**

* سێ ملیۆن دینارە.

**ڕۆژنامە: ئەی مووچەی ئەندامێکی سەرکردایەتییو مەکتەبی سیاسیی؟**

* لە ئێمە زیاتر وەردەگرن.

**ڕۆژنامە: ئێوە کە خۆتان بە پەرلەمانی حیزبەکەتان داناوە دەبێت ئاگاداربن کە مووچەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی، چەندە؟**

* ئاگادارین، بەڵام پێویست ناکات، بیڵێم کە ئەوەندەیە.

**ڕۆژنامە: دۆخی حیزبەکەتان چۆن دەبینیت لەدوای کۆنگرەوە ئایا گەشەی کردووە یان وەستاوە؟**

* من ئەندامی کۆنی ئەم حیزبەم، سروشتی ئیشکردنی ئەم حیزبەش بەباشی شارەزام، حەزم دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێک ئەندامە کۆنەکانی ناو گۆڕان کە کاتی خۆی پێکەوە کارمانکردووەو هاوڕێ بووین، ئەم واقیعەت لەگەڵ ئەواندا باسبکردایە کە ئێستا چۆنە، من ئەگەر ئیشی ئەنجومەنەکەشی لێبەدەربێت، ئەو جولەو گۆڕانەی لەناو یەکێتیدا دەیبینم، کەمجار بینیومە، لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەوەم نەبینیوە، ئێستا یەکێتی خەریکی بەخۆداچوونەوەیەو هەر لەمەکتەبی سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە شانەکانی خوارەوەی ڕێکخستن، ئەنجومەنەکەش چاودێریی هەمووی دەکات.

## ...ش دەکەین

قەناعەتمان پێی هەبوایە، دەبوایە ئێمەش بکشاینایەوە، ئۆپۆزسیۆنبوونیشی لە بەغدا، لەسەر کێشەی ڕێکنەکەوتن بووە لەسەرشێوازی وەرگرتنی وەزارەتەکان لەحکومەت عێراقی، یان یەکێتیو پارتیو مەرج نییە دەنگیشیان بەو شێوەیە ببیستریت، کاتێک ئەو نووسینانە دەنووسرێن کە ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئۆپۆزسیۆنی ئۆپۆزسیۆن بن، لەهامانکاتدا ڕۆژنامەی خەبات بەرەسمییو بەتوندییو زبرییو نابەجێو ناشایستە، وەڵامی مامۆستا عەلی باپیر دەداتەوەو دەڵێت، بۆچی بەو شێوەیە بەرگریی لە گۆڕان دەکات، ڕۆژنامەکانی خەباتو هەولێرو ئەو سایتانەی کە نزیکن لەهەولێرەوە، بەتوندیی لەدژی عەلی باپیر دەنووسن کە بەرگریی لە گۆڕان دەکاتو بەرگرییەک دەکات کە گۆڕان خۆیان نایکەن، لە هەمانکاتدا بەداخەوە، کەسانێک لەسەر گۆڕان حسابن، بەپێچەوانەوە، دەڵێن، کۆمەڵ بووە بە پاشکۆی یەکێتیو پارتی، ئێمە لەو نێوانەدا گیرمانخواردووەو برادەرانی گۆڕان دەڵێن، کۆمەڵ بووەتە پاشکۆی یەکێتیو پارتیو یەکێتیو پارتیش دەڵێن، کۆمەڵو بەتایبەت عەلی باپیر، بووەتە پارێزەری گۆڕان.

**ڕۆژنامە: لەپێکهێنانی حکومەتی عێراقدا، چەندین کێشە لەنێو ئیئتیلافە کوردییەکەدا دروست بوو، جێگری سەرۆکی پەرلەمان دیاریکراو پرستان پێ نەکرا، نەگەڕانەوە بۆ پەرلەمان وەک مەرجەع، تێڕوانینت بۆ ئەو کێشانە؟**

* پشتگوێخستنو شپرزەییو بێسەروبەریی، لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا هەیە، من باوەڕم بەو پرسەگورگانەیەش نییە لە پۆست دابەشکردندا.

**ڕۆژنامە: گرەنتی چییە بۆ دووبارە پەراوێز نەخستنتان لە بەغدا لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە بەتایبەت لە پێدانی پۆستدا؟**

* هیچ گرەنتییەک نییە، ئێمە بەپێی ئیستیحقاقی خۆمانو بەشداریمان لە ئیئتیلافەکەدا، دەبێت جگە لەو وەزارەتەی وەرمانگرتووە، هەر پۆستێکی تر هەبێت وەک مافی خۆمان بماندرێتی کە بەشداریی ئیئتیلافەکەمان کردووە، هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لەنێوانماندا لەوبارەیەو نەبووە.

### دڵشاد شەهاب ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی:

# سیستمی مەرکەزی ناو پارتی بەباش دەزانین

سازادانی: بەرزان عەلی حەمە

**دڵشاد شەهاب ئەندامی نوێی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەچەند پرسێکی هەنوکەیی ناوخۆی حیزبەکەی و بارودۆخی هەرێم، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازداوە.**

**ڕۆژنامە: نۆ کەس لە ئەندامانی خێزانی بەڕێز بارزانی، دوای کۆنگرەی (١٣) هاتنە سەرکردایەتی پارتی، هەندێ کەس ئەمەیان بە کۆنترۆڵکردنی حیزب لێکدایەوە لەلایەن بنەماڵەی بارزانی، تێڕوانینی تۆ چۆنە، ئایا خاوەندارێتی پارتی بۆ خێزانی بارزانی دەگەڕێتەوە؟**

* ڕەنگە ئەم پرسیارە بۆ من لە هەر کەسێکی تر ناخۆشتر بێت، منیش بە شانازییەوە کەسێکی بارزانیم، من بەش بە حاڵی خۆم وەکو شەخسیش لە غەیری قوربانیدان لەسەر کوردایەتی هیچ ئیمتیازاتێکی ترم لە بارزانیبوونی خۆمدا نەدیوەتەوە، زیاتر لە بیست شەهیدم هەیە لەناو بنەماڵەی خۆمدا، لەناو ئەوانەدا هەردوو باپیرمو باوکمو هەموو مامەکانم، لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە هەتا ئێستا یەک کەس لە بنەماڵەی من مردووە، کە دانیشتووین لە پرسەیداو خەڵک سەرەخۆشیی لێکردووین، ئەوانی تر هەمووی بزرو بێسەروشوێنن، لەناو پارتیدا ئەوەی کە پەیڕەوکراوە سیستمێکی هەڵبژاردنی کراوەبووەو زۆربەی ڕووداوەکانی ناو کۆنگرە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەهاتە دەرەوە، کەسێکی بارزانیش وەکو هەر ئەندامێکی تری کۆنگرە مافی ئەوەی هەبووە خۆی بپاڵێوێت، خەڵکی بارزانی هەبووە خۆی پاڵاوتووەو دەریش نەچووە، وەکو چۆن خەڵکێکی سلێمانی هەبووە خۆی پاڵاوتووە دەرچووەو یەکێکی تر خۆی پاڵاوتووە دەرنەچووە، ئەم بابەتەی کە باس دەکرێت لەناو پارتیدا هیچ بوونێکی نییە، زیاتر خەڵکانێک وەک بەشێک لە تانەدان لە پارتی بەکاری دەهێنن، نە جەنابی سەرۆک بارزانیو نە سەرکردایەتیی پارتیش پێی وانییە؛ وجودی پارتی لە بەهێزییو بێ هێزیی بارزانییەکاندایە، بەهێزیی پارتی لە هێزی جەماوەرەکەیدایە.

**ڕۆژنامە: باس لە ناکۆکیی نێوان مەسروور بارزانیو فازڵ میرانی دەکرێت لە میدیاکانەوە، هیچ یەک لەو دوو کەسەش ڕەتی ئەوە ناکەنەوە قسەیەکیش هەیە کە بێدەنگبوون دەبەستێتەوە بە ڕاستییەوە، کەواتە ناکۆکیی ئەو دوو کەسە لەسەر چییە؟**

* هەرچەندە من ئەزموونم کەمە لەگەڵ سەرکردایەتیی نوێی پارتی، چونکە تازە بوومەتە ئەندامی سەرکردایەتیی، بەڵام ئەوەی من لە کۆنگرەدا بینیم ڕەنگە بە ئاسانیی لە لای هەندێک کەس پێشبینی نەکرێت، کە بەو جۆرە گفتوگۆی ڕای جیاواز لەناو پارتیدا بکرێت، بۆیە مومکین نییە هەموو سەرکردایەتیی پارتی وەکو یەک بیربکەنەوەو بە دڵنیاییەوە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، ئەگەر منو تۆ لەم گفتوگۆ ڕۆژنامەوانییەدا نەفسی قسە بکەینەوە، شتێکی لێ بەرهەم نایەت کە لە ڕۆژنامە دایبەزێنێت، بۆیە شتێکی ئاساییە کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی دوو بۆچوونی جیاوازیان هەبێت.

**ڕۆژنامە: باشە پارتی لەم کۆنگرەیەدا چ گۆڕانێکی بەرچاوی لە سیاسەتیدا کردووە، بۆچی لە ڕووالەتدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو نابینرێت؟**

* کۆنگرە کۆمەڵێک لایەنی هەن، لەکاتی کاری لیژنەکاندا دوو لایەن زۆر کۆنترۆڵی کۆنگرەکەیان کردبوو، یەکێکیان پەیڕەوی ناوخۆی پارتییە کە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی حیزبەوە هەیەو کەمتر پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە، زیاتر پەیوەندیدارە بە ئەدای کاری حیزبییەوە، پارتی پێش کۆنگرە هەنگاوی باشی ناو خەڵکی پرۆفیشناڵ پەیڕەوەکەیان بۆ دانا.

**ڕۆژنامە: باشە دووبارەبوونەوەی هەندێ لە دەمووچاوەکانی پێشووی سەرکردایەتیی، ناکاتە ئەوەی کە گۆڕانی کەم لە پارتیدا ڕوویداوە لەدوای کۆنگرەوە؟**

* ئێمە موشکیلەی ئەشخاسمان نەبووە لەناو پارتی، بۆئەوەی بڵێین کەسەکان ڕێگر بوون لەبەردەم نوێبوونەوەی پارتی، پارتی هیچ کات لە مێژووی کاری خۆیدا ناکۆکیی جیاجیای تیا نەبووە، ئەو بەڕێزانەی کە ئێمە بە گەنجتر لەوان دادەنێت، لەکاتی خۆیدا ئەوانیش گەنجو بوونو بە گەنجی سەرکردایەتیی پارتی بوون، ڕەنگە پتر ئەم مەوزوعی ئەشخاسە لەوەوە هاتبێتە پێشەوە کە پارتی زیاتر لە (١١) ساڵە کۆنگرەی نەکرد بوو، ئەگەر بەپێی ماوەی یاسایی خۆی هەر چوار ساڵ جارێک کۆنگرەی خۆی بکردایە، دەبوو ئێستا ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی (٣٠)یەم بکردایە، گرنگ ئەوەیە کە من دەمەوێ بڵێم؛ پارتی کێشەی پەیڕەو و پرۆگرامی هەبووە، چونکە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی بۆ (١١) ساڵ لەمەوبەر دانراوەو کۆمەڵێک گۆڕانی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە، ئەگەر سەیری پرۆگرامی پارتی بکەیت تۆ دەبێت تۆزێک تەعەجوب بکەیتو بڵێیت؛ ئەم حیزبە چۆن بەڕێوە چووە، یان سەیری پەیڕەوەکەشی بکەیت پەیڕەوەکەش لەگەڵ ئەم قۆناغەدا نەدەگونجا.

**ڕۆژنامە: پێشتر بڵاوکرایەوە کە لە کۆنگرەدا سیاسەتی کرانەوە بە ڕووی حیزبەکانو ڕاگەیاندنەکاندا بڕیاری لەسەر دەدرێت، چۆن ئەم مەسەلەیە بڕیاری لەسەر دراوە؟**

* ڕەنگە ئەوە لێکدانەوەی خەڵک بێت لە مەوزوعی کرانەوە بە ڕووی میدیادا، هەر حیزبو دامەزراوەیەک سیستمی کاری خۆی هەیە کە پەیڕەوی دەکات، ئەم سیستمی مەرکەزیەتەی ناو پارتیش ئێمە بە شتێکی باشی دەزانینو باوەڕمان پێی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە ڕەنگە یەکێک لەو

> **تاکەکانی فراکسیۆنی گۆڕان زۆرجار لە ڕووداوەکانی دەرەوەی پەرلەمان بە ئاسانی دەبنە بەشێک لە ململانێی سیاسیی**

هۆکارانەی کە پارتی لەکاتی وتنو لێدواندا، لێدوانو وتنی پارتی میسداقییەتێکی زۆری هەیە، هەر گوتنێک کە لە سەرکردایەتیی پارتییەوە دەگوترێت، تەعبیر لە ڕای پارتییەکانو سیاسەتی پارتییەکان دەکات، ئەوە نییە کە ڕۆژێک وتنێک دەربچێتو دواتر لێدوانێکی تر دەربچێتو ئەوە ڕەتبکاتەوە، یان وتەبێژێک بێتو بڵێت ئەوە ڕای شەخسیی بووە، ئەم بەربڵاوی وتنو لێدواندانە لەناو پارتیدا نییەو ئەمەش مانای داخران نییە، بەڵکو مانای وتنێکە لەسەر بنەمایەک، بۆیە ئەم مەوزوعەی کە وا خەڵک پێیوایە؛ داخرانە، ئێمە پێمانوایە؛ بە دیراسە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕاگەیاندنو میسداقیەتیشە لەوتندا، خۆی کە تۆ دەڵێیت کرانەوە بە ڕووی ڕاگەیاندندا دەبێت پێشتر داخرانێک هەبووبێت، بۆیە ناوی کرانەوەی لێ دەنێیت، ئەم داخرانە نەبووەو بە تێڕوانینی ئێمە زیاتر لەو چوارچێوەیەدا بووە کە وتنێک بوترێت میسداقیەتی هەبێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە پارتی لە ئایندەدا زیاتر سنگی کراوە دەبێت؟**

* من بەو جۆرە نایڵێم کە لە پێشتردا سنگی کراوە نەبووبێت، بەڵام ڕەنگە قۆناغی ئێستا زۆرتر وابخوازێت کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ڕۆژنامەکان کراوەتر بێت لەپێش ئێستا.

**ڕۆژنامە: دۆخی تازەی سیاسیی هەرێم بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنەوە، بۆ هەردوولای دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن تازەیە، ئێوە کە دەسەڵاتتان بەدەستە، دەوترێت وەکو پێویست زەمینەیەکتان نەڕەخساندووە بۆ بەرجەستەبوونی دۆخێکی تەندروست کە هێشتا دۆخەکە گرژە؟**

* ئەمە تێڕوانینە، لایەنێک پێیوایە ئێمەی زۆرینە کە دەسەڵاتمان بەدەستە هۆکاری ئەوەین، منیش قەناعەتم وایە ئۆپۆزسیۆن هۆکاری ئەوەیە، جا ئیتر کێ یەکلایی دەکاتەوە نازانم، بەڵام پێموایە ڕەنگدانەوەی دوو هەڵبژاردن گەرموگوڕییو ململانێی پڕوپاگەندەکان بەداخەوە کاردانەوەیەکی بەسەر هەردوو لامانەوە هەبوو، هەوڵێکی زۆرماندا کە کاریگەریی ئەو مەسەلەیە بە ژیانی پەرلەمانییەوە نەهێڵین، من بە بەڵگەوە ئەمە دەڵێم؛ کە زۆر هەوڵماندا لەگەڵ برادەرانی فراکسیۆنی گۆڕان، کە بەشداریی لە سەرۆکایەتیی لیژنەکانی ناو پەرلەماندا بکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر پێداگریی لەسەر لیژنەیەک هەموو شتێکیان ڕەتکردەوە، بە دیتنی من دەبوایە فراکسیۆنی گۆڕان ئەمە نەکات، من ئێستاش ئەمە دەڵێم؛ کە ئۆپۆزسیۆنبوون ئۆپۆزسیۆنی کاری حکومەتە، نەک سەرجەم دەزگاکانی ئەم وڵاتە، ناکرێت کە خۆت پێکهاتەیەکی گرنگی ناو پەرلەمانیت لەناو پەرلەمانیشدا، خۆت بە ئۆپۆزسیۆن ببینیت.

**ڕۆژنامە: پەیوەندیتان لەگەڵ گۆڕان لە چ ئاستێکدایە؟**

* بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر زاری سەرکردایەتیی پارتی ئەوەی ڕاگەیەندراوە کە بزووتنەوەی گۆڕان واقیعێکەو هەیەو شتێک نییە تۆ نەفی بکەیت، حیزب هەیە لەگەڵ پارتی ئینشیقاقی کردووەو دوای ماوەیەکی تر هاتووەتەوە ناو پارتی، پارتی هەر زوو هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر هێزێکی سیاسیی وەکو بزووتنەوەی گۆڕان نیشاندا، لە مامەڵەی فەرمیشدا یەکەمین مامەڵەی فەرمیی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردییەکاندا بووەو پارتی بەوپەڕی قبووڵەوە پاڵپشتی لێ کردووە، چونکە گۆڕان خاوەنی چەندین کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، خاوەنی هێزێکی بەرچاوە لە پەرلەمانی عێراق، بۆیە مومکین نییە ئێمە بە پێچەوانەی واقیعەوە بیر بکەینەوە، سەبارەت بە ئاستی پەیوەندییەکانیش، پێموایە؛ بە هۆی نەبەستنی کۆنگرەو دیار نەبوونی پەیکەری مامەڵەکردن لەگەڵیدا یەکێک لە هۆکارەکان بێت بۆ شێوازی پەیوەندیکردنەکە، من بەش بە حاڵی خۆم تائێستاش دابەشبوونی ئیشەکان لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا نازانمو ڕەنگە کارێکی ئاساییشە کە نایزانم، چونکە هەندێ خەڵک لەناو بزووتنەوەی گۆڕانیشدا ڕەنگە ئەمە نەزانێت، ئەوەی کە من بە برادەرانی گۆڕانیشم وتووە ئەوەیە؛ کە تاکەکانی فراکسیۆنی گۆڕان زۆرجار لە ڕووداوەکانی دەرەوەی پەرلەمان بە ئاسانی دەبنە بەشێک لە ململانێی سیاسیی، بۆ نموونە کاتێک ڕووداوێک، یان گژییەکی سیاسیی لەدەرەوەی پەرلەمان ڕوودەدات، پەرلەمانتارەکانی گۆڕان سەرمەشقی ئەو هەڵچوونە دەبن، واتە پێش ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر مەسەلەکان بەجواب بێنو هەڵوێستی بزووتنەوەکە پیشان بدەن، پەرلەمانتارەکان خۆیان دەست پێشخەر دەبن تێیدا، من کە ئەندامی پەرلەمانم هەوڵدەم تا دەکرێت لە کێشە سیاسییەکانی پارتیدا شتەکان جێبهێڵم بۆ کەسانی لە من پێشتر، بەڵام پەرلەمانتارەکانی گۆڕان سیاسەتەکەش دەکەن، بەڵگەی ئەمەش دیارە، بۆ نموونە ئێمە ویستمان کارەکانی پەرلەمان بە لیژنە بکەین، بەڵام ئێستاش فراکسیۆنی گۆڕان کارەکانی خۆی بە فراکسیۆن دەکات.

**ڕۆژنامە: نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاند یەکێتیو پارتی داوای دانیشتنیان لێکردوون، چ پێشهاتێکی تازە لەو بارەیەوە هەیە؟**

* من ئاگاداری ئەم داوایە نیم، بەڵام ئێمە وەکو پارتی، فیعلەن بەرنامەیەکی با بڵێم کرانەوەمان لەگەڵ هەموو شوێنو لایەنەکان هەیە، چونکە من ئەمەم زۆر بە بەرجەستەیی لەناو کۆنگرەدا هەست پێکرد.


دڵشاد شەهاب

**ڕۆژنامە: لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتنی ستراتیژیتان هەیە، ئایا ئەگەر یەکێتی پەیوەندیی لەگەڵ گۆڕان هەبێت، پێویستە ئێوە ئاگاداربکەنەوە لە بوونی پەیوەندیی لەو شێوەیە؟**

* لە ڕێککەوتنی ستراتیژیدا دانیشتن لەگەڵ حیزبەکانو پەیوەندیی لەگەڵیاندا باسی لێوە نەکراوە، زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکاندا ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە دانیشتن لەنێوان یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕاندا هەبووە، ئێمەش هیچ نیگەرانییەکمان دەرهەقی ئەوانە نەبووە، زۆریش ئاساییە یەکێتی پەیوەندیی لەگەڵ گۆڕاندا هەبێتو پارتیش ئەو پەیوەندییەی هەبێت، لە پێناسەی مامەڵەکردنی ئێمەدا گۆڕان شتێک نییە کە ڕێگریی لەبەردەمی ئەوەدا هەبێت، ناکۆکیی دروست بێت لە ڕێککەوتنی ستراتیژیدا، بەڵام هەر لەپێش هەڵبژاردنەکانەوە بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند: کە وەک ئۆپۆزسیۆن کار دەکەن، ئەگینا لە تەشکیلەی حکومەتدا مفاتەحەی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەکراو وابزانم کراش.

**ڕۆژنامە: سەعدی پیرە، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا دەڵێت؛ پارتی هەقی ئەوەی نییە بە پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ گۆڕان سەغڵەت بێت؟**

* پارتی هیچ سەغڵەت نییە، بۆ نموونە یەکێک لە مەسئولییەتەکان کە سەرۆکی هەرێمە لای جەنابی سەرۆک بارزانییە، کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، ئیستقراری وەزعی کوردستانیش یەکێک لە ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەو ئیستقرارەش بەوە دێتە بوون کە هەموو هێزەکان پەیوەندیی باشیان پێکەوە هەبێت، کەواتە ئەگەر ناجێگیربوونێک لە پەیوەندییەکانی یەکێتیو گۆڕانیشدا هەبێت، وەزعی کوردستان بە بۆچوونی ئێمە شڵەژانی لێ دروست دەبێتو ئێمەش لەوەدا زیان دەکەین، چونکە سروشتو تەکوینی پارتی وا دەخوازێت کە لە کەشو هەوای ئارامو سەقامگیردا زیاتر گەشە دەکات تا لە کەشو هەوای ئاڵۆزدا.

**ڕۆژنامە: یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ناونراوە یاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندان، نارەزاییو خۆپیشاندانی خەڵک لەسەر ئەو یاسایە ئێوەی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە پێویستە یاساکە هەموار بکرێتەوە؟**

* کاتێک ئێمە یاسامان ڕێکخستووەو دەسەڵاتی دادوەریمان هێناوەتە ناو مەسەلەکە، بۆ ئەوەی کە خەڵک شعور بە دڵنیایی بکات کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک لە پلەو پایەیەکی حکومیشدا ویستی ئەو خۆپیشاندانو مومارەسەی دەسەڵاتە لە بەرژەوەندییو خواستی میللەت بەکار نەیەت، گرەنتییەکی تر هەیە بۆ میللەت ئەویش بەشدارییپێکردنی دەسەڵاتی دادوەرییە، بە بۆچوونی ئێمە پێویست ناکات هەموار بکرێتەوە، چونکە لە پیادەکردنەکەیدا کێشە نەبووە.

# سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی: بەدڵنیاییەوە ئەنجومەنێکی کارتۆنیی نابین



بەکری حاجی سەفەر

**سازدانی: ڕۆژنامە**

**سەبارەت بەئیش و کارو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هەشت مانگە دروستبووە، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بەکری حاجی سەفەر، سەرۆکی ئەنجومەنەکە سازداوە**

**ڕۆژنـامـە: وەک لەپەیڕەوی کارکردنی ئەنجومەنەکەتاندا هاتووە «پەرلەمانێکی شێوە حیزبییە»، گرنگیی ئەم ئەنجومەنە بۆ حیزبەکەتان لەچیدایە؟**

* مەبەست لەدامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە، بۆ چاودێریکردنی هەموو دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هاوکاریکردنی دەزگاکانییەتی بە مەبەستی ئەوەی تەکانێکی باشتر بدات بە یەکێتی، جگە لەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی لەم شێوەیە، ئەزموونێکی تازەیە لەناوچەکەشدا.

**ڕۆژنامە: چاودێریکردنی دامودەزگاکان بەتەنیا، یاخود لێپرسینەوەش؟**

* مافی لێپرسینەوەو چاودێریکردن و تێبینی لەسەر هەموو دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەری سەرەوە تا شانەیەکی خوارەوە.

**ڕۆژنامە: بەڵام بەپێی سەڵاحییەتەکانتان، دەسەڵاتتان بەسەر سکرتێری گشتیدا نییە؟**

* سکرتێری گشتیی، بەڕێز مام جەلال، خۆی سەرپەرشتی ئەنجومەنەکە دەکات، واتا پەیوەندیی ئۆرگانیکیمان لەگەڵ جەنابی مام جەلالدا هەیە.

**ڕۆژنامە: لە پەیڕەوەکەتاندا ڕوون نییە کە دەسەڵاتتان بەسەر کۆمیتەی سەرکردایەتیی و مەکتەبی سیاسیشدا هەبێت، کە ئەم دەزگایە سیاسەتی یەکێتی ڕەنگڕێژ دەکات؟**

* ئێمە دەسەڵاتی جێبەجێکردن نین، ئێمە بەدواداچوون بۆ ئیش و کاری کۆمیتەی سەرکردایەتی دەکەین بۆ خـوارەوەو هەر تێبینییەکمان لەسەر ئەدای سەرکردایەتیی یەکێتی و دامودەزگاکانی بێت، هەموویان پێدەدەین.

**ڕۆژنامە: تەمەنی ئەنجومەنەکەتان هەشت مانگە، چیتان کردووە تا کاریگەرییەکی واتان هەبووبێت کە دۆخی حیزبەکەتان باشتربکەن؟**

* ئێمە لـەدوای کۆنگرەی سێیەمەوەو لەسەرەتای مانگی حەوتەوە دەستبەکاربووین، ئـەو ئیشانەی کـردوومـانـن، لەسەرەتاوە هەیکەلی سکرتارییەت و دانانی پەیڕەو و هەروەها کۆمسیۆنەکانمان دیاریکردوون کە ژمارەیان (١٤) کۆمسیۆنە، کە دامەزراندنی ئەو (١٤)کۆمسیۆنە هەروا شتێکی ئاسان نەبووە. ئێستا ئەنجومەن خەریکی هەڵسەنگاندنی کارنامەی سەرتاپای دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو ئێستا لەگەرمەی ئیش وکارەکانماندایین و ڕەنگە شەش مانگێکی تر، وردە وردە زیاتر دەربکەوێت.

ئێمە دەزگایەکی حیزبین و هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانەی دەزگا حیزبییەکانمان، هەمووی ئیعلان ناکەین بۆ ڕاگەیاندنەکان، بەڵام هەندێک مەسەلەی تر هەیە کە پێویست بکات ئیعلانی بکەین، دەیکەین.

**ڕۆژنـامـە: ئـەوانـەی کە بۆ ڕاگەیاندن ئاشکرایان دەکەن، وەکو چی؟**

* بۆنموونە کە تا ئێستا تووشی لەوبابەتانە نەبووین، یـان پێی نەگەیشتووین، وەک گەندەڵییەک لە دەزگایەکی حیزبیماندا کە لە سنوور دەرچووبێت، ئاشکرای دەکەین بۆ ڕاگەیاندن، یان پەخشی دەکەین بەسەر هەموو دامودەزگا حیزبییەکانماندا.

**ڕۆژنامە: ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەتان (١٠١)کەسە کەلەکۆنگرەدا (٨١)کەس هەڵبژێردران، (٢٠)ەکەی تر، بۆچی دیاریی نەکراون؟**

* ئەو بیست کەسە لەکۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەندا هـەر بیستیان ئامادەبوون و دەستنیشانکراون، ڕەنگە لەناو ئەو بیستەدا یەک دوو گۆڕانکاریی تێدابووبێت، چاوەڕێین لەداهاتوویەکی نزیکدا بەتەواوەتی یەکلایی ببنەوە.

**ڕۆژنامە: لەپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەم و سێیەمیش، دەسەڵاتەکانی جێگری سکرتێر ڕوون نین، وەک ئەنجومەنی ناوەند، بۆچوونتان لەوبارەیەوە چییە؟**

> دەستنیشانکردنی وەزیرو کاندید، دەبێت بە فلتەری ئێمەدا بڕوات

* جێگرەکانی سکرتێری گشتیی، یەکێکیان هەڤاڵ کاک کۆسرەت و ئەوەی پێویستبێت لەسەڵاحیەتی خۆی پێیدراوەو خۆی ناڕەزایی بەرامبەر سەڵاحییەتەکانی نییە، هەروەها کاک د. بەرهەم، ئەو دەسەڵاتە حیزبییانە بەویش دراوەو ئەگەر دەسەڵاتەکانیان کەمبێت، پێویستە هاواربکەن و دەنگیان لێ بەرز بێتەوە. لەمەجالی ئیشکردنیشدا، هەندێکجار لێکتێنەگەیشتن و بۆچوونی جیاواز زۆر زۆر ئاساییە، ئێمە لەیەکێتی، لەسەرەتاوە نەک ڕەئی جیاواز، تەنزیمی جیاوازیش هەبووە.

**ڕۆژنـامـە: ئەنجومەنی نـاوەنـد لە دەستنیشانکردنی کاندید بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و وەزیرەکانی یەکێتی، ڕۆڵی چی دەبێت؟**

* بەڵێ، ئەو کاربەدەستانەی لەحکومەت دادەنرێن، پێویستە بەفلتەری ئەنجومەندا تێبپەڕن و بەگوێرەی پەیڕەو وایە، بۆنموونە ماوەیەکی تر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت، ئەنجومەنی ناوەند بەدیقەتەوە سەیری کاندیدەکان دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەو وەک ئەنجومەن، لەسەر یەک بەیەکیان قسەی خۆمان دەبێت.

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە لەلایەن هەندێک لە کادیرانی حیزبەکەتانەوە کە ئەم ئەنجومەنی ناوەندە لەدواجاردا ئەنجومەنێکی کارتۆنیی و شکلیی دەبێت؟**

* ڕەنگە هەموو ئەندامانی ئەنجومەن کە خۆم وەک شەخسی، کۆمەڵێکیان دەناسم، زۆر بێمنەتن لەدەسەڵات و زۆرشت، تەنیا منەتیان بەوە هەیە کە چۆنچۆنی بتوانن بە هەنگاوێک یەکێتیی نیشتمانیی بەرەو پێش بەرن، لەبەرئەوە کەسایەتییەکانی ناو ئەنجومەنەکە، هی ئەوەنین کە وەک شتێکی شکلیی سەیربکرێن و گوێ لە داواکاریی و بەدواداچوون و تێبینییەکانی ئەم ئەنجومەنە نەگیرێت، ڕەنگە هەر لەناو یەکێتیدا خەڵکێک هەبێت، پێیوابێت ئەم ئەنجومەنە دەبێت لە ڕۆژێکدا هەموو شتێک بکات، کە ئەوە ناکرێت، پێویستە ئەم ئەنجومەنە وردەوردە هەوڵبدات خۆی لەگەڵ هەموو دامودەزگاکاندا بگونجێنێت. لەسەرەتاوە کە ئەم ئەنجومەنە دامـەزراوە، وا بڕیار نەدراوە کە ئەنجومەنێکی شکلیی و کارتۆنیی بێت، لەکۆنگرەدا وابڕیاردراوە کە

# ئەندامێکی (م.س)ی کۆمەڵ: تا بۆمان بکرێت دژایەتیی دوو پرۆژەکەی ئاسایـــــ

**سازدانی: هەستیار قادر**

**تۆفیق کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، ڕەخنە لەو دوو پرۆژەیاسایە دەگرێت کە سەبارەت بە یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم ڕەوانەی پەرلەمان کراون و دەڵێت: «تا بۆمان بکرێت دژایەتی دەکەین».**
**ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا، ئاماژە بە بوونی شپرزەیی و پشتگوێخستن و بێسەروبەریی دەکات لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا.**

**ڕۆژنامە: لەمەسەلەی بەرەی ئیسلامییەوە بۆ هەڵبژاردن دەستپێدەکەین، بۆچی ئەو بیرۆکەیە سەری نەگرت؟**

* ئێمە دەمانەوێت ئەوەی پێی دەوترێت، ئۆپۆزسیۆن، پێکەوە بین ئەگەر بتوانین و ئەگەر ئەوەمان نەتوانی، هەنگاوی پێش ئەوە ئەوەیە کە ئیسلامییەکان یەک لیست بن، چونکە جەماوەری ئیسلامیی بە گشتیی گلەییەکیان هەیە لە ئێمەی ئیسلامیی کە مادام ئیسلامین، بۆ پەراگەندەین بۆ پێکەوەنین، ئـەوەش جۆرێکە لە بەدەنگەوەچوونی جەماوەری خۆمان، جگە لـەوەش، وەک مەسەلەیەک کە خۆمان قەناعەتمان پێیەتی، بۆیە ئەو تەرحەمان کرد، لەئێستاشدا بەشێوەیەکی ڕەسمیی، داوامان لەلایەنەکان نـەکـردووە کە یـەک لیستی ئیسلامیی دروستبکەین، بەڵام برایانمان لەئاستی باڵا، ئەو مەسەلەیەیان دووبارە خستووەتەڕوو تا تاوتوێبکرێت و دەزانین کە لیستی ئیسلامیی پێویستی بە قسەکردن و زەمینەسازیی هەیەو لێی بێدەنگ نابین و هەوڵی جدیی بۆ دەدەین و دەشزانین هەنگاوێکی ئاسان نییە، بەڵام مەبدەئیەن ئێمە قەناعەتمان بەئەسلی لیستەکە هەیەو ئەگەر ڕەتیش بکرێتەوە، پێی ماندوو نابین.

> ئێمە گیرمانخواردووە برادەرانی گۆڕان دەڵێن، کۆمەڵ بووەتە پاشکۆی یەکێتیی و پارتیی و یەکێتیی و پارتیش دەڵێن، کۆمەڵ و بەتایبەت عەلی باپیر، بووەتە پارێزەری گۆڕان

**ڕۆژنامە: یەکگرتوو زۆر پەرۆش نەبوو بۆ ئەو یەکلیستییە؟**

* پـێـشـتـر لیستی چـاکـسـازیـی و خزمەتگوزاریمان دروستکرد، لەو لیستەدا ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە چوار لایەنی بەشداربوو، سوودمان بینیبێت، بەڵام جەماوەری ئیسلامیی ئەو مەسەلەیەی پێ قبوڵ نەکراو ئیستعابیان نەکرد، بۆیە برایانی یەکگرتوو بۆ جاری دووەم کە هەڵبژاردن هاتە پێشەوە، پێیان باش بوو، پرس بە ئەندامانی خۆیان بکەن و یەکگرتوو پێیان وتین، جەماوەرەکەمان پێی باش بووە لیستی سەربەخۆمان هەبێت و ئێمەش ڕێزمان لە ئیرادەی ئەوان گرت.

**ڕۆژنامە: ماوەیەکە، دوو پرۆژەیاسای (ئاسایشیی و ئەنجومەنی ئاسایش) لەپەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، ئایا ناوەڕۆکی ئەو دووپرۆژەیە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئەمنیی نابەن، ئێوەش پرۆژەیەکتان بۆ ئەو مەبەستە هەبوو، بەکوێ گەیشت؟**

* ئێمە لەسەر ئاسایش و ئارامیی بیروبۆچوونی ترمان هەیەو هەر وڵاتێک بیەوێت تیاییدا ئاسایش و ئارامیی هەبێت، دەبـێـت ئـەو میللەتە خـۆشـگـوزەران و عەدالەتی تیا بێتەدی و کێشەی کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیانیش نەمێنێت، بە سروشتی لە ڕووی ئاسایشەوە ئەو وڵاتە ئارامیی وەردەگرێت و هەر پرۆژەیاسایەکیش دەربچێت و تەنیا بیەوێت لایەنی ئەمنییەکە ڕەچاو بکات و لایەنەکانی تـر بەهەند وەرنـەگـرێـت، کەموکورت دەبـێـت، لـەو ڕوانگەیەوە فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان، تەرحی خۆیان هەبوو لەوبارەیەوە، بەڵام بە جۆرەها پاساو، تا ئێستا ئاسایش لەوڵاتی ئێمە بەدەستی حیزبەوە بووەو ئەزموون سەلماندوویەتی کە ئەوە شتێکی خراپەو میللەت تیایدا زەرەرمەند بووە، ئەو ئاسایشە دەبێتە چەکوشی دەستی حیزب و بەپێی پرۆژەیاساکەی ئێمەش، دەمانەوێت ئاسایش بە فیعلی بەدەستی حکومەت و لەژێر چاودێریی پەرلەماندا بێت.

> پشتگوێخستن و بێسەروبەریی، لەناو ئیئتیلافە کوردییەکەدا هەیە

**ڕۆژنامە: دوو پرۆژەیاساکەی حکومەت بەو شێوە پێویستەیە کە باسی دەکەیت؟**

* دەڵـێـم پێشتر ئاسایش و هەموو کایەکان بەدەستی حیزبەوە بوون، ئێستا دوو لایـەن سەرگەرمی ململانێن لەو مەسەلەیەدا، ئۆپۆزسیۆن کە دەیەوێت ئەم کایانە لە دەستی حیزبی وەربگرێتەوەو تەسلیمی حکومەتی بکات و بەپێی یاسا ئـەرکو مافی خۆیان بۆ دیاریبکرێت و لەبەرامبەریشدا دەسـەڵات کە بە فیعلی ئەسلی دەسەڵاتەکە بەدەست حیزبەوەیە، بۆیە زۆربـەی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە فراکسیۆنی دەسەڵات پێشکەشیان دەکات، بەجۆرێک لە جۆرەکان دەسەڵاتی ئاسایش و ئابووریی دەگەڕێنرێنەوە بۆ حیزب و ئەوەندەی بۆمان بکرێت، دژایەتیی ئەو پرۆژەیە دەکەین و هەوڵدەدەین ئەو بەدیلەی پێشکەشمانکردووە، سەربگرێت.

**ڕۆژنـامـە: تـا ئێستا دۆسـیـەی بێسەروشوێنەکانتان چارەسە نەکراوە، ئەو مەسەلەیە بەکوێ گەیشت؟**

* ئێمە، دوو کەسمان بەئاشکرا دیارە کە دەستگیرکراون، یەکێکیان لە چەمچەماڵ ڕفێنراو ئـەوی تریشیان کە لەکەرکوک ڕفێنراوە، بەپێی ئەو خەڵکەی کە بینیویانن ڕفێنراوەکە بـەرەو کوردستان بـراوەو ڕفێنەرەکانیش کـورد بـوون، بۆیە ئێمە لە دانیشتنی ڕەسمیی لەگەڵ لایەنەکانی ئاسایش و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان، تا ئێستا وەڵامێکی قایلکەرمان نەدراوەتەوەو نەگەیشتووەتە دەستمان، نەیێمان دەڵێن، ماون، یان کوژراون، یان لای ئێمەن، دەڵێن ئەگەر لای ئێمەش بن، نازانین لە کوێن.

**ڕۆژنامە: نازانین لای ئێمەن، مانای چییە، دەشێت لەزیندانێکی دەرەوەی بازنەی زیندانە ڕەسمییەکاندا بن؟**

* دەبێت ئەو پرسیارە لەوان بکرێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک کۆمەڵی ئیسلامیی، هەڵسەنگاندنتان چۆنە لەسەر ئەو دۆسیەیە؟**

* من وەک خـۆم و ڕای شەخسی، تا ئێستا کۆمەڵێک زیندانی هەیە لە کوردستاندا لـەدەرەوەی بازنەکەن و مەرج نییە لەژێر دەسەڵاتی لایەنە ڕەسمییەکاندا بن، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی حیزبدا، یان ئەوی کە پێی دەڵێن دژەتیرۆر، یان ئەو دەزگایانەی کە تا ئێستا هیچ یاسایەک نایانگرێتەوە، قەناعەتمان هەیە کە ئەو دووبرادەرەی ئێمە، هەر لەوێ بن، چونکە خەڵکێک لە شوێنێکی تایبەتدا بینیونی، ئەو دووبـرادەرەی ئێمە تاوانێکی وا گـەورەیـان لەسەر نییە کە نەتوانرێت مواجەهەیان بکرێت.

**ڕۆژنـامـە: بـاس لـە نزیکبوونەوەی لایەنەئیسلامییەکان و یەکێتی دەکرێت، هەستدەکرێت کە هەوڵێک هەبێت ئۆپۆزسیۆن بێهێز بکرێت و کۆمەڵ و یەکگرتوو لە گۆڕان دووربخرێنەوە، باس لـەوەش دەکرێت کە لەچوارچێوەی ئەو نزیکبوونەوەیەدا، خەڵکتان بۆ دابمەزرێنرێت، بۆچوونت لەوبارەیەوە؟**

* ئەوەندەی من ئاگادارم، پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوان کۆمەڵ و یەکێتیدا هەیەو ئێمە هێزێکی باشمان لە دەڤەری یەکێتیدا هەیە کە لەسەر بنەمای ڕێزی ئاڵوگۆڕ بووەو کێشەش هەبووە لە نێوانماندا، سەبارەت بە دامـەزرانـدنـی خەڵک بۆمان، بەهیچ شێوەیەک لەبەرنامەماندا نەبووەو هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە لەنێوان ئێمەو یەکێتیدا نییە بۆ دامەزراندنی خەڵکی ئێمە، بەڵام ئێمە وتوومانە، ئەگەر خەڵکێکی خاوەن مافی وەک پێشمەرگەی دێرین کە خانەنشین بکرێت، یان شتێکی بۆ ببڕدرێتەوە ئاساییەو نابێت لەسەر ئێمە حساب بکرێت و دوای بوون بە ئۆپۆزسیۆنمان، بەڕاستی هیچ کەسێکی ئێمە دانەمەزرێنراوە، زۆرجار یاریی بەمە دەکرێت و دەبێت ئەوانەی پێیان دەوترێت ئۆپۆزسیۆن، لەوە وریاتر بن و ئەسلی مەسەلەکەیان لەبیر نەچێتەوە، کە هەقوایە ئۆپۆزسیۆن بەگشتیی بە ئیسلامیی و عەلمانییەوە، لە کۆمەڵێک خاڵی گشتیدا یەک بن.

**ڕۆژنامە: لەدوای هاتنەدەرەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لایەنە ئیسلامییەکان گۆڕانیان بە پەرتکردنی ئۆپۆزسیۆن تۆمەتبار کرد و دواتریش گوتاری ڕاگەیاندنی لایەنە ئیسلامییەکان، چەند چەمکێکی وەک موعارەزەی دوژمنکارییانەیان**



تۆفیق کەریم

**بەکارهێنا، ئەمە ئەوەی لێناخوێنرێتەوە کە بەشداربوونتان لە حکومەتی عێراق، ئێوەی لە ئۆپۆزسیۆن دوورخستەوەو لە دەسەڵاتی نزیککردەوە، هەیە پێی وایە، ئێوە بوون بە ئۆپۆزسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، نەک دەسەڵات؟**

* دەمەوێت لەسەر ئەوە بوەستم کە هەندێک نووسەرهەن و دەیانەوێت وەرەقەکان تێکەڵ بکەن، من وتارێکم خوێندەوە، زۆر نامەسئولانە لەو بـوارەدا نووسرابوو کە بە کورتی دەڵێت، ئیسلامییەکان لەبری ئـەوەی ببن بە ئۆپۆزسیۆنی دەسـەڵات، بوون بە ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان، لە حەقیقەتدا بەرنامەیەکی لـەو شێوەیە نییە، ئێمە لەسەرەتاوە ئیعلانمان کرد کە دەمانەوێت وەرەقەی بەغدا لەگەڵ کوردستان تێکەڵ نەکەین و ئەو پلان و کارەی لەبەغدا هەیە جـیـاوازە لە کوردستان، بـەڵام گـۆڕان تەحەفوزیان هـەبـوو، ئێمە وتـمـان، لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن یەک بێت و پیکەوە پرۆژە پێشکەش بکەن و دەنگ بەرز بکەنەوە، لەوەی خۆیان قەناعەتیان پێی هەیە، نەک ئەویش هەر بەزۆرو تەقلیدییانە، پاساوی هاتنەدەرەوەی گۆڕان، لای ئێمە موقنیع نەبوو،

## رائید فەهمی، سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠):

# باشترین بەرگریکار لە مادەی (١٤٠) لە ناوەڕاستو باشوورە

سازدانی: عەلی ناجی – بەغدا

**رائید فەهمی؛ سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە یەکلاییکردنەوەی سنووری ئیداریی ناوچەجێناکۆکەکان، گەورەترین بەربەستە لەبەردەمیانداو بەبێ ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە، راپرسی ناکرێتو مادەی (١٤٠)یش جێبەجێناکرێتو ئۆباڵی یەکلاییکردنەوەشی دەخاتە ئەستۆی سەرۆکایەتی کۆمارەوە. رائید فەهمی کە لە حکومەتی پێشووی عێراقدا وەزیری زانستو تەکنەلۆژیا بوو، پێیوایە: باشترین بەرگریکار لە مادەی (١٤٠) لە ناوەڕاستو باشووری عێراقە، سەبارەت بە وادەیەکی دیاریکراویش بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە دەڵێت: «هەندێک دەیانەوێت بە یەک ساڵ جێبەجێبکرێتو هەندێکی تریش دەیانەوێت (١٠) ساڵ بخایەنێت».**

**رۆژنـــامـــە: ســێ ســاڵ بــەســەر دوا وادەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا تێپەڕبووەو جێبەجێنەکراوەو زۆربەی قۆناغەکانیشی تێنەپەڕێنراوە، وەک بەرپرسێکی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە ئەم دواکەوتنە بۆ؟**

* بەپێی مـادەی (١٤٠)، دەبـوو سێ قۆناغی ئاساییکردنەوە سەرژمێریو راپرسی بەر لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ ئەنجامبدرایە، بەڵام جێبەجێکردن لە سەرەتای (٢٠٠٧) دەستیپێکرد لەو کاتەشدا سەرۆکی لیژنەی مادەی(١٤٠)گۆڕدرا، قۆناغی ئاساییکردنەوە، پرۆسەیەکی بەرفراوانە کە ئالیەتێک بۆ قەرەبووکردنەوەی هـاوردەو ئاوارەکان دانراوە، تائێستا لە کەرکوکدا (١٢٨)هەزار مامەڵەی هاوردەکانو (٩٢) هەزار مامەڵەی ئـاوارەکـان پێشکەشکراوەو وردبینی لە دۆسیەکانیاندا دەکرێتو تائێستا (٢٠) هەزار مامەڵەی هاوردەکانو زۆربەی ئاوارەکان یەکلایی بووەتەوەو ئەنجامدانی سەرجەم ئەو کارانەش پەیوەندییان بە بودجەی دابنیکراوەوە هەیە لەلایەن حکومەتەوە، لە هەندێک دۆسیەکاندا ململانێ روویدەدا بەتایبەت لە قۆناغی ئاساییکردنەوەدا گرێبەستە کشتوکاڵییەکانیش بە نموونەی ئەو ململانێیانەو ئێمەش وەک لیژنە مادەی (١٤٠) گرێبەستو رێنماییمان دانـاوەو (٥٠٠) گرێبەستمان تـەواو کـردووە بۆ یەکلاییکردنەوەو چاویشمان بە (٣٧٠) گرێبەستدا خشـانـدووەتـەوەو رێـژەی قەرەبووکردنەوەکەشمان دیاریکردووە، جگەلەوەلەدۆسیەی ئاساییکردنەوەداکێشەی سنووره ئیدارییەکان هەیە، چارەسەری ئەم کێشانە لە گۆڕەپانی ئەنجومەنی نوێنەراندایە، ئێمە چۆن سەرژمێریو راپرسی بکەین کە نەزانین سنووری کەرکوک کوێیەو چۆنە، رژێمی پێشوو کەرکوکی بۆ سـەر سێ پارێزگا دابەشکردووە.

**رۆژنامە: ئەگەر بودجە کێشەی مادەی (١٤٠)ە، ساڵانە لانیکەم (٢٠٠) ملیار دیناری بۆ دیاریکراوە، ئەم رێژەیە چارەسەری کێشەکە ناکات؟**

* جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پێویستی بە نزیکەی دوو ملیار دۆلارەو لە ماوەی چـوار ساڵی رابـــردوودا (٨٥٠) ملیۆن دۆلاری بۆ سەرفکراو (٧٦٠) ملیۆنیمان دابـەشـکـردووەو (١٠) هـــەزار خێزانی هاوردەو (٣٤) هەزار ئاوارەی کەرکوکمان پێ قەرەبووکردووەتەوە، ئەو پرۆسەیەش ساڵانە پێویستی بە (١٥٠) بۆ (٢٠٠) ملیۆن دۆلار هەیە، بۆ قەرەبووکردنەوەی.

**رۆژنامە: ئەگەر دیاریکردنی سنووری ئیداریی لە دەست ئێوەدا نییە، کێ ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە؟**

* بەپێی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵـەت کە مادەی (١٤٠)ی لێوەرگیراوە، لایـەنـی بـەرپـرس بـۆ بـەرزکـردنـەوەی پێشنیار سەبارەت بە سنووره ئیدارییەکان،



رائید فەهمی

سەرۆکایەتی کـۆمـارە، بە مەرجێک بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی بێتو ئەگەر رەزامەندی زۆرینەی لەسەر نەبوو، دەتوانن پەنا بۆ دەرەوەی خۆیان ببەن، ساڵی (٢٠٠٧) راپۆرتێکمان بەرزکردەوە تیایدا داوامانکرد کە سنووری ئیداریی ناوچەجێناکۆکەکان دیارییبکرێت، بەڵام ئەو کات سەرۆکایەتی کۆمار پێشنیازی بەرز نەکردەوە، بێگومان پرۆسەی سەرژمێرییو راپرسی ئەنجام نـادرێـت، تا پـرۆسـەی ئاساییکردنەوە تەواونەکرێت.

**رۆژنامە: کەواتە هۆکاری سەرەکی ئەنجامنەدانی ئاساییکردنەوە چییە؟**

* نـــاوەرۆکـــی ئـــەو دواکـــەوتـــنـــە لە قۆناغی ئاساییکردنەوەدا دەستی پێکردنە، لە دیاریکردنی بودجەدا، ئەمە جگە لەو رێوشوێنانەی کە ئەنجومەنی شۆڕشی پێشووی عێراق گرتبوویەبەر لە دژی ناوچەکانی بـاکـووری عێراقو چارەسەری هەندێک لەم کێشانە لە رێگەی گەڵاڵەکردنی یاساوە دەکرێت، هەندێکی تریش لەو بڕیارانە لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەتدەکرێتەوە، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بەردەوامە، بەڵام قەبارەی ئالیەتی جێبەجێکردنی ماوەیەکی زۆری دەوێـت، لایەنی دووەمیش کە ئەستەنگ دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، بـارودۆخـی سیاسییو کێشەی نێوان کوتلەکانە لەسەر ئەو مادەیەو گەر دۆسیەی سنووره ئیدارییەکان یەکلایی نەکرێتەوە، مادەی (١٤٠) جێبەجێناکرێت.

**رۆژنـــامـــە: بـەم دوایـیە کێشەیەک لە کەرکوک دروست بووە کە عەرەبە هاوردەکان دوای وەرگرتنی قەرەبوو گەڕاونەتەوە کەرکوک، یان کەرکوکیان جێنەهێشتووە ئاگاداری ئەم کێشەیەن؟**

* لیژنەی مادەی (١٤٠) ئەو هاوردانە قەرەبوو دەکاتەوە کە بە ویستی خۆیان دەگەڕێنەوە شوێنی پێشتری خۆیانو گەر قەرەبوویان وەرگرتبێت ناتوانن بەشداریی لە سەرژمێریو راپرسیدا بکەن، بەڵام هەندێکی تر لە هاوردەکان هێشتا مامەڵەی قەرەبووکردنەوەیان کۆتایی نەهاتووەو هەر کوردێکیش نەگەڕێتەوە بۆ کەرکوکو مامەڵەی قەرەبووکردنەوەی تەواو نەبێت، ناتوانێت بەشداریی راپرسیی بکات، بەڵام گەر لەدوای وەرگرتنی قەربوو بشگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی کەرکوک، دەتوانێت بەشداریی لە راپرسیدا بکات.

**رۆژنامە: دەیـان خێزانی ئـاوارەی کورد تائێستا لەبەر بێجێگەو رێگەیی لە بارەگا حکومییەکانداو جێگەی نیشتەجێبوونیان چارەسەرنەکراوە، ئێوە کارتان لەوبارەیەوە کردووە؟**

* من پێموایە ئـەوە زیادەڕەوییە، ئـەوانـەی لـە دەرەوەی کـەرکـوکـەوە هاتوونەتە ئەو شارە کورد بن، یان عەرەب لە دانیشتووانی رەسەنی کەرکوک نین، مافیان بەسەر کەرکوکەوە نییە، دەوترێت (٥٠٠) هـەزار کەس هاتوونەتە کەرکوک من گومانم لەوە هەیەو پێشموایە هێنانی کورد لە هەرێمەوە بۆ کەرکوک دوورە لە راستییەوە.

**رۆژنامە: بڕیارە بەم نزیکانە راپۆرتی ساڵی (٢٠١١) سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بخەنە روو، گرنگترین هێڵە سەرەکییەکانی ئەو راپۆرتە چین؟**

* گرنگترین بەربەستەکان کە لەو راپـۆرتــەدا باسی دەکـەیـن، گرێبەستە کشتوکاڵییەکانە کـە بـەردەوامـیـن لە چارەسەرکردنی، جگە لەوە لایەنی داراییش کێشەیەکی سەرەکییەو ئەگەر دەوڵەتی عێراقی بیەوێت مادەی (١٤٠) حیبەجێبکات، دەبێت یەک ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دۆلار دابین بکات بۆ قۆناغەکانی داهاتووی مادەی (١٤٠)، لەو راپۆرتەدا ئاماژە بەوە دەدەین کە دەبێت پێشنیازەکان سەبارەت بە سنووری ئیداریی ناوچە کێشەلەسەرەکان بەرزبکرێتەوەو یەکلایی بکاتەوە، گەر ئەوە نەکەن مادەی (١٤٠) جێبەجێناکرێت.

**رۆژنامە: لە داواکـــاری ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکاندا هاتووە کە دەبێت لە ماوەی (٢) ساڵدا حکومەتی عێراق مادەی (١٤٠) جێبەجێبکات، دەتوانرێت لەو ماوەیەدا جێبەجێبکرێت؟**

* هەندێک دەیانەوێت مادەی (١٤٠) لە یەک ساڵدا جێبەجێبکرێتو هەندێکی تریش دەیانەوێت بە (١٠) ساڵ جێبەجێبکرێت، گەر لیستەکان لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا لەسەر ئەوە رێکەوتن کە بە دووساڵ جێبەجێی بکەنو گەر ئەوە راست بێت، بڕیارێکی باشەو با لە ئێستاوە دەستپێبکەینو کێشەکانی بەردەممان چارەسەر بکەین، بـەڵام من پێموایە باشترین بەرگریکار لە مادەی (١٤٠) ناوەڕاستو باشووری عێراقە. بێ دیاریکردنی سنووری ئیداریی، مادەی (١٤٠) جێبەجێ ناکرێت.

---

## بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانییەکانی کەرکوک:

# (٨) ساڵە بەرپرسانی کورد بەڵێنی گەڕاندنەوەی زەوییە تەعریبکراوەکان بە خەڵکی کەرکوک دەدەن

رۆژنامە

**ئەندازیار ساڵار حەمە حسێن، بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانییەکانی کەرکوک، پێیوایە؛ لە رابردوودا بەرپرسانی کورد لە بەغداو کەرکوک کەمتەرخەمانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی موڵکدارییدا کردووەو ماوەی (٨) ساڵە بەڵێن بە خەڵکی کەرکوک دەدەن، بەڵام لە واقیعدا شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە.**

حکومەتی پێشووی عێراق بە درێژایی نزیکەی (٤٠) ساڵ پرۆسەی بەعەرەبکردنو داگـیـرکـردنـی زەوی کشتوکاڵیی لە کەرکوکدا، بە چەندین قۆناغ جێبەجێکردو لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا (یەک مـلـیـۆنو ٢٠٠ هـــەزار) دۆنـم زەوی کشتوکاڵیی پارێزگاکە، کە زۆربەیان موڵکی کوردبوون، بەر ئەو پرۆسەیە کەوتوونو تائێستا نەگەڕاونەتەوە دەستی خاوەنە رەسەنەکانیان.

بە بڕوای ئەندازیار ساڵار حەمە حسێن، بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانییەکانی کەرکوک، کێشەی موڵکداریی کێشەیەکی نەتەوەییەو حکومەتی عێراق نایەوێت ئەو موڵکانە بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، لە هەمانکاتیشدا مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزو هەستیارە، حکومەتی عێراق دەیەوێت زەوییە داگیرکراوەکانی خەڵکی کەرکوک کە زۆربەیان کراون بە موڵکی دەوڵەت، نەدرێتەوە بە خاوەنەکانیانو هیچ کاتێک



ساڵار حەمە حسێن

ئامادەنییە ئەو هەنگاوە بنێت، جگە لەوە بەپێی یاسای ژمارە (١٣)ی یاسای دەستەی سکاڵای موڵکداریی، دەبێت ئەو زەوییە داگیرکراوانەی کە فەرمانگە حکومییەکان پێویستیان پێیەتی، نەگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیانو لەبری ئەوە خاوەنەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە، کە ئەوەش فرۆشتنی خاکی کەرکوکە لە بەرامبەر پارەداو ئەم هەنگاوە ئەوە دەردەخـات، کە حکومەتی عـێـراق دەیـەوێـت لە بەرامبەر پـارەدا موڵکداریی لە کەرکوک زەوت بکات.

دوای رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراق، دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی لە عێراق پێکهێنراو لە ماوەی چەند ساڵی کارکردنی ئەو دەستەیەدا تائێستا (٥٪) کێشە موڵکدارییەکان یەکلایی کراونەتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرانی کورد لە عێراق نەیانتوانیوە ئەو کێشانە یەکلایی بکەنەوە.

ساڵار حەمە حسێن، ئەوەش دەخاتە روو، حکومەتی عێراق هیچ کاتێک ئامادە نەبووە کێشەی موڵکداریی چارەسەر بکرێت، تا ئەو کاتەی لە پۆستەکەمدا بووم، ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراقم قبووڵ نەکردووەو کارم پێ نەکردووە، چەندین نووسراوم بۆ وەزارەتی شارەوانی کردووە، کە ئەو زەوییە داگیرکراوانەی کە کراون بە موڵکی وەزارەتی شارەوانی، پێویستە ئەو زەوییانە بدەینەوە خاوەنەکانیان، کارم بۆ ئەوە کردووە زەوییە داگیرکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنرێنەوەو لەو بوارەشەدا توانیومە ژمارەیەک زەوی بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنمەوە.

ناوبراو هۆکاری لەسەر کار لابردنی گەڕاندەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی حکومەتی عێراق، کە چەندین هەنگاوی ناوە بۆ بەردەوامیدان بە تەعریبکردنی کەرکوکو وتیشی: «لەسەر ئەو هەڵوێستانە لە پۆستەکەم لابرام».

سەرۆکی پێشووی شارەوانییەکانی کـەرکـوک رەخنە لە نوێنەرانی کورد دەگرێتو رایدەگەیەنێت: «لە رابـردوودا نوێنەرانی کورد لە بەغداو بەرپرسانی کورد لە کەرکوک کەمتەرخەمانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کێشەیەدا کردووەو ماوەی (٨) ساڵە نوێنەرانی کورد بەڵێن بە خەڵکی کەرکوک دەدەن، کە زەوییە داگیرکراوەکان دەگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام تائێستا کێشەکە چارەسەر نەکراوەو لە واقیعدا شتێکی ئەوتۆیان نـەکـردووەو ئەوەش خەمساردییو کەمتەرخەمیی نوێنەرانی کورد دەردەخات، خەڵکی کەرکوک توانای ئـەوەی نەماوە لـەوە زیاتر چاوەڕوانی بەڵێنی بریقەدار ببێت.

ســـەرەڕای کـارکـردنـی دەسـتـەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی، بەڵام تائێستا کەمترین کێشەی موڵکداریی یەکلایی کراوەتەوە.

بە بۆچوونی سـەرۆکـی پێشووی شارەوانییەکانی کـەرکـوک، دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی دەستەیەکی سەربەخۆ نەبووەو هەموو کات بە ئاراستەیەکی سیاسیی کاری کردووە، بەشێک لەو کەسانەی کە لەنێو دەستەکەدان تائێستاش بە عەقلیەتی شۆڤێنیانە کار دەکەنو لەبری چارەسەرکردن، رێگرییان دروستکردووە، دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی لە پارێزگای کەرکوک هیچی وای نەکردووەو ئەگەر بەمشێوەیە کار بکات، دەیـان ساڵی تری دەوێـت، تا کێشەکان چارەسەر دەکرێن.

بەپێی ئامارەکان، نزیکەی (٥٥٪) خاکی پارێزگای کەرکوک تەعریبکراوەو تائێستاش نەگەڕێنراوەتەوە دەست خاوەنەکانیان، بۆیە چارەسەر نەکردنی ئەو کێشەیە مەترسیی بۆ سەر ئایندەی شارەکە دەبێت.

ساڵار حەمە حسێن، ئاماژە بەوە دەکات؛ «کێشەی موڵکداریی ترسناکترین کێشەیە کە رووبەڕووی کورد لە کەرکوک بووەتەوەو هەتا زەوییەکانمان نەگەڕێنرێنەوە ناتوانین باسی جێبەجێکردنی مـادەی (١٤٠)و گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بکەین».

بە پێویستیشی دەزانێت، نوێنەرانی کورد لە بەغداو ئیدارەی کەرکوک بە زوویی رێگەچارە بدۆزنەوەو هەنگاوی جدیی بنێن بۆ گەڕاندنەوەی زەوییە داگیرکراوەکانی کـوردی کەرکوک، دەبێت جیاوازتر لە قۆناغی رابردوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کار بکەنو چیتر لە پێناو پۆستو پلەو پایەدا خواستەکانی کورد پشتگوێ نەخەن.

# هەڤاڵ کوێستانیی: هەر بەرپرسێکی کورد بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی کوردەوە ڕەفتار بکات، لێی بێدەنگ نابین

هەستیار قادر

**هەڤاڵ کوێستانیی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر پرسێک لە هەرێم پێمان چارەسەر نەکرێت، دەیبەینە بەغدا، وتیشی: «هەر بەرپرسێکی کورد لە بەغدا دژی بەرژەوەندییەکانی کورد ڕەفتار بکات، لێی بێدەنگ نابین».**

کوێستانیی کە ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراقیشە، پێیوایە: «بە سەردانی ئەم دواییەی بۆ بەغداو کۆنەبوونەوەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی گۆڕاندا، د.بەرهەم سەلماندوویەتی کە حکومەتەکەی نوێنەرایەتی دوو حیزب دەکات».

لەگەڵ بەردەوامبوونی کێشەی نانبڕاوان و سزادراوانی سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەنجامنەدانی پرۆسەی چاکسازیی لە هەرێمی کوردستان، بەم دواییە ئەگەرەکانی بردنی ئەو کێشانە لە هەرێمەوە بۆ سەکۆی پەرلەمانی بەغدا هاتووەتە ئاراوە، بە تایبەت کە ئەو کێشانە لەنێوان گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن و یەکێتیی و پارتی وەک دەسەڵات بە بنبەست گەیشتووە و لەو بارەیەشەوە هەڤاڵ کوێستانیی، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەدات، کە هەر پرسێک پەیوەندیی بە هەرێمەوە هەبێت تابتوانن لە ڕێگەی دیالۆگ لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات لە هەرێم چارەسەری دەکەین، گەر بەو شێوەیەش چارەسەرنەکرا، وەک بەشێک لە عێراق دەیبەینە سەکۆی تر بۆ جێبەجێکردنی، بە مەرجێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ پرسی نانبڕاو و سزادراوانیش سیاسەت و بەرنامەی خۆمان هەیە و لە داهاتوودا کاری لەسەر دەکەین».

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەگەر زۆرە ئاڵۆزیی پێکهاتەی ئەم جارەی پەرلەمانی عێراقی، هاوکێشە گوماناوییەکەی بەربەست دروست بکات لەبەردەم هەوڵی فراکسیۆنی گۆڕاندا بۆ بانگهێشتکردنی بەرپرسانی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام هەڤاڵ کوێستانی گەشبینانە لەو ترسە دەڕوانێت و بە بەراوردێک لەنێوان پەرلەمانی هەولێر و بەغدا پێیوایە: لە پەرلەمانی کوردستان دوو بلۆکی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەیە و دەسەڵات بەزۆرینە هەر پرسێک لە بەرژەوەندیی نەبێت، ڕێ بە



هەڤاڵ کوێستانی

یەکلاییکردنەوەی نادات، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: «لە پەرلەمانی عێراقدا ئەو سنوور جیاکردنەوەیە نییە، دەتوانین لەناو ئەوانەشدا کە بەشداریی حکومەتیان کردووە، دەنگی نارەزایی بدۆزینەوە بەرامبەر بە سیاسییەکانی حکومەت و ئازادانە و بەپێچەوانەی تێڕوانینی سەرۆکی لیستەکانیانەوە بڕیاردەدەن و ئەستەم نییە لەو پەرلەمانەدا (٢٥) ئیمزا بۆ لێپرسینەوەی بەرپرسێک کۆبکرێتەوە».

بەم دواییە بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و بەپێی ڕووماڵکردنی کەناڵەکانی نێو ڕاگەیاندنی دەسەڵات، لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتدا کۆبووەوە بەبێ ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان بانگهێشت بکرێت، وەک ئەوەی بەشێک نەبن لە نوێنەرانی کورد، هەر بۆیە کوێستانیی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو هەنگاوە دەیسەلمێنێت بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتێکە نوێنەرایەتی خواست و داخوازیی دوو حیزب دەکات بەپلەی یەکەم پارتی و یەکێتیش بە پلەی دووەم، وتیشی: «ئەوە بۆ خۆی سەلماندن و دانپێدانانە کە ئەو حکومەتە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکات، دەبوو بەرهەم ساڵح خۆی بە نوێنەری هەموو خەڵک بزانیایە، کە گۆڕانیش نوێنەرایەتی بەشێکیان دەکات».

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی گۆڕان لە بەغدا زیانگەیاندنە بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و دەڵێت: «گەر بانگهێشتبکرێن بۆ ئەو جۆرە کۆبوونەوانە، یان نەکرێن، هەر بەرپرسێکی کورد و عێراقیی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەوە ڕەفتار بکات، لێی بێدەنگ نابین».

یەکێکی تر لەو پرسانەی کە بەم دواییە باسی لێوەدەکرێت، پەشیمانبوونەوەی مالیکییە لە بێبەشکردنی گۆڕان لە بەشداریکردن لە حکومەتەکەیدا و لەو چوارچێوەیەشدا هەڤاڵ کوێستانیی ئاشکرایکرد: کە مالیکی پێی خۆشبووە گۆڕان بەشداریی حکومەتەکەی بکات، بەڵام لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ناچارکراوە گۆڕان بەشداریی پێنەکات و هەڕەشەی کشانەوەی لێکراوە، وتیشی: «لە زۆر شوێنیشدا مالیکی ئەو پێناخۆشبوونەی نەشاردووەتەوە».

یەکەم هەنگاوی فراکسیۆنی گۆڕان لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، کاراکردنی زمانی کوردیی بوو لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا، کە لەسەر پێشنیازی هەڤاڵ کوێستانیی کاری لەسەرکراو بڕیاری لەبارەوە درا، بەڵام ئەندامێکی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئاماژەی بەوەدابوو، کە ئەو هەنگاوە پێشنیازی ئەوان بووە، لە بەرامبەردا کوێستانیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە پێشنیازی بەکارهێنانی زمانی کوردیی، پێشنیازی ئەو بووە، نەک ئیئتیلافە کوردییەکە و وتیشی: «لە مەحزەری دانیشتنی ٢٠١٠/١١/٢٥دا ئەو داوایە بە ناوی منەوە تۆمارکراوە و لە دانیشتنی دوو هەفتە لەمەوبەریش فراکسیۆنی گۆڕان ئەو پرسەی کاراکردەوە»

> لە مەحزەری ٢٠١٠/١١/٢٥ی پەرلەمان، داوای بەکارهێنانی زمانی کوردی بەناوی منەوە تۆمارکراوە

> هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی گۆڕان لە بەغدا زیانگەیاندنە بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان

## شەڕی وەزارەتە ئەمنییەکانی عێراق گەرم دەبێت

# دەوڵەتی یاسا: هاوپەیمانیی کوردستان مافی وەزارەتی ئەمنیی نییە

عەلی ناجی – بەغدا

**شەڕی وەرگرتنی وەزارەتە ئەمنییەکانی حکومەتی نوێی عێراق گەرمتر دەبێت و لەدوای دەوڵەتی یاساو عێراقییەو کورد، سەدرو تورکمانەکانیش داوای یەکێک لەو وەزارەتانە دەکەن و ئەندامێکی دەوڵەتی یاسایش دەڵێت: «هاوپەیمانیی کوردستانیی بۆی نییە داوای وەزارەتی ئەمنیی بکات».**



فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

دوای ئەوەی هەریەک لە ئیئتیلافی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا لەسەر دابەشکردنی وەزارەتە ئەمنییەکانی بەرگریی و ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانیی گەیشتنە بنبەست، هەریەک لە هاوپەیمانیی کوردستان و سەدرییەکان و تورکمانەکانیش داوای ئەو پۆستانە دەکەن.

لەوبارەیەوە ئەرشەد ساڵحی، سەرکردەی تورکمانیی لە ئیئتیلافی عێراقییە ڕوونیکردەوە؛ کە بەرەی تورکمانیش دەخوازێت کەسێتییەکی تورکمانیی یەکێک لەو سێ پۆستە وەزارییە ئەمنییەی عێراق وەربگرن و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کوتلەی تورکمانیی ژمارەیەک پاڵێوراوی سەربەخۆی پێشکەشکردووە بۆ وەرگرتنی وەزارەتە ئەمنییەکان، لەوانە لیوا ئایدن خالید، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ جگە لەو سێ وەزارەتەش، خوازیارن یەکێک لە پۆست و دەزگاکانی هەواڵگریی و بنەبڕکردنی تیرۆر وەربگرن، ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕەوتی بەدری نێو هاوپەیمانیی نشتیمانیی شیعەکان ناوی بەیان جەبری داوەتە مالیکی بۆ پێدانی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی.

عەلی شبر، ئەندامی ئەو ڕەوتە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا شەڕێکی گەورە لەسەر ئەو سێ وەزارەتە ئەمنییەیە، عێراقییە داوای وەزارەتی بەرگریی و هاوپەیمانییش داوای وەزارەتی ناوخۆ و هاوپەیمانیی کوردستانیش داوای وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی دەکات».

هاوکات لەگەڵ هاوپەیمانیی نیشتمانیی و ڕەوتی سەدر کە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بە کوتلەی ئەحرار ناودەبرێت، داوای هەمان پۆستی وەزاری ئاسایشی نیشتمانیی دەکەن.

ڕافع عبدولجەبار، ئەندامی کولتەی ئەحرار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ئەو کەسانەی سێ وەزارەتە ئەمنییەکەی عێراق وەردەگرن، سەربەخۆبن و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ژمارەیەک لە پێکهاتەکانی هاوپەیمانیی نشتمانیی داوای وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی دەکەن».

لەلایەکی تریشەوە، کوتلەی تەوافوقیش داوای یەکێک لەو سێ پۆستە دەکات و وەلید عەبدی ئەندامی ئەو کوتلەیە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە پێویستە لەسەر مالیکی یەکێک لەو سێ پۆستە ئەمنییەیان بدرێتێ، وتیشی: «کەسی شیاومان بۆ ئەو پۆستانە هەیە».

لەلایەکی ترەوە، سەرچاوەیەکی نزیک لە گفتوگۆکانی نوری مالیکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی تر کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مالیکی بڕیاریداوە وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی بداتە کەسێتییەکی نزیک بەخۆی، بەوپێیەش کە مالیکی فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی عێراقە، وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی نزیکە لەو دەسەڵاتە ئەمنییانەی مالیکی هەیەتی.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش ئیئتیلافی عێراقییە هەریەک لە فەلاح نەقیب و ئەسکەندەر وتوتی بۆ وەرگرتنی پۆست وەزارەتی بەرگریی پاڵاوتووە و هاوپەیمانیی نیشتمانیش هەریەک لە عادل ئەسەدی و شیروان وائیلی و عوقەیل تەریح و عەبود قەنبەری بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ پاڵاوتووە.

هاوکات ئەندامێکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هاوپەیمانیی مافی وەرگرتنی یەکێک لە وەزارەتە ئەمنییەکانی هەبێت.

عەبدولمەهدی خەفاجی، ئەندامی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ئاماژەی بەوەدا، کە کاری هەرسێ وەزارەتی بەرگریی و ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانیی، عێراق بەبێ هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بەوپێیەش هاوپەیمانیی کوردستانیی مافی ئەوەی نییە داوای یەکێک لەو سێ وەزارەتە بکات، وتی: «لەبارەی بەشداریکردنی هاوپەیمانیی کوردستانیی لە یەکێک لەو سێ پۆستە ئەمنییەدا، دەبێت هەرێمیش حکومەتی ناوەندیی لە پۆستە ئەمنییەکانی ئەو هەرێمەدا، بەشداریی پێ بکات».

ئەستەنبوڵ کێشەی ئەتۆمیی ئێرانی پێ چارەسەر ناکرێت 12

## ڕێگەی نەگەڕانەوە

**د. گیان کامیل بەسیر**

بیرمەندی فەڕەنسی (ئەناتۆڵ فرانیس) دەڵێت: «گاڵتەجاڕییو بەزەیی، دوو راوێـژکـاری باشن، یەکێکیان ژیان خۆشەویست دەکات لە ڕێگەی زەردەخـنـەو دووەمیشیان ژیانمان پیرۆز دەکـات لە ڕێگەی گریانەوە»، لەنێوان چەکوشی گاڵتەجاڕییو سندانی بەزەییدا، هەنگاوەکانمان بەرەو نەوەیەک بەدیدەکەین کە بە مەترسیدارترین دیاردە چەقبەستوو بووە، کە ئەویش بـڕوانـامـەی ساختەیە کـە خەریکە دوانوکە فلچەی خۆی لەسەر نیگارێکی تەمومژاوی پەنهان دادەنێت بە ئیمزای ئەو حیزبانەی کە لەسەر تەوافوقێکی سیاسیی جێبەجێکراوی وا راهاتوون سوودەکەی بەو شێوەیە دیاریدەکات کە یاسا دەیداتێ.

لە وڵاتێکدا کە دواکەوتوویی و ڕێژەی بێکاریی و بەرتیلدان بە فەرمانبەرو بەرپرسە باڵاکانی حکومەت زۆر بووە، دەستبەرسەداگرتنی پارەی گشتیی و خزمخزمێنەو واسیتە لە کۆمەڵگەداو بەڕێوەبردنی پۆستە باڵاکان لەلایەن کەسایەنی ناشایستەوە بەدیدەکرێن.

وەزارەتی پەروەردەو زانکۆی بەغدا، زیاد لە سێ هەزارو حەوتسەدو پەنجا بڕوانامەی ساختەیان ئاشکراکردکە زیان بە کەرامەتی فێرکردنی عێراق دەگەیەنن، کە کاریگەرییەکانی بۆ چەندین نەوە درێژدەبنەوەو لەوە گەورەتریش ئەوەیە کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، ئاشکرای کرد کە پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران، هەیانە بڕوانامەی دەرچوونیان ساختە کردووەو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا چوونە پەرلەمانەوەو بەهۆی وردبینی نەکردنی بڕوانامەکانیان لەو کاتەدا، بەوەش ئەو پەرلەمانتارانە چوار ساڵی تەمەنی پەرلەمانییان تێپەڕاند بەبێ ئـەوەی لەکاتی ئەو خولەو دواتریش موحاسەبە بکرێنو لەژێر پاساوو چەندین ناونیشانی جیاجیاوە، کە سەرۆکی کولتەکانیان بۆیان دادەتاشین، لەوانە ئاشتەوایی نیشتمانیی و دروشمی بێدەنگ ببە لێم، بێدەنگ دەبـم لێت، یان لەژێر ناونیشانی موجامەلاتو ڕێککەوتنی ساسییەوە.

لەنێوان شەشە هەزار پاڵێوراویش بـۆ ئـەو خـولـەی پـەرلـەمـان، پـەردە لەسەر نهێنیی (٥٤)بڕوانامەی ساختە هـەڵـدرایـەوە، ئـەوەش لە کاتێکدایە کـە کۆمسیۆنی هـەڵـبـژاردنـەکـان ئاگادارکردنەوەیەکی لەلایەن وەزارەتی پـــەروەردەوە پێگەیشت کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، (٧٣) پاڵێوراو، بڕوانامەکانیان ساختە بووە.

لـێـرەدا هەڵوێستەیەک دەکەین لەبەردەم ئەم ڕێژە زۆروزەبەندەی ئەو بڕوانامە ساختانەی کە لە بچووکترین خانەی بونیادنانی عێراقی نوێدا چێنراون، بۆ ئەوەش لە ئاستێکی شیاوی گاڵتەجاڕیی کۆمەڵگەشدا بین، دەبینین حکومەتەکەمان لەژێر سەرپەرشتی دەسـتـەی نـەزاهـەدا پرۆژەیاسای لێخۆشبوون لە ساختەکەرانی بڕوانامە گەڵاڵە دەکات کە هەستم پێم دەڵێت، ئەو هەنگاوە، یان بۆ پاراستنی خاوەن پۆستە باڵاکانە، یان بۆ فەرمانبەرە بچووکەکانە کە لە کاروانی ساختەکەرانی بڕوانامەدان، یاسایەکی توندیان هەیە کە سەروکارییان دەکاتو دەیانباتەوە سەر ڕێگەی ڕاست.

دۆسـیـەی بـڕوانـامـەی ساختە، ئـەو تیرۆرەیە کە چـووەتـە هزری عێراقییەوەو لێبووردنیش لێی بە مانای چاندنی خانەیەکە کە بەهێمنیی زانستو رۆشنبیریی و ویژدان بۆگەن دەکات لە وڵاتێکدا کە ڕۆڵەکانی باجی سیاسەتی سلبی لـە لایـەکو خزمەخزمێنەو ناسیاویی لەلایەکی ترەوە، دەدەن.

دواجـار، داویـەک بۆ حکومەتی بڕوانامەی ساختە: دەتوانن بۆ ماوەیەک، خەڵک هەڵخەڵەتێنن، بەڵام ناتوانن تاسەر هەڵیانخەڵەتێنن.

# مالیکی دەستە سەربەخۆکان کۆنترۆڵ دەکات

**ڕاپۆرتی: هەستیار قادر**


ئایا مالیکی سەرکەوتوو دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی دەستە سەربەخۆکان؟

دادگای فیدراڵیی عێراق ماف بە مالیکی دەدات «کۆنترۆڵی دەستە سەربەخۆکانی عێراق بکات»و دوو پەرلەمانتاری کوردیش ئەو هەنگاوە بە مەترسیدار لەقەڵەم دەدەن.

لـە نـووسـراوێـکـدا کە نووسینگەی نـوری مالیکی، سـەرۆک وەزیـرانـی عـێـراق لە ٢٠١٠/١٢/٢ ئاراستەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقی کردووە، تیایدا داوای کردووە کە سروشتی پەیوەندیی دەستە سەربەخۆکان یەکلایی بکاتەوە لەنێوان شێوازی پەیوەندیی هەبوونو چاودێریی و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نـوێـنـەران، یـان ئەنجومەنی وەزیرانەوە،لەوداوایەدانووسینگەی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوە داوە کە بە هەڵە شرۆڤەکردنی دەسـتـووری عێراق وایـکـردووە، کە دەستە سەربەخۆکان لە چوار ساڵی رابـردوودا پشتگیرییان لە پەرلەمانەوە وەرگـرتـووە، بەبێ ئـەوەی لـەژێر چاودێریی هیچ لایەنێکدابنو ناونانیشیان وەک دەستەی سەربەخۆ، مانای ئەوە نییە لەژێر چاودێریی هیچ دەسەڵاتێکی یـاسـادانـانو جێبەجێکردنو دادوەریدا نەبن، بەڵکو تەنیا لە رووی ئیداریی و داراییەوە سەربەخۆنو پێیوایە کە ئەو دەستانە سروشتێکی جێبەجێکردنیان هەیە.

لە وەڵامـی ئەو نووسراوەی نووسینگەی مالیکیشدا، ئەندامانی داگای باڵای فیدراڵیی عێراقی بە نووسراوی ژمارە (١٨)ی رۆژی ٢٠١١/١/١٨ ئاماژەی بەوە داوە کە هەریەک لە دەستەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو دەسـتـەی نـەزاهـەو کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ، بەپێی مادەی (١٠٢)ی دەستوور، وەک دەستەی سەربەخۆ نـاوبـراون کە لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نوێنەراندان، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئەو سێ دەستەیە پەیوەستدەبن بە کام لە دەسەڵاتەکانەوەو بە شێوەیەک لە شێوەکانیش حکومەتی عێراقیی دەکـاتـە مەرجەعیەتی زۆربـەی دەستە سەربەخۆکان.

> سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگرەکانیشی سەر بەحیزبی جیاجیانو مەترسیی ئەوە دەکرێت کە ئەوان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان ئەو دەستانە بەکاربهێنن

لەوبارەیەوە د. لەتیف شێخ مستەفا، یـاسـانـاسو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەفراکسیۆنی گـۆڕان، ئاماژەی بەوەدا، کە ئەو شرۆڤەیەی دادگای فیدراڵیی جۆرێک لە هەژموونی ئەنجومەنی وەزیران دەدات بەسەر دەستە سەربەخۆکاندا، ئەوەش دووره لـە رۆحـی دەسـتـوور، سەربەخۆیی دەستەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دووره لە رۆحی دەستوورو فەلسەفەو سیستمی سیاسیی نوێو خودی بیرۆکەی دروستکردنی ئەو دەستانەوەو بۆ رۆژنامە وتی: «دادگـای فیدراڵیی بـە گـومـانـەوە دەڵـێـت، دەبێت ئەم دەستانە سەر بە یەکێک لە دەستەکان بنو گەر ترسێکیش لەسەر سەربەخۆبوونی ئەو جۆرە دەستانە هەبێت، ترسی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە».

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە، لە باشترین باردا، یان دادگای فیدراڵیی لە دەستوور نەگەیشتووە، یان نەرمیی نواندنێک هەیە بەرامبەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنو خودی سەرۆک وەزیران».

ئەمە لەکاتێکدایە زیاد لە (٤٠) دەستەو دامـــەزراوە لە عێراقدا بوونی یاسایی و دەستوورییان هەیە کە هەندێکیان لە رووی دارایـی و ئیدارییەوە سەربەخۆن، هەندێکیشیان بەپێی بنەمای لامـەرکـەزیـی پـەیـوەسـتـن بە ئەنجومەنی وەزیـران، یان یەکێک لە وەزارەتەکانەوەو هەندێکیشیان پـەیـوەسـتـن بـە ئەنجومەنی نوێنەرانەوەو هەندێکی تریشیان لە پرسە جیاجیاکانی عێراقدا، رۆڵی بێلایەنیان پێدراوە، لەوانە کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو کۆمسیۆنی باڵای مافی مـرۆڤـو دەستەی نەزاهەو دەسـتـەی راگـەیـانـدنو دیوانی چاودێریی دارایی.

هاوکات پەرلەمانتارێکی تری کـورد پێیوایە، بەستنەوەی ئەو دەستانە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دژ بـە دەسـتـوورەو مەترسیی گەورەی لێدەکرێت.

ئـازاد ئەبوبەکر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە دەستە سەربەخۆکان لەژێر چاودێریی پەرلەماندان، مەترسییەکی گەورەیە گەر ئەو دەزگایانە سەر بەحکومەت بن، وتیشی: «سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـرانو جێگرەکانیشی سەر بەحیزبی جیاجیانو مەترسیی ئەوە دەکرێت کە ئەوان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خـۆیـان ئـەو دەستانە بەکاربهێنن».

ئازاد ئەبوبەکر، ئاشکرایکرد؛ کە دەستەیەکی وەک کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گـەر سـەر بە حکومەت بێت، لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا، دوور نییە حکومەت کاریگەریی لەسەر دروست بکات، دەشێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریبهێنێت.

# بۆنەی شیعەکان، پەرلەمانو حکومەت پەکدەخات

## پەرلەمانتارێکی شیعە: بۆنەکان زۆرن ناتوانین بیانکەینە پشوو

**ڕاپۆرتی: کاروان عومەر**



بۆنەی ساڵانەی شیعەکان، کارەکانی پەرلەمانو حکومەتی عێراقو دامودەزگاکانی پەکدەخات، لە کاتێکدا کە پەرلەمانتارێکی شیعە پێیوایە؛ «ئەو بۆنانە زۆرن، ناکرێت بکرێنە پشووی رەسمیی»، پەرلەمانتاێکی سوننە دەڵێت: «بۆنەی شیعەکان ئەوەندەی تر پەرلەمانی دواخستووە».

هەفتەی رابردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کارەکانی خۆی راگـرت، بەهۆی بەشداریکردنی پەرلەمانتارە شیعەکان لە یادی ئەربەعینەی ئیمام حوسەینو کارەکانی حکومەتیشی پەککخست، بـەو پێیەی زۆربـەی وەزیـرو پەرلەمانتارەکان کە شیعەن، بەشداریی ئەو مەراسیمەیان کرد لە شاری کەربەلا.

لەوبارەیەوە رەعد حەمید کە ئەندامێکی سوننە مەزهەبی سەر بە ئیئتلافی عێراقییە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پەرلەمانی عێراق هەشت مانگ لە تەمەنی رۆیشتووە بەبێ ئەوەی هیچ دانیشتنێک بکات، لە ئەنجامدانی کارەکانیشی دواکەتووە وەکو یاسادانانو چاودێریکردنی حکومەت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەهۆی ئەنجامنەدانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کاتی سەردانو بۆنە ئایینییەکانی شیعەشدا، ئەوەندەی تر کارەکانی پەرلەمان دوادەکەوێت».

ئەمە لەکاتێکدایە نزیکەی (١٠٠) بۆنەی شیعە لە عێراقدا هەیە کە ساڵانە بەپێ رۆیشتن بەرەو نەجەفو کەربەلا، یان بەغدا یادی دەکرێتەوە، سەرەکیترین ئەو یادانەش: سەردانی ناوەڕاستی شەعبان، سەردانی دەی موحەڕەم، چلەی ئیمام حوسێن، ئەربەعینەی ئیمان حسێن، لەدایکبوونی عەلی هادیو ئیمام موسای کازم کە لە شاری بەغدا ئەنجامدەدرێت.

لە بەرامبەردا پەرلەمانتارێکی شیعە پێیوایە ئەو بۆنە ئایینییانەیان دانیشتنەکانی پەرلەمان دواناخات، دەکرێت قەرەبووی بکەنەوە.

عەلی کوردی، پەرلەمانتاری شیعەی ئیئتیلافی دەولەتی یاسا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، ئەنجامنەدانی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەکاتی سـەردانو بۆنەکانی شیعەدا، نابێتە هۆی دواکەوتنی کارەکانی پەرلەمان، بەو پێیەی بە وتەی ناوبراو داوایان لە پەرلەمان کردووە کە دانیشتنەکانی پەرلەمانی پێشو پاش ئەو ڕێوڕەسمانە چڕ بکاتەوە، بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە پەرلەمان تیایدا دانیشتنەکانی ئەنجام نادات.

عەلی کـوردی، بە تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «پەرلەمانو حکومەتی عێراق ناتوانێت ماوەی ئەو ڕێوڕەسمانە بکات بە پشووی فەرمیی، چونکە ماوەکەی زۆرەو تەنیا لەو پارێزگایانە کە تیایدا ئەو ڕێوڕەسمانە ئەنجامدەدرێت، دەکرێتە پشووی رەسمیی وەکو پارێزگای کەربەلا».

هـاوکـات پـسـپـۆڕێـکـی کاروباری بەڕێوەبردنیش پێیوایە، «بەفیڕۆدانی کات بووەتە کەلتوور لە عێراقداو کاریگەریی خراپیشی لەسەر عێراق بەجێهێشتووە».

د.سەحەر قەدوری، لێکۆڵەری بـواری بـەڕێـوەبـردن ئاماژەی بـەوەدا کە کـات بـەفـیـڕۆدان لە عێراقدا بووەتە کەلتوورێکو هەموو لایەک پەیڕەوی دەکەنو هیچ کەسێک ڕێز لە کات ناگریت، بۆیە بارودۆخی عێراق روو لە خراپیی دەکـاتو بە رۆژنامەی راگەیاند: «نـەک تەنیا لە میانی سەردانە ئاینییەکانی پەرلەمان لەکاردەکەوێت، بەڵکو سەرجەم دامـــەزراوە حکومییەکانیش بەهەمانشێوە تووشی ئیفلیجبوون دەبێت».

# ئۆپۆزسیۆنی جەزائیر: گەر بە ئاشتی نەیگۆڕین، لە تونس توندتر دەبین

ئا: ڕۆژنامە

«حکومەت دەیەوێت کڕنووشی بۆ بەرین، بەڵام ئێمە کڕنووش نابەین»، ئەمە وتەی بەرپرسێکی ئۆپۆزسیۆنی جەزائیر بوو لە کاتی بەشداریکردنی لە پرۆتێستو خۆپیشاندانە گەورەکەی ئەو وڵاتەدا کە تائێستاش بەردەوامە، جەزائیر کە دوای دابەشبوونی تونس دەبێتە گەورەترین وڵاتی ئەفریقاو دەیەمین گەورە وڵاتی جیهان. خۆپیشاندەرانی ئەم وڵاتەش بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشی یاسەمینیی، هاتوونەتە سەر شەقامەکانو داوای گۆڕانو دیموکراسیەت دەکەن.

پۆلیسی ئەو وڵاتە بە توندیی وەڵامی خۆپیشاندانەکانیان دایەوەو هەر پێش ئەوەی جەماوەر بێنە سەر جادەکان جەزائیری پایتەخت گەمارۆ دراو سوپاو پۆلیس شەقامەکانی پڕ کردبوو، بەڵام ئەمەش ڕێی نەگرت لە هاتنە دەرەوەی جەماوەرو بگرە بە توندیی ڕووبەڕووی پۆلیس بوونەوەو دەیانیان لێ بریندارکردن، پۆلیس بە بەکارهێنانی هێز ڕێی لە گەیشتنی جەماوەر بە مەیدانی یەکی ئایار گرت، کە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بە نیازبوون مارشی پرۆ-دیموکراسیەت لەو شەقامەدا بلێنەوە، هەرچەندە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە خۆپیشاندان لەو وڵاتە یاساغکراوە، بەڵام جەزائیرییەکان ئەو یاسایەیان شکاند.

ڕۆژنامەی (وطن)ی جەزائیری سەربەخۆ، باسی لەوە کرد؛ کە خۆپیشاندان لە دەرەوەی جەزائیری پایتەختیش بەردەوامەو هەندێکیان ویستوویانە بگەنە پایتەخت، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگرییان لێکراوە، بۆدرا ڕێدای، سەرۆکی گردبوونەوەی ڕۆشنبیریو دیموکراسی، گەورە هێزی ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتەش ئەشکەنجە دراوەو بە گۆچان لێیدراوە، ئەمە جگە لەوەی پێشتر هاوڵاتییان ئاگادار کراونەتەوە لەوەی کە؛ «ئارامیی تێکنەدەن»و ژیریی خۆیان بەکاربێنن بۆ بەشداریی نەکردن لە هیچ جۆرە خۆپیشاندانێکدا، ئەمە جگە لەوەی لە لێدوانێکی فەرمیدا حکومەتی ئەو وڵاتە هاوڵاتییانی دڵنیاکردووەتەوە کە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەک «شکاندنی یاسایە».

حکومەتی جەزائیر بە جۆرێک لە دووبارە بوونەوەی مۆدێلی خۆپیشاندانەکەی تونس ترساوە، کە نزیکەی (پانزە هەزار) کارمەندی ئاسایشی هێناوەتەوە پایتەخت، لە کاتی گرتنی هاوڵاتییاندا یەکەم پرسیار کە لێیان دەکرێت، ئەوەیە؛ «پشتگیریی خۆپیشاندانەکەی تونس دەکەیت، یان نا؟» چونکە پشتگیریکردنی ئەو خۆپیشاندانە بۆ ئەوان بە «تاوان» لەقەڵەم دەدرێت، بە ڕای بورهان غەلیون، کە ئەکادیمیستێکی سۆربۆنەو پێشتر پێشبینی کەوتنی حوکمی بن عەلی، لە تونس کردبوو، جەزائیریش وڵاتێکە کە دەسەڵاتەکەی چیتر توانای مانەوەی نەماوە لە بەرامبەر نارەزایی خەڵکدا، ئۆپۆزسیۆنی جەزائیریش بە ئاشکرا دەڵێن؛ «گەر نەتوانین بە ئاشتی بیگۆڕین، زۆر توندوتیژتر دەبین لە جەماوەری تونس»، غەلیون پێیوایە؛ تونسو جەزائیر تەنیا لە ڕووی جوگرافییەوە نزیک بە یەک نین، بگرە سیستمی سیاسییو سایکۆلۆژیای هاوڵاتییانو باری ئابووریشیان لەیەک دەچێت.

لە ئێستادا عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە، سەرۆکی جەزائیرەو دەیەمین سەرۆکی ئەو وڵاتەیە، بۆتەفلیقە، لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە تائێستا لەسەر حوکمە، بۆتەفلیقەش، هەروەک بن عەلی، سەرۆکی تونس تەمەنی (٧٤) ساڵە، لە مەغریب لەدایکبووە، لەدوای چەندین هەوڵی سەرۆکایەتیی بۆتەفلیقە، لە ساڵی (١٩٩٩) و بە هۆی ساختەکارییەوە توانی ببێتە سەرۆکی جەزائیر بە پاڵپشتی سوپای ئەو وڵاتە، هەموو کاندیدەکانی دیکەی سەرۆکایەتیی کشانەوە بە پاساوی بوونی ساختەکاریی، لەو کاتەوە تائێستا بۆتەفلیقە، سەرۆکایەتیی گرتووەتەوە دەستو تائێستا شەش سەرۆک وەزیرانی گۆڕیوە.

خۆپیشاندەران لە ئێستادا داوای نەمانی گەندەڵییو پێدانی ئازادییو دیموکراسی دەکەنو ڕێژەی بەشداریکردنو توندیی خۆپیشاندانەکانیش ئەوە دەردەخات، کە بەمزووانە خۆپیشاندانەکان دانامرکێنەوە، لە ئێستادا بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە نزیکەی پەنجا هاوڵاتی جەزائیریی بریندار بووە بە هۆی توندوتیژیی پۆلیسو هێزەکانی ئاسایش دژی هاوڵاتییان، ئەمە جگە لە ژمارەی ئەو پۆلیسانەی کە بریندار بوون، ڕای زۆربەی پسپۆڕان ئەوەیە؛ کە جەزائیر دووەمین پولی دۆمینەیە لەو یارییەی کە بە تونس دەستیپێکردو بە هۆی لێکچوونو نزیکییەکانی ئەو دوو وڵاتەوە، جەزائیریش دوای مۆدێلی تونس دەکەوێت.

جەزائیر، وڵاتێکی عەرەبییە لە باکووری ئەفریقاو لە ساڵی (١٩٦٢)و لەدوای بەخشینی یەک ملیۆن شەهید، توانی لە حوکمی داگیرکاریی فەرەنسا ڕزگاری ببێت، جوگرافیایەکی فراوانی داگیرکردووە، کە لە دەریای ناوەڕاستەوە بۆ بیابانی گەورەی عەرەبی درێژ دەبێتەوە، زیاتر لە (٣٥) ملیۆن لەم وڵاتەدا دەژینو لەدوای زمانی عەرەبی، زمانی فەرەنسی دیفاکتۆیەو بووەتە زمانی فەرمیی کاروباری ڕۆژانە، جەزائیر ئەندامی هەریەکە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی (نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، یەکێتی ئەفریقاو ئۆپێکە)، ئەمە جگە لەوەی دامەزرێنەی یەکێتی وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبییە. پێش سەربەخۆییبوون، هەریەکە لە فەرەنساو عوسمانیو ئیسپانییەکان حوکمیان کردووە.



# لوبنانو مەترسیی شەڕی ناوخۆ

شالاو فەتاح

**هێشتا سەرۆک وەزیران لە گەشتەکەی بوو کە حکومەتەکەی هەڵوەشایەوە بەڵام سەعد حەریری، خۆی تێکنەداو بەردەوامبوو لە گەشتەکەی، لە فەرەنساوە چوو بۆ تورکیاو پاش دوو ڕۆژ لە کشانەوەی حیزبوڵڵا لە حکومەتە نیشتمانییەکەی لوبنان، گەڕایەوە بۆ وتوێژکردن لەسەر کێشەکە.**

بەیروتی پایتەخت ئارامە، ئەمەش مژدەیەکی خۆشە، چونکە چاوەڕوانی شەڕی ناوخۆ دەکرا لەدوای کشانەوەی (١١)ی وەزیرەکەی حیزبوڵڵا لە حکومەتەکەی سەعد حەریری کوڕی ڕەفیق حەریری، سەرۆک وەزیرانی تیرۆرکراوی پێشووی لوبنان.

میشێل سولێمانی، سەرۆکی لوبنانیش دەیەوێت سوود لەو ئارامییە وەربگرێت بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی نوێ، بڕیارە توندەکەی حیزبوڵڵا دوای ئەوە دێت کە سەرۆک وەزیران ڕازی نەبوو بە پشتگیریی نەکردنی دادگا لەسەر کەیسی تیرۆری ڕەفیق حەریری، کە دوورنییە حیزبوڵڵا تێوەبگلێت لە کاتی دەرکەوتنی ئەنجامەکاندا.


سیستمی سیاسیی لوبنان سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتە بەپێی گرووپە دینییەکان، لە لوبناندا سێ گرووپی دینی گەورە هەیە، سوننی، مەسیحی مارۆنی، شیعە، هەر بەو جۆرەش سەرۆک وەزیران هەمیشە لە سوننیەو سەرۆک کۆمار لە مەسیحییەکانەو سەرۆکی پەرلەمانیش لە شیعەیە.

هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار ساڵ جارێکەو پەرلەمانیش سەرۆک بۆ شەش ساڵ هەڵدەبژێرێتو دواتریش بە سەرۆکو پەرلەمان سەرۆک وەزیران هەڵدەبژێرن، لە ئێستادا سەعد حەریری، نوێنەری سوننەکانەو سەرۆک وەزیرانی لوبنانە، میشێل سولێمان، لە مەسیحییەکانو سەرۆکی لوبنانەو نەبی بەریش، لە شیعەکان سەرۆکی پەرلەمانە، دوایەمین هەڵبژاردن لە ساڵی (٢٠٠٩) کراو پۆستەکان بەپێی گرووپە دینییەکان دابەشکرانەوە، لوبنان فرەدینییەکی بێوێنەی هەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو زۆرێک لە گرووپە جیاوازەکانی موسڵمانو مەسیحی لەو وڵاتەدا کۆبوونەتەوە.

| مێژووی ناجێگیریی سیاسیی لە لوبنان | |
|---|---|
| نیسانی 1975 | شەڕی ناوخۆ لەنێوان موسڵمانو مەسیحیو فەلەستینییەکان دەستیپێکرد |
| حوزەیرانی 1976 | هێزەکانی سووریا هاتنە ناو لوبنانەوە |
| ئازاری 1978 | ئیسرائیل باشووری لوبنانی داگیرکردو دوای سێ مانگ کشایەوە |
| 1982 | دوای سێ هەفتە لە سەرۆکایەتی، بەشیر جومەیل بە بۆمب کوژراو لە تۆڵەدا مەسیحییەکان 1000 مەدەنییان کوشت |
| تشرینی یەکەمی 1990 | هێزە ئاسمانییەکانی سووریا هێرشیان کردە سەر کۆشکی سەرۆکایەتی لوبنان |
| 1996 | شەر لەنێوان حیزبوڵڵای شیعەو ئیسرائیل لە لوبنان دەستیپێکردو ئەمریکا ڕێککەوتنی بۆ ئیمزاکردن |
| ئایاری 2000 | هێزەکانی ئیسرائیل بەتەواوی لە باشووری لوبنان کشانەوە |
| شوباتی 2005 | ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیران بە بۆمبی سەیارە کوژراو ئەمەش حکومەتی هەڵوەشاندەوە. |
| ئایاری 2008 | ترسی شەڕی ناوخۆ دروستبوو، دوای کوژرانی 80 کەس لە پێکدادانی جەماوەری حیزبوڵڵاو حکومەتدا |
| تەمموزی 2008 | سەرۆک میشێل سولێمان دروستکردنی حکومەتی نیشتمانیو پێدانی مافی ڤیتۆی ئەساسی بۆ حیزبوڵڵا قبوڵکرد |
| حوزەیرانی 2009 | سەعد حەریری 71 کورسی لە 128 کورسی پەرلەمان بردەوەو بوو بە سەرۆک وەزیران |
| کانوونی یەکەمی 2009 | حەریری حکومەتی نیشتمانی بە بەشداری حیزبوڵڵا پێکهێنا |
| کانوونی دووەمی 2010 | حکومەتی لوبنان بەهۆی کشانەوەی حیزبوڵڵاوە هەڵوەشایەوە |

## کێشەی نێوان حیزبوڵڵاو حەریری

دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٨) میشێل سولێمان، بوو بە سەرۆکی لوبنان، مافی ڤیتۆی بە شیعەکان بەخشیو کشانەوەی ئەو ئیمتیازەشی پێبەخشین کە بە کشانەوەی حیزبوڵڵا حکومەت هەڵدەوەشێتەوە، هەربۆیە سولێمان، زوو ئیعتیرافی بە هەڵوەشانەوەی کابینەکەی حەریری کردو داوای لێکرد وەک حکومەتی (تصریف أعمال) کار بکات تا ئەو کاتەی حکومەتێکی نوێ دادەمەزرێت، کێشەکە ئەوکاتە سەریهەڵدا حەریری سووربوو لەسەر پشتگیریکردنی دادگا نێودەوڵەتییەکەی کەیسی باوکی، بەمشێوەیەش حیزبوڵڵا هەموو ڕێگەیەکی گرتە بەر لەپێناو بەڕێوەنەچوونی ئەو دادگاییەدا، دوایەمین فشاریش کشانەوەبوو لە حکومەت، چونکە گومان دەکرێت کە ئەنجامەکان بەشداریی گرووپێکی شیعەی لوبنانی کە پشتگیریی لە ئێرانەوە بۆ دێت، ئاشکرا بکەن ئەم گرووپەش تەنیا حیزبوڵڵایە، ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی پێشوو (١١)ی وەزیری کابینەکەی حەریری بەهەمان مەبەست دەستیان لەکارکێشایەوە، ئەمەش کێشەی زۆر بۆ ئەمریکا دروستدەکات، چونکە سەعد حەریری، گەورەترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لە لوبنانداو بەهێزبوونی زیادبوونی دەسەڵاتی حیزبوڵڵا دەبێتە هۆی لەدەستچوونی ئەو پەیوەندییە، حیزبوڵڵا زیاتر پشت بە ئێرانو سووریا دەبەستێت.




## ڕۆڵی هێزە دەرەکییەکان

واشنتۆن زوو ئەو هەنگاوەی حیزبوڵڵای ئیدانە کردو هیلاری کلنتۆنی، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە بە سەردانێک لە قەتەر بوو هەنگاوەکەی حیزبوڵڵای بە نەبوونی بەرپرسیارێتی لەقەڵەمدا. سەعد حەریریش، دوای بانگەوازی کۆبوونەوەو گفتوگۆ هەنگاوەکەی حیزبوڵڵای مەحکوم کرد، سامی برۆدی پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان دەربارەی هۆکاری کشانەوەی حیزبوڵڵا پێیوابوو: «ئۆپۆزسیۆن نایەوێت حکومەتێک هەبێت کە لەگەڵ دادگاییەکەدا هاودەنگ بێت»، بەڵام کێشەکە لێرەدا کۆتایی نایەتو بەڕای ئەو پرۆفیسۆرە حیزبوڵڵا فشارێکی زۆر دەخاتە سەر سەرۆک وەزیرانی داهاتووی لوبنانیش بۆ هەمان مەبەست.

لە ئێستادا هاوڵاتییانی لوبنانی هەست بە خەتەرێکی گەورە دەکەن لەسەر وڵاتەکەیانو ترسیان لەوە هەیە چارەنووسی لوبنانیش وەک عێراقو پاکستانی لێبێت، وەک هاوڵاتییەکی لوبنانی دەڵێت: «ترسمان هەیە وڵاتەکەمان لەدەستبچێت».

ئەم ترسەش لەوە دروستبووە کە دروستبوونی هەر شەڕێکی ناوخۆ دەبێتە هۆی هاتنە ناوەوەی چەند لایەنی دەرەکیی لەنێویاندا ئێرانو ئیسرائیلو سوریاو ئەمریکا. ئەمەش تەنیا لە بەرژەوەندیی لوبنانییەکاندا نییە.

دوای ئەوەی سەعد حەریری، سووربوونی خۆی لەسەر بەردەوامیی دادگاییەکە پیشاندا، لەگەڵ ئۆباما، گفتوگۆی بە ئارامیی هێشتنەوەی لوبنان دەکاتو باس لەوە دەکات کە بە هاوکاریی «فەرەنساو سعودیەو هێزە نێودەوڵەتییو هەرێمییەکانی دی» نەهێڵرێت لوبنان ئەو ئارامییەی ئێستای لەدەستبچێت، حەریری پێیوایە؛ کە ڕۆڵی سعودییەکان لە کاروباری لوبناندا پۆزەتیڤ بووە، بەڵام هەڵوەشانەوەی حکومەتەکە دەکەوێتە ئەستۆی سوریا، چونکە ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نین ئەو دادگاییە بە ئەنجام بگات.

لە ئێستادا لوبنان چاوەڕوانی دوو شت دەکات، یان پێکهاتنی حکومەتێکی نوێ، یاخود دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕی ناوخۆ بەدەستی دەرەکیی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە حیزبوڵڵا سەرۆک وەزیرانێک قبووڵناکات لەگەڵ بەردەوامیی دادگایی کەیسی ڕەفیق حەریری، بێتو بۆ ئەمەش مافی ڤیتۆو هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەیە، هەر بۆیە لە ئێستادا لوبنانییەکان لە گەیشتن بەو بنبەستە سیاسییە دەترسن، کە بە هۆی بە جەماوەرییبوونی حیزبوڵڵای شیعە مەزهەبەوە دروستبووە.

گەراجی هێڵەکانی دەرەوەی کۆیە دوای دوو ساڵ لە دروستکردنی دەڕووخێت 14

# باشووری سودان بە دوای ناوی دەوڵەتدا دەگەڕێت

رۆژنامە

**گەلی باشووری سودان کۆتایی بە ریفراندۆمە سێ هەفتەییەکە هێناو تێیدا (٨٠٪)ی ئەوانەی شیاوی دەنگدانن، دەنگیان لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەیان دا، ئەنجامە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆرینەی زۆری سودانییەکان دەنگیان بە جیابوونەوە داوە، نەک مانەوە، ئەمەش چاوەڕوانکراوبوو، هەرچەندە ئەنجامی کۆتایی تا مانگی داهاتوو ڕاناگەیەنرێت، ئەو باشوورییانەی کە لە ئەوروپا دەژین، (٩٧٪)یان دەنگیان بە جیابوونەوە داوە.**

| باشووری سودان | |
|---|---|
| دەنگدان | ٩-٢٠١١/١/١٥ |
| ڕێژە بۆ جیابوونەوە | ٦٠٪ |
| شیاوی دەنگدان | ٤ ملیۆن کەس |
| ڕێژەی دەنگدەران | ٨٠٪ |
| راگەیاندنی ئەنجام | ٢٠١١/٢/٦ یان ٢٠١١/٢/١٤ گەر سکاڵا هەبوو |
| رۆژی سەربەخۆیی | ٢٠١١/٧/٩ |
| ئەنجامی سەرەتایی | جیابوونەوە |



باشووری سودان دەنگی بۆ جیابوونەوە دا

ریفراندۆمەکە هەفتەیەکی خایاندو لە (٩)ی ئەم مانگەوە تا ئێوارەی شەممە، واتە (١٥)ی مانگی خایاند، بۆ جیابوونەوە پێویستە (٦٠٪)ی باشوورییەکان دەنگیان بە جیابوونەوە دابێت، بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان زۆر زیاتر لەو ڕێژەیە دەنگی بە جیابوونەوە داوە.

محەمەد ئیبراهیم خەلیلی، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە سودان دەربارەی ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیانی باشووری سودان لەو هەڵبژاردنەدا دەڵێت: «(٨٠٪)ی باشووری سودان دەنگیان داوەو (٥٣٪)ی ئەو باشوورییانەی لە باکووری سودانیش دادەنیشن، ئەمە جگە (٩١٪)ی ئەو باشوورییانەی لە هەشت وڵاتی جیاوازی دنیادا دەژین.

ریفراندۆمەکە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بە «باش» لە قەڵەمدراو لەکاتی ریـفـرانـدۆمـەکـەدا پشێویی‌و ساختەکاریی ئەوتۆ نـەکـرا، ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پرێس ئەنجامی (١٠) سندووقی لە جوبای پایتەخت ئاشکرا کردو تیایدا (٩٦٪)ی هاوڵاتییان دەنگیان بە جیابوونەوە دابوو، باشوورییەکانی دانیشتووی ئوستralیاش لەگەڵ بوونی لافاوێکی مەترسیداردا لەو وڵاتەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان کرد، زۆرێک لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان ئارامیی ریفراندۆمەکەیان بەرز نرخاندو بە ئاماژەیەکی باشیان لەقەڵەمدا بۆ داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو سودان.

## سودان‌و تونس، دوو گۆڕانی گەورە

لەگەڵ تەواوبوونی ریفراندۆمەکەی بـاشـووری سـودانـدا گـەلـی تونسیش دیکتاتۆرەکەی خۆی لە وڵات وەدەرنـا، ئەم دوو ڕووداوە ئاماژەگەلی بەهێزیان پێ بوو بۆ وڵاتانی ناوچەکەو سەرکردە دیکتاتۆرەکان، لە پاش چەندین دەیە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی‌و ئەمنیی، هیچ یەکێک لە نوخبەی تونس بە سەرۆکایەتیی زەینەلعابدین بن عەلی‌و نوخبەی سودان بە سەرۆکایەتیی حەسەن ئەلبەشیر، نەیانتوانی تـاسـەر لـە چـەوسـانـدنـەوەی گەلانیان بـەردەوامـبـن، لە کاتێکدا هەریەک لەم دیکتاتۆرانە هێزێکی سوپایی‌و موخابەراتی گەورەیان لەپشتەوە بوو، ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی دیکە هاوڵاتییان هاتوونەتە سەر شەقامەکان‌و داوای «نان‌و گۆڕان» دەکـەن. ئەمەش تـەواوی سەرکردەکانی ناوچەکەی ترساندووە، کە لەوە دەترسن هەمان ئەنجامیان هەبێت.

## چارەنووسی ئابیە

یەکێک لە کێشەکانی نێوان باکوورو باشوور چارەنووسی ناوچەی ئابیەی دەولەمەند بە نەوتە، کە هەر یەکێکیان بە خاکی خۆی دەزانێت، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان باکوورو باشوورەوەو زۆریی نەوت لەژێر خاکەکەیدا وایکردووە، کە هەردوو لایەن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بدەن، هەر بۆیە لەم دەنگدانەدا ناوچەی ئابیە خراوەتە دەنگدانێکی تایبەتەوەو لە ریفراندۆمەکەدا چارەنووسی ئەم ناوچەیەش بەپێی حەزی زۆرینەی هاوڵاتییانی یەکلایی دەکرێتەوە، واتە گەر زۆرینەی هاوڵاتییانی ناوچەی ئابیە دەنگیان بە باشوور دا، ئەوا لەسەر وڵاتە نوێیەکە حساب دەکرێن‌و ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بوون، ئەوا لەسەر باکوور حساب دەکرێن.

باشووری سـودان دەبێتە نوێترین وڵاتـی کـیـشـوەری ئەفریقاو جیهان، کە دانیشتووانی (٨) ملیۆنەو پشت بە سـەرچـاوەی نەوتیی دەبەستێت، ئەم وڵاتە پایتەختەکەی جوبا دەبێت‌و زمانی رەسمیی ئینگلیزی‌و عەرەبییە، دینی سرووشتپەرست‌و مەسیحی‌و کەلتووریان ئەفریقییە، لە ئێستادا ئـاڵاو سـروودی نیشتمانیی بۆ باشووری سودان ئامادە کراوە، بەڵام تائێستاش ئەم وڵاتە ناوێکی نییە.

کۆماری سودانی یەکگرتوو لە ئێستادا گەورەترین وڵاتی ئەفریقاو عەرەبییەو دەیەمین گەورە وڵاتی جیهانە لە رووی جوگرافییەوە، بـەڵام هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە چەند کێشەیەکی ناوچەیی هەبووە، کێشەی باکوورو باشووریی‌و دارفـوورەکـان‌و بـەرەی رۆژهـەڵات، گەورەترین کێشەکانی ئەم وڵاتەن‌و بەو هۆیەوە دروستبوون کە چەندین ئێتنی‌و گرووپی دینیی جیاوازی تێدایە، ئەم وڵاتە وەک لە رووی جوگرافییەوە جیاکەرەوەی نێوان جیهانی عەرەب‌و ئەفریقایە، لە رووی کەلتووریشە دابەشبووە بەسەر عەرەب‌و ئەفریقییەکاندا، هەر لەدوای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە چەند دەیەیەک بەدەست شـەڕی ناوخۆ لەسەر کێشە ئێتنی، ئابووریی‌و دینییەکانەوە گیرۆدە بوو، کێشەکان بە تایبەت لەدوای حوکم گرتنە دەستی عومەر حەسەن ئەلبەشیری سەرۆکی سودانەوە پەرەیانسەند، دوای ئـەوەی ویستی بەدەستێکی ئاسنین شەریعەت بـەسـەر تـەواوی سـودانـدا بسەپێنێت.

# ئەستەنبوڵ کێشەی ئەتۆمیی ئێرانی پێ چارەسەر ناکرێت

ئا: شاڵاو فەتاح

**مەترسیی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران ئەوەیە، کە ئەو تەکنەلۆژیایەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمیی پێویستە، دەتوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی بەکارببرێت، واتە بە هەمان وێستگەو تەکنەلۆژیا دەتوانرێت چەک، یان وزە بەرهەمبهێنرێت.**



سەردانێکی ئەحمەدی نەژاد بۆ وێستگەیەکی ئەتۆمیی وڵاتەکەی

ئێران بانگەشەی ئەوە دەکـات؛ کە پرۆگرامەکەی ئاشتیخوازانەیە، بەڵام لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانێت ئاراستەی پرۆگرامەکەی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی بگۆڕێت، مەترسییەکەش ئەوەیە کە ئێران ماوەی (١٨) ساڵ پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆی بە شێوەیەکی نهێنیی پەرەپێدابوو لە بوشەهر، لە دەمی ئاشکرابوونیدا خۆرئاوا مەترسیی بوونی بنکەی نهێنیی دیکە دەکات، بەڵام تەواوی بەرپرسانی ئـێـران چەکی ئەتۆمیی «ڕەتدەکەنەوە»، هەروەک عەلی خامنەیی، ڕێبەری بـاڵای ئێران لە لێدوانێکیدا رایـگـەیـانـدبـوو، هـەرچـەنـدە بنکەی بوشەهر، بنکەیەکی جیاوازەو وزەی ئەتۆمییەکەی لە روسیا دەپێتێنرێت‌و دەنێردرێتەوە بۆ ئێران، لەبەر ئەوە مەترسیی لەسەر ئەم بنکەیە نییە، بەڵام ئێران چەندین بنکەی ئەتۆمیی دیکەی وەک: (قوم، نەتەنز، ئاراک، ئەسفەهان، فـەردا) هەیە. بوشەهر، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی پێشوو، لە سەردەمی شادا دەستپێکرد، بە تەواوبوونی دەبێتە یەکەمین وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکاربێت.

ئێران بەپێی (پەیمانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی «ئێن. پـی.تـی») مافی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمیی هەیە بۆ کـاری ئاشتییانە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئێران ئەندامێکی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەیەو ئەندامانی ئەو پەیماننامەیەش ئەو مافەیان هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نـێـودەوڵـەتـیـی سـەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان چەند سزایەکی بەسەر ئێراندا سەپاندووە بۆ راگرتنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی، ئەمەش لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارو پەیماننامەی تەواوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە هەڵدەوەشێنێتەوە، بە واتای ئەوەی بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتییان هەیە.

لە رووی تیۆرییەوە ئێران دەتوانێت لە (پەیمانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی) بکشێتەوەو دواتر ئازاد دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی، ئەمەش دوای ئەوەی کۆریای باکوور هەنگاوێکی هاوشێوەی پیادەکردو ڕێکخراوەکەی جێهێشت‌و چەکی ئەتۆمیی بەرهەمهێنا. بەڵام ئەمە لە واقیعدا پڕ گرفتەو ئەگەری لێدانی ئەو وڵاتە لە لایەن ئیسرائیل‌و هاوپەیمانەکانییەوە ئەگەرێکی کراوە دەبێت، ئەمە جگە لەوەی ئێران دەیسەلمێنێت کە مەبەستی لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئاشتیانە نییە، بەپێی دوایەمین راپۆرتی (ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم «ئای.ئی.ئەی.ئی»)یش، ئێران هیچ مەبەستێکی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی نییە، ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتی ڕێکخراوی نام (بزووتنەوەی بێلایەن)، کە (١٢٠) وڵات ئەندامیەتی هەیە، پشتگیریی پرۆگرامی «ئاشتییانە»ی ئێران دەکات.

ڕەخنەگران باس لە بوونی چالاکییە ئەتۆمییەکانی وڵاتانی دیکە دەکەن بۆ نموونە ئیسرائیل، دەوترێت ئەو وڵاتە نزیکەی (٤٠٠) کڵاوەی جەنگیی هەیەو باڵانسی هێزی لە ناوچەکەدا تێکداوە، بـەڵام ئیسرائیل نە ئەندامی (پەیمانی بەرگرتن لـە بـڵاوبـوونـەوەی چەکی ئەتۆمیی)یەو، نە ڕێ بە لێکۆڵینەوە لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی دەدات، ئەمە جگە لەوەی پاکستان‌و هیندستانیش ئەندامی ئەم ڕێکخراوە نین‌و دەتوانن پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆیان بەبێ راپۆرتدان بۆ ئەم ڕێکخراوە پەرەپێبدەن.

هەرچەندە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی ئەگەرێکی دوورە دەستە، ئەمەش ئاژانسە موخابەراتییەکانی ئەمریکا سەلماندوویانە، بەڵام بەرهەمهێنانی چەکی پلاتۆنیۆم ئەگەرێکی نزیکترە، بۆ بەرهەمهێنانی ئەم چەکە تەنیا چوار کیلۆگرام لە مادەی پلاتینیۆم‌و دەزگایەکی سادەی بەرهەمهێنانی چەکەکە پێویستە، گەر بە شێوەیەکی دروست ڕێکبخرێت، کڵاوەیەکی پلاتۆنیۆم هێزی (١٠٠) تەن (تی.ئێن.تی) هەیە، واتە بیست جار بەهێزتر لە کاریگەرترین تەقینەوەی تیرۆریستی لە مـێـژوودا، ئەمە جگە لەوەی تاران بە ڕێژەیەکی بەرز یۆرانیۆم دەپیتێنێت‌و ڕێ بە چوونە دەرەوەی یۆرانیۆمە پیتێنراوەکە نادات، تەنیا بۆ تورکیا نەبێت، ئەمەش تارانی کردووەتە ئامانجی چەندین سزا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش‌و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

ئـێـران بـە مەترسییەکی گـەورە دادەنـرێـت لـەبـەردەم خـۆرئـاوا لە ناوچەکەداو وڵاتانی دوورگەی عەرەبیش بە ئاشکرا دژایەتی دەکەن، هەر بۆیە ئەم وڵاتە هەمیشە بیری لە خۆپڕچەککردن‌و ئامادەبوون بۆ هەر شەڕێکی لەناکاو کردووەتەوە، دوایەمین هەوڵەکانی پشت بەخۆبەستنی ئەم وڵاتە بووەتە هۆی ترس لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی‌و تائێستا پێنج جار سزایان بەسەردا سەپاندووەو لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە پێنج جار سزا بەسەر ئێراندا سەپاوە، کە دوایەمینیان قورسترینیان بـووەو سـزای لەسەر بازرگانیی دەرەکیی ئەو وڵاتە تێدایە، لە بەرامبەردا ئێران هەمیشە دەڵێت؛ کە واز لە مافی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمیی بە مەبەستی ئاشتییانە ناهێنێت‌و لە دوایەمین دانیشتنی گرووپی (G6)و ئێران لە ئەستەنبوڵ، ئێران هەمان پەیامی دا بە وڵاتانی خۆرئاوا، لە بەرامبەردا هێشتا خۆرئاوا دەڵێت؛ کە هێشتا دەرگای گفتوگۆ لە بەرامبەر ئێراندا دانەخراوە، هەرچەندە ڕەخنەی زۆر لە هەڵوێستی ئـێـران دەگـرن‌و لـە گفتوگۆکاندا بە «نائومێدکەر» ناوزەدی دەکەن.

**سوود لە سایتی (B.B.C) وەرگیراوە.**

## کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە قوربانییانی ئەنفال:
# وەزیری کاروباری شەهیدان بەڵێنەکەی نەبردەسەر

راپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور

**وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراون، پێش جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی بە کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانی دابوو بۆ بەدادگاگەیاندنی جاشو مستەشارەکان، بووە وەزیری تەندروستی عێراق، ئەمەش نیگەرانیی لای کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە قوربانییانی ئەنفال دروستکردووە**

سەرباری ئەو هەموو نارەزایەتیو خۆپیشاندانو سکاڵا یاساییو کەمپەینانەی رێکخراوەکانی تایبەت بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ رادەستکردنی جاشو مستەشارەکان ئەنجامیانداوە، تا ئێستا هیچ یەکێک لەو جاشو مستەشارانەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە بەتۆمەتی بەشداربوون لەپرۆسەی ئەنفالدا داواکرابوونو ژمارەیان (٢٥٨)کەسە، رادەستی دادگا نەکراون.

بەشێک لەو مستەشارانەی بەعس، تائێستاش بە ئاشکرا لەهەرێمی کوردستان دەژینو لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە دەپارێزرێن، ئەگەرچی لەلایەن کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالەوە، سکاڵای یاساییشیان لەدادگاکانی ناوخۆی هەرێمیش لەسەر تۆمارکراوە.

لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراقدا بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی لە ٢٠١٠/١٢/٢١دا، د. مەجید حەمەد ئەمین، پۆستی وەزیری تەندروستی عێراقی پێسپێردرا، ئەگەرچی لەوکاتەدا پۆستی وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمیشی هەبوو.

د. مەجید حەمەد ئەمین، ئەوکاتەی کە وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵێنی بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دا ئەگەر جاشو مستەشارەکان نەبرێنە بەردەمی دادگاو سزای یاسایی نەدرێن، دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە.

بێستون فایەق، کەسوکاری ئەنفالو ئەندامی کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافی قوربانییانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزیری پێشووی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، پێشتر بەڵێنی ئەوەی پێدرابوو کە لە بەغداوە پۆستێکی تری پێدەدرێت، هەر بۆیە ئەو کات ئەو قسەیەی کردو بەئێمەی راگەیاند، ئەگەر ئەو جاشو مستەشارانە نەدرێنە دادگا، دەست لە کاردەکێشمەوە».

کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافی قوربانییانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، ماوەی سێ ساڵە بۆ بە دادگاگەیاندنی ئەو جاشو مستەشارانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشدار بوون، داواکاریی ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکاتو کەمپەینێکیشی بۆ هەمان مەبەست راگەیاند، بەڵام تا ئێستا هیچ دەرەنجامێکی نەبووە.

هاورێ پێشرەو، بەرپرسی کۆمەڵەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە لەو ماوەیەدا پەنجا هەزار ئیمزامان کۆکردەوەو لەگەڵ یاداشتێکدا ئاراستەی حکومەتی هەرێمو پارلەمانی کوردستانمان کرد، جگەلەوەش چەند مانگێکە بریاری دەستگیرکردنی (٢٥٨)جاشو مستەشار، کە بەشێکیان لە هەرێمی کوردستان دەژین، لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان، کەچی گوێ لە هیچ یەکێک لەوانە نەگیراوە».

ئەوە لە کاتێکدایە کە وەک بەرپرسی کۆمەڵەکە ئاماژەی پێکرد، لەکاتی پێدانی ئەو (٥٠)هەزار ئیمزایەدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵێنی پێداون کە ئەو جاشو مستەشارانە رادەستی دادگا بکات.

بەشێک لەو جاشو مستەشارانەی بەعس، جگە لەوەی مافی قوربانییانی ئەنفالیشیان لێنەسەنراوەتەوە، بەپێچەوانەوەو بەهۆی باڵادەستییانەوە تائێستا لەناوچەکانی خۆیان بوونەتە مایەی بێزاریی هاوڵاتییان.

ئاریان رەئوف، چالاکوانی بواری ئەنفال لەگەرمیان، ئاماژە بەوە دەکات، بەهۆی دادگایینەکردنی ئەو داواکراوانەو هاتوچۆیان بە بەرچاوی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە، دڵگرانییەکی دروستکردووەو بارێکی دەروونیی ئاڵۆزی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دروستکردووە.

ناوبراو، داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لەو بارە دەروونییەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئاگاداربێتو کاربکات بۆ هێورکردنەوەیان، ئەویش بە رادەستکردنی ئەو داواکراوانە دەبێت بەدادگا.

سەرجەمی ئەو جاشو مستەشارانەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون، ژمارەیان (٢٥٨)کەسەو کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیانیش پێیان وایە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان راگرتنی دڵی ئەوانەی لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێ گرنگترە.

بێستون فایەق، وتیشی: «ئەوەی دادگا داوای کردووە، تەنیا (٢٠٠)کەسن، بەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوەکان (٢٠٠)کەسن؟، حکومەتی هەرێم راگرتنی دڵی ئەو (٢٠٠) کەسەی لە راگرتنی دڵی (٢٠٠)هەزار کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێ گرنگترە».

سەرەرای هەموو ئەو نارەزایەتییانە کە دوایینجار خۆپیشاندانی لێکەوتەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتگوێخراوەو چالاکوانەکەی بواری ئەنفالیش، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پشتگوێخستنی ئەو نارەزایەتییانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، دەرەنجامی خراپی دەبێت.

ئاریان رەئوف، چالاکوانی بواری ئەنفال، وتی: «نیگەرانیی کەسوکاری ئەنفالکراوان بەرامبەر پشتگوێخستنی داواکارییەکان بۆ بە دادگاگەیاندنی جاشو مستەشارەکان، گەیشتووەتە ئاستی بێزارییو ئەگەر حکومەت هەر وا بێوەڵام بێت، ئەوا دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە».

لە نووسراوێکدا کە وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی ناردووە، ئاماژە بە نووسراوێکی دادگای باڵای تاوانەکان دەکات، کە بەژمارەی (رس/٨٣/١٠) لە رۆژی ٢٠١٠/٨/١١ ئاراستەی وەزارەتەکەیان کراوەو پشتئەستوورە بە بریاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پارلەمانی کوردستان، بەپێی بریاری دادگای ناوبراو، دەبێت (٢٥٨)تاوانباری کەیسی ئەنفالی دوو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە دەستگیربکرێن، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، ئەو بریارەی جێبەجێ نەکردووە.



رەمزی ئەنفال لە گەرمیان

فۆتۆ: رۆژنامە

# بەهۆی شکانی چینە بەردەکانی (سیتەک)ەوە زەمینلەرزە لە سلێمانی روودەدات

راپۆرتی: بەهادین یوسف

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا هەشت زەمینلەرزە لە سلێمانی دا، پسپۆرانی بوارەکەش حاڵەتەکە بە سروشتی ناودەبەنو رایدەگەیەنن «هیچ مەترسییەکی» لەسەر ژیانی خەڵک نییە.

لە رۆژانی (١٩-٢٠١١/١/٢٢) هەشت زەمینلەرزە بەپلەی جیاوازی (٣-٣,٤) پلە لە سلێمانی دا، بەهۆی کاریگەریی زەمینلەرزەکەی هەفتەی رابردوو کە بە پلەی (٧,٦) پاکستانی هەژاند.

بورهان ئیبراهیم سالح، سەرۆکی جیۆلۆجی پێشکەوتوو لە سەنتەری زەمینلەرزەی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو زەمینلەرزەیە کە سەعات (٢:٠١)ی پاشنیوەرۆی (١/٢٢) روویدا بەپێی پێوەری رێختەر پلەکەی (٣,١) بوو (٥کم) لە سلێمانییەوە دوورەو هەمانشێوەیە کە زەمینلەرزەکانی دیکە تێیدا روویداوە کە دەکەوێتە خوارووی خۆرهەڵاتی سلێمانی-ەوە.

وتیشی: «هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ جولەی هێزو پاڵەپەستۆ لەسەر چینە بەردەکانی ناوەوەی زەوی. ئەوەش بەهۆی جولەی پەرەی عەرەبیو ئەفەریقی بۆ سەر پەرەی ئاسیاو ئێران هێزێکی زۆر لەوێدا پەنگدەخواتەوەو وایلێدێت دەبێتەهۆی شکاندنی بەردەکانو دروستبوونی ئەو زەمینلەرزانە، ئەوەش مەترسی نییە بۆ سەر خەڵک بەهۆی ئەوەی زوو زوو خاڵیدەبنەوە.

لەماوەی هەفتەی رابردوودا چەند زەمینلەرزەیەک سلێمانیان هەژاند بە پلەی جیاوازی (٢-٣,١-٣,٢-٣,٣-٣,٤)و هۆکارەکانیشی نزیکیی ناوچەی سلێمانییە لە هێڵی ئەلفای زەمینلەرزە.

بەوتەی بورهان ئیبراهیم، ناوچەی سلێمانی دەکەوێتە نزیک هێڵی سەرەکی پشتێنەی زاگرۆس کە بە ئێراندا دەرواتو لەگەڵ ئەوەشدا چەند شکاوییەکی دیکە لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەو پشتێنەیەدا هەیەو بەهۆی بوونی شکاوییەکانیشەوە جولە دروست دەبێتو کاتێک هێزێکی زۆری لەسەر کۆدەبێتەوە، دەبێتەهۆی زەمینلەرزەو دەرپەرینی وزەو «بەهۆی دووریی ناوچەکەمان لە پشتێنەی زەمینلەرزەوە مەترسی زەمینلەرزەی بەهێز لەئارادا نییە».

ئاماژەی بەوەشکرد تائێستا زانست نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی پێشبینی روودانی زەمینلەرزە بکات: «ئەگەر پەستانەکانی سەر چینە بەردەکان خاڵیبووبێتنەوە بەتەواوەتی ئەوکاتە ئەگەری روودانی زەمینلەرزە نامێنێت».

شارەزایانی بوارەکەش ئاماژە بەوە دەکەن، بەهۆی زەمینلەرزەکەی چەند رۆژی رابردووی پاکستانەوە کاریگەریی لەسەر شکاویی چینە بەردەکانی ناوەوەی زەوی لە ناوچەکە دروستبووەو بۆ رێکخستنەوەی شکاوییەکانو هاوتاکردنی پاڵەپەستۆکانەوە زەوی جوڵەی تێکەوتووە.

د. پێشەوا محەمەد عەلی، پسپۆری جیۆفیزیا لەزانکۆی سلێمانی سەبارەت بەهۆکاری زەمینلەرزەکانی سلێمانی بە رۆژنامەی وت: «شکانێک هەیە لە چینە بەردەکانی ناوچەی سیتەک تا دەگاتە ناو سلێمانی، بەهۆی ئەم شکاوییەوە تووشی ناجێگیریی دەبێت لە ئەنجامی زۆربوونی پەستان لەسەر ناوچەکە».

وتیشی: «لەئەنجامی ئەوزەمینلەرزەیەی لە پاکستان روویدا، ناوچەکە بەگشتیی ناجێگیر بووە. هەندێکجاریش زەوی دەیەوێت خۆی رزگار بکات لەو پەستانانەی کە لەسەریێتیو خۆی بەتاڵ بکاتەوەو لەئەنجامدا جولە دروستدەبێت بۆ رێکخستنەوەی شکاوییەکانو هاوتاکردنی پەستانەکانی ناوەوەی زەوی بەسەر ئەو شکانەدا، لەئەنجامی ئەمانەشدا شکانی سیتەک چالاکبووە.

سەبارەت بە ئاستی مەترسی ئەو زەمینلەرزانە لەسەر خەڵکی، د. پێشەوا وتی: «زەمینلەرزەکە پلەیان زۆر کەمە لە (٣-٣,٦)و ئەمانە بەهێزنینو سروشتیینو شکاوییەکانی چینە بەردەکانی سلێمانیش زۆرن. لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لە رووی زەمینلەرزەوە جێگیرەو کەمتر زەمینلەرزەی لێ روودەداتو ناکەوێتە سەر هێڵی سەرەکی زەمینلەرزە».



# (بنکەی راهێنانی پیشەیی) یەکێک لە هۆکارەکان بۆ چارەسەری بێکاریی



ئەحمەد حەمەساڵح

(مرکز التدریب المهنی) یەکێک لەو پرۆژە گرنگو کاریگەرانەی کە لەسەردەمی فەرمانرەوایەتی بەعسییەکاندا لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا هەبوو، تەنیا لەشاری سلێمانیدا نەبێت، ئاشکرایە کە بەعسییەکان بە مەبەستی پەراوێزخستن کە هۆکاری سیاسیی بووە، سلێمانییان لەو پرۆژەیەو دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورەو چەندەها پرۆژەی تر بێبەش کردبوو.

لەدوای راپەرینو سەردەمی حوکمرانیی خۆماندا، سلێمانی شایستەی گەلێک پرۆژەی خزمەتگوزاریی بوو، لەو نێوەندەدا نەخۆشخانەی (٤٠٠)قەرەوێڵەییە کە بنیادنراوەو تا ئێستا تەواونەکراوە، هەروەها بنکەی راهێنانی پیشەیی، هەرچەندە پێشتر وەک بەشێک لەناو فەرمانگەیەک هەبووە، بەڵام کارا نەبووە لەبەر چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان نەبوونی بینای پێویستو وەرشە بووە، مایەی خۆشحاڵییە کە ماوەی ساڵێکە لە بینایەکی نوێدایە کە (٦)وەرشەی هەیەو لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دروستکراوەو پاشان لەلایەن رێکخراوی کۆیکای کۆرییەوە ئەم فەرمانگەیەو بەتایبەت وەرشەکانی (کۆمپیوتەر، میکانیک، بیناسازیی، دارتاشی) پێداویستیو ئامێری بۆ دابینکراوە.


ئێستا سلێمانی خاوەنی بنکەیەکی راهێنانی پیشەییە کە چەند وەرشەیەکی لەخۆگرتووە، قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە چۆن خولەکان دەکرێنەوەو چۆن بەکردنەوەی خولی فێرکاریی، فێرخوازان دەبنە خاوەن پیشەیەکو بەشێوەیەکی ئەکادیمی شارەزاو پرزانیاریی دەکرێن، ئەگەر بشتوانرێت ژمارەیەک لە دەرچووان بکاتە بەرهەمی ساڵانەی خولەکان، لەئێستاوە پێش (دەرچوونی فێرخوازانی یەکەم خولی راهێنان)، پێویستە بیر لە سوودوەرگرتنو سوودگەیاندنی ئەو راهێنراوانە بکرێتەوە لەپێناو ئایندەی ئەو گەنجە راهێنراوانە لەسەر پیشەیەک، پرسە مەترسیدارەکە لێرەدایە (هەر بەوێنەی بەشێکی زۆر لەخاوەن بروانامەکان، دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکانو پەیمانگاکانو زانکۆکان، خاوەن پیشەکانیش کە دەرچووی ئەو بنکەیە دەبن، بەبێکاریی دەمێننەوە؟ وەک جوتیارانی خاوەن کارو بەرهەم کە لەبەر سستبوونی کەرتی کشتوکاڵیی، بوونەتە بێکارو زەوییەکانیش بێناز کەوتوون، دەرچووانی ئەوخولانەش لەئایندەدا کە دەبنە خاوەن پیشە، بەبێکاریی دەمێننەوە، یان دەبنە خاوەن کار، وەرشەکانی بنکەی راهێنانیش بێناز دەبن، یان نیازی گەنجانی وڵات بەردەوام لەئامێز دەگرێت؟)، ئاشکرایە کە بە بوژاندنەوەی سەرجەم کەرتە ئابووریی بەخشەکان، هێزی کار زیاتر بەکاردەخرێتو توانای پایەی ئابووریش بەهێز دەکات.

هەر لە سەرەتاوە، بۆ کاراکردنو رۆڵگێرانی ئەم بنکەیەش، پێویستە هەر لە ئێستاوە بیر لە بەکارخستنی دەرچووانی خولەکان بکرێتەوە، تا لەئایندەدا کاریگەریی بەرچاوی هەبێت لەچارەسەرکردنی بەشێک لە دیاردەی بێکاریی، بەبروای ئێمە، هەنگاوی یەکەم بەوە دەکرێتو دێتەدی کە هەماهەنگیی لەنێوان وەزارەتەکانی پیشەسازییو کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەبێت کە بیر لە پێدانی قەرزی بچووک بەخاوەن پیشەکان، بەتایبەت دەرچووانی بنکەی راهێنانی پیشەیی بکەنەوە، کە پرۆژەیەکی لەوشێوەیەش دەبێت لە بەرژەوەندیی وەرگردا بێت بە بەخشینی لە بەشێکی قەرزەکەو بە مەرجی بەردەوامی لەکارکردنو وەرگرتنەوەی بەشێکی تری بەشێوەی قیست کە کارئاسانیی تەواوی بۆ بکرێت هەر لە هاوکاریی لە دابینکردنی پێداویستی کارکردنو پەیداکردنی بازار بۆ بەرهەمەکانیانو چاودێریکردنیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، هەروەها بەکارخستنی بەشێک لە راهێنراوان لە کۆمپانیاکان کە بکرێتە مەرج لەسەر خاوەنکارەکان، ئەو جۆرە پسپۆرو شارەزایانەی هێزی کاری دەرەکی بۆ دەهێنن، ئەگەر لەوپیشانە بێت کە دەرچووانی هەیە لەم بنکەی راهێنانی پیشەییە، دەبێت لەجیاتی هێنانی هێزی کاری دەرەکی، هێزی کاری ناوخۆیی بەکاربخرێت. ئەم شێوازەش زەحمەت نییە بۆ حکومەت، ئەگەر مەبەستی رۆڵگێرانی ئەم بنکەیە بێت لە بەرزبوونەوە ئابووریی چەندان تاکی ئەم کۆمەڵگایە، مەبەستیش هاندانو پاڵپشتی بێت بۆ بەگەرخستنی تواناو هێزی کاری ناوخۆ کە بەشێک لە دیاردەی بێکاریی چارەسەر دەکات، ئەوکاتەش کە نەخۆشخانەی (٤٠٠)قەرەوێڵەیی، نەخۆشێکی سلێمانی لەئامێزگرتو بنکەی راهێنانی پیشەیش بێکارێکی کردە خاوەن پیشەو کار، ئەو دەمە سلێمانی قۆناغێکی باش دەچێتە پێشەوە.

دوای هەواڵێکی ڕۆژنامە، بینای کۆلێژێک جێبەجێ دەکرێت 16

ڕاقەی بودجە

# داهاتی کوردستانو چەند سەرنجێک



عەلی حەمەساڵح

لە مـــاوەی ڕابـــردوودا کەمترین زانیاریی لە بارەی داهاتی گشتیی کوردستانو چارەنووسی ئەو داهاتەوە خـــراوەتـــە بـــەردەســـت هاوڵاتییانی کوردستان، لە پاش ڕاپەڕینی سالی (١٩٩١) داهاتی کوردستان وەک مولکی حیزب مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو ئەم دۆخە تاوەکو پرۆسەی ئازادیی عێراق بەردەوامبوو، ئەوەی لە داهاتی گشتیش وەک مووچە دەدرایـە فەرمانبەران زیاتر وەک ئەوە وێنا دەکرا، کە ئەمە مولکی حیزبەو بە خێری خۆی دەیداتە هاوڵاتییانی کوردستان.

لە پاش پرۆسەی ئازادیی عێراقو بە تایبەتیتر دوای دەرچوونی دەستووری عێراقی، بەپێی دەستوور دەبوو هەرێمی کوردستان کۆی داهاتەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندیو حکومەتی ناوەندیش ئەم داهاتە بخاتە نێو بودجەی گشتیی عێراقو دواتر بەسەر هەموو عێراقدا دابەش بکرێتەوە، بەڵام تاوەکو سالی (٢٠٠٧) کێشەی ناوەندو حکومەتی هەرێم نەناردنی داهاتی کوردستان بوو بۆ حکومەتی ناوەند.

### ناردنی داهات لە هەولێرەوە بۆ بەغدا

ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ داهاتێک ڕەوانەی حکومەتی ناوەندی ناکات، بەڵکو ژمارەیەک دەداتە دەست حکومەتی ناوەندو دەڵێت؛ ئەمە داهاتی هەرێمی کوردستانەو بۆ سالی دواتر حکومەتی ناوەند ئەو پارەیەی کە وەک داهاتی هەرێمی کوردستان دیاریکرابوو لە بەشە بودجەی گشتیی کوردستان دەبڕێت، لە کاتێکدا بە هۆی نەبوونی دیوانێکی چاودێریی تەندروستو چالاکو سەربەخۆ ئێمە دڵنیانین لەوەی، کە ئایا ئەو داهاتەی هەرێمی کوردستان دەچێتەوە ناو خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود نا؟، دڵنیانین لەوەش، کە ئایا ئەو ژمارەی کە دیاریکراوە وەک داهاتی کوردستان ڕاستە، یان نا؟، چونکە چەندین ژمارەی گوماناویی هەیەو دەکرێت لەسەری بوەستین، ئەوەی گومانەکە تۆختر دەکاتەوە ئەوەیە؛ لەنێو بودجەی کوردستاندا ئاماژە بە هیچ پارەیەک نادرێت وەک داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا دەکرێت حکومەتی ناوەندیی داهاتی هەرێمی کورستان لە بەشە بودجەی گشتیی کوردستان ببڕێتو دواتریش ئەو داهاتە نەخرێتەوە نێو بودجەی کوردستانەوە؟، ئەگەر ئەم تێبینییەی سەرەوە بە نموونەیەک ڕوونتر بکەمەوە.

داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سالی (٢٠٠٨) دا، (٢١٢) ملیارو (٤٤٥) ملیۆن دینار بووە، حکومەتی ناوەندیی ئەم پارەیەی وەک داهاتی سالی (٢٠٠٨) لە بودجەی گشتیی (٢٠٠٩)ی هەرێمی کوردستان بڕیوە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بڕە پارەیەی خستووەتە ناو خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یاخود نا؟ ئەمە پرسیارێکەو دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

### چەند سەرنجێک

لە ڕوانگەی ئابوورییەوەو بە ڕەچاوکردنی دۆخی ئابووریی کوردستان، سروشتی ئەو حکومەتانەی کە وەک هەرێمی کوردستان وایە، داهات دەبێت بە ڕێژەیەکی تا ڕادەیەک نزیک لە یەکتر زیاد بکاتو بواری کەمبوونەوەی داهاتەکەی نییە لە قۆناغی ئاساییدا، بۆ؟

ئەو بنەما سەرەکییانەی کە داهاتی کوردستان بە هۆیەوە زیاد دەکات زیاتر باجە، بۆ نموونە داهاتی گومرگەکان، کرێی کارەبا، داهاتی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتەکانی دیکەش زیاتر لە ڕێگەی باجەوەیە، بەڵام بە وەرگرتنی سێ سالی داهاتی هەرێمی کورستانو وردبوونەوە لە چەند ژمارەیەک دەبینین لەگەڵ ئەو لۆجیکە ئابوورییانەدا ناگونجێت کە بۆ سروشتی ئابووریی کوردستان دەکرێت بکرێتە پێوەر، بۆنموونە ناکرێت داهاتی سالێک دوو ئەوەندەی سالی پێشخۆی بێتو سالی پاشتر دیسانەوە کەم ببێتەوە، چۆن؟

بەپێی بەڵگەنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە وێنەیەکی لای ئێمەیە، داهاتی هەرێمی کوردستان لە سالی (٢٠٠٨)دا (٢١٢) ملیارو (٤٤٥) ملیۆن دینار بووە، بەڵام لە (٢٠٠٩)دا ئەم داهاتە بۆ (٤٦٥) ملیارو (٤٤٦) ملیۆن دینار زیادی کردووە، گومانەکە لەوەدایە، کە ئەگەر داهاتی (٢٠٠٩) دروست بێت هی سالی (٢٠٠٨) زیاترە لەو ژمارەی کە دیاریکراوە، چونکە ئەگەر سروشتی ئابووریی کوردستان وابێت ساڵ بە ساڵ داهاتەکەی زیاتر بکات، دەبوو داهاتی سالی (٢٠١٠) لە (٢٠٠٩) زیاتر بوایە، بەڵام داهاتی حکومەتی هەرێم کە داهاتی پێشبینیکراوی (٢٠١٠)ی بە (٣٤٨) ملیارو (٣٧٩) ملیۆن دینار داناوە، ئەم ژمارەیەش کەمترە لە هی سالی پێشتر.

### (٩٠) ملیاری ونبوو

بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرمیی کە وێنەیەکی دەست ئێمە کەتووەو وردو درشتی داهاتی کوردستانی بۆ سالی (٢٠٠٩) تێدایە، داهاتی هەرێمی کوردستان لە سالی (٢٠٠٩)دا بە (٤٦٥) ملیارو (٤٤٥) ملیۆنو (٧٢) هەزار دینار داناوە، بەڵام ئەو ژمارەی کە ناردوویەتییە پەرلەمان وەک داهاتی هەرێمی کوردستان (٣٧٥) ملیارو (١٢٩) ملیۆن دینارە، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (٩٠) ملیار دیناری داهاتی لە پەرلەمان شاردووەتەوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ خاڵێکی ترسناک، یان ئەوەتا حکومەت ژمارە دروستەکانی داهاتی لە پەرلەمان شاردووەتەوە، یاخود نووسینی ئەم ژمارانە خۆی هەر لە بنەڕەتدا بۆ بێدەنگکردنی پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی ناوەندییەنو بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، لەناو ئەو داهاتانەی کە پەرلەمانی کوردستان وەک داهاتی یەک سالی وەزارەتێک، یان کەرتێکی دیاریکراو دیاریکردووە، داهاتێکی زۆر کەمەو جێگەی باوەڕنییەو هەوڵدەدەین لە وتاری ئایندەدا کە بەشی دووەمی نووسینەکەم دەبێت لە بارەی داهاتی کوردستانەوە وردەکاریی زیاتر بخەمە ڕوو.

# «دادوەرە ئێشکگرەکان لە ماڵەوە ئەرکەکانیان ڕایی دەکەن»

بەدواداچوونی:
زمناکۆ ئیسماعیل



پێویستە دادگاکان بێلایەن بنو لە خزمەتی خەڵکدا بن

سەرچاوەیەک ئاشکرای دەکات؛ کە بەشێک لە دادوەرە ئێشکگرەکانی دادگا لە ماڵەکانیانەوە بە تەلەفۆن کارەکانیان ڕایی دەکەنو وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بڕیاردراوە دادوەرانـــی ئێشکگر تا بەیانی بمێننەوەو دەبێت لە لایەن سەرۆکی دادگاکانیشەوە چاودێریی بکرێن.

سـەرچـاوەیـەکـی ئـاگـادار لە کاروباری دادگـای سلێمانییەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەدوای سـەعـات (١٢)ی شـەو هیچ دادوەرێکی ئێشکگر دەوام ناکەنو بە تەنیا تا ئەو کاتە دەوام دەکەن کە فایلی کێشە هەبێت لەنێو دادگادا «ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت دادوەری ئێشکگر لەو شەوەوە تـا ڕۆژی دواتـر دەوام بکات، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا؛ کە ئەوە کێشە بۆ کەرتەکانی پۆلیس دروسـت دەکـات، بە تایبەت بۆ ئەفسەری لێکۆڵەرەوەی ئێشکگر، هەندێکجار کە ڕووداوێـک دەبێت دەکەوێتە دوای ئەو کاتەی کە دادوەرە ئێشکگرەکان شوێنی ئێشکگرتنی خۆیان بەجێدەهێڵنو گەر لە کاتی نەبوونی ئەو دادوەرەدا دۆسییەیەکی کوشتن، یان لێدانی توند هەبێت، دەبێت پۆلیس لەگەڵ ئەو دادوەرەدا بە تەلەفۆن کارەکان ڕایـی بکەن، ئەمەش ڕاییکردنی کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە.

لەوبارەیەوە، بورهان ڕەشید، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو دادوەرە خەفەرانە پەنا بۆ ئەو مادە یاساییە دەبەن کە دەڵیت: (لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا دەبێت گومانلێکراو تەسلیمی دادوەر بکرێت، بورهان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی یاسا دەبێت ئەوان دەوام بکەن، تاوەکو کێشە هەبێت لەنێو مەحکەمەدا، دوای ئەوە ئەگەر بچنەوە بۆ ماڵەوە، ئەگەر هەر کێشەیەک هەبێت، دەبێت ئەفسەری پۆلیس بۆی بەرێتەوە بۆ ماڵەوە.

لـــە بـــەرامـــبـــەردا حـاکـم عەبدولباست، وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەریـــی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد؛ دەربـــارەی ئەو کێشەیە لە ٢٠١٠/١٢/٢٨ وەزارەتی ناوخۆو ئەنجومەنی دادوەریـــی کـۆبـوونـەوەیـانـکـردووەو تێیدا بڕیاردرا «دادوەرانـــی ئێشکگر تا بەیانی بمێننەوە»، دەبێت لە لایەن سەرۆکی دادگاکانیشەوە چاودێریی بکرێت.

دەربارەی ئەوەش کە دادوەرە ئێشکگرەکان بە تەلەفۆن کارەکانیان ڕایی دەکەن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ڕووی یاساییەوە دەکرێت، ئەگەر بارودۆخێکی تایبەت هەبێت، گەر دادوەر لە دادگـا نەبێت لە شوێنێکی دیکە بێت، دەکرێت بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە بکرێت، بەڵام بەیانی لە سەرەتای دەوام دەبێت ئەو دۆسیەیە لە بەردەم دادوەردا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پەسەندی بڕیارەکەی خۆی بکات، یان لێی پاشگەز ببێتەوە».

بەڵام بورهان ڕەشید، جەختی لەسەر ئەوە کـردەوە؛ «کە نابێت حاکمەکان بە تەلەفۆن کێشەکانی هاوڵاتییان ڕایی بکەن، بەڵکو بە تەلەفۆن ڕاییکردنی کێشەکان بۆ ئەو ناوچانەیە کە حاکم دەستی نایگاتێ».

بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر بۆ ئەم کێشەیە، پەیوەندیمان کرد بە حاکم لەتیف عومەر، لە دادگای سلێمانیو بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی، ئامادە نەبوون لەو بارەیەوە لێدوانمان بۆ بدەن.

# گەراجی هێڵەکانی دەرەوەی کۆیە دوای دوو ساڵ لە دروستکردنی دەڕووخێت



بەشی دواوەی گەراجەکە کە داڕووخاوە — فۆتۆ: ئاری

ڕاپۆرتی: ئاری سابیر

بەهۆی کەمتەرخەمیی لایەنی سـەرپـەرشـتـیـارو جێبەجێکار، ســـەرەڕای ئـــەوەی چـەنـدین کەموکووڕیی لە گەراجی گشتیی هێڵەکانی دەرەوەی قەزای کۆیە هەیە، بەشێکی گرنگی ئەو گەراجەش لە سەرەتای سالی (٢٠٠٩)وە ڕووخاوە، شۆفێرانو چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بەرپرسانی حکومەت بە کەمتەرخەم دەزانن.

بەشدار محەمەد، شۆفێرێکی هێڵی (کـۆیـە- هـەولـێـر) باسی لەوەکرد، لە سەرەتای دەستپێکردنی کارکردن لە پڕۆژەی دروستکردنی گەراجی کۆیە، بڕیار بوو سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تێدا بێت، شارەوانیی کۆیە بەڵێنی بە شۆفێران دا ئەو گەراجە کافتریاو مزگەوتو سوپەرمارکێتو ڕووبەرێکی زۆری سەوزایی بێت، بەڵام لە سەرەتاوە بە کۆمەڵێک کەموکووڕیی تەواوکرا، بەبێ ئەوەی قیرتاو بکرێت، تاکو ئێستا هیچ سەوزاییەکی تێدا نییە، چەندین جاریش لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڵێنیان پێداوین بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان، بەڵام بێ سوود بووە».

بەشدار، وتیشی: «دوای دوو ساڵ لە دروستکردنی ئەو گەراجە، بەشێکی گرنگی گەراجەکە کە پێکهاتووە لە کافتریاو دیواری گەراج، ڕووخاوە».

پڕۆژەی دروستکردنی گەراجی گشتیی هێڵەکانی دەرەوەی کۆیە بڕی (٩١٣) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە دراوە بە کۆمپانیای (سۆران)، لە ٢٠٠٣/٩/٢٧ دەستکراوە بە کـارکـردن تیایدا، سەرەڕای دواکەوتنی پڕۆژەکە لە سالی (٢٠٠٩)، بەشێک لە گەراجەکە ڕووخـاو کەموکوڕییەکی زۆری تێدایە.

خەسرەو مەمەند، چالاکوانی کـۆمـەڵـگـەی مـەدەنـیـی پێیوایە، بەرپرسیاری یەکەم لە شکستهێنانی پـڕۆژەکـانو کەموکوڕییەکان، بەرپرسانی حکومەتن، وتیشی: «پڕۆژەکان لە کۆیە زۆر دوادەکەون، گەراجی کۆیە زیاتر لە دوو ساڵ دواکەوتووە، بەبێ ئەوەی لێپرسینەوە بکرێت، ئەگەر لایەنی سەرپەرشتیار کە شارەوانیی کۆیەیە مەبەستی بووبێت لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیای جێبەجێکار بکات، ئەوا یاسایەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیاکان هەیە، لە کاتی کەمتەرخەمیی لە پـڕۆژەکـان دەیتوانی لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی نەیکردووە؟».

ئـەگـەرچـی چـەنـد جـارێـک پـەیـوەنـدیـمـان بـە بەرپرسانی سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیەوە کرد لەسەر ئەو کێشەیە، پێیان ڕاگەیاندین کە ئەو پڕۆژەیە لە سەردەمی ئێمەدا نەبووەو بەرپرسیارنین لێی.

# سەرۆکی زانکۆی کۆیە: ئاستی زانستیی زانکۆکان زۆر لەدوایە

سازدانی: ئاری سابیر

**د خدر مەعسوم، سەرۆکی زانکۆی کۆیە، ئاماژە بە دواکەوتوویی ئاستی زانکۆکانی کوردستان دەکات بە بەراورد لەگەڵ زانکۆی وڵاتانی پێشکەوتوودا و دەڵێت: «ئێستاش زانکۆکانی کوردستان لەسەر هەمان سیاسەتی زانکۆکانی عێراق دەڕوات».**

**د.خدر لەم چاوپێکەوتنەدا کێشەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندنی زانکۆکانی کوردستان روونەکاتەوە، لە وەڵامی رەخنەیەکیشدا کە سەبارەت بە بەدەنگەوە نەچوونی خۆپیشاندانی خوێندکاران ئاراستەی کراوە دەڵێت: «خوێندکاران بەبێ ئاگادارکردنەوە لەناکاو دێنە بەردەمی زانکۆ، بەو شێوەیە من ناچم لەگەڵیان دابنیشم».**



د.خدر مەعسوم

**رۆژنامە: رەوشی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

• ئەگەر زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بکەین بە زانکۆکانی عێراق، جیاوازییەکی وایان نییە، بەڵام بەراورد بە زانکۆکانی تری جیهانیی، ئاستی زانستیی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان زۆر لەدواوەیە، پێویستی بە چەندین ساڵی ترە تا بگاتە ئەو ئاستە ستانداردە جیهانییە.

**رۆژنامە: هۆکاری ئەو دواکەوتنەش چییە؟**

• دیارە دوو شت زۆر گرنگە ئەوانیش؛ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی مامۆستایانە، لەگەڵ دڵنیایی جۆری ئەو ئامێرو پێداویستییانەی کە مامۆستایان‌و خوێندکاران بەکاریدەهێنن لەگەڵ ناردنەدەرەوەی مامۆستایان بۆ بینینی خولی جۆراو جۆر.

هۆکاری زۆریش بۆ دواکەوتنی زانکۆکان هەیە لەوانە؛ هاتنی حکومەتی بەعس بۆ سەر حوکم، کە وایکرد زانکۆکانی تێکەڵ بە کاری سیاسیی کرد بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، ئەمەش کاردانەوەی خراپی هەبووە لەسەر رەوشی خوێندن، زانست لە زانکۆکان بە تەواوی پەراوێزخراو ئەو کەسانەی کە لەپۆستەکان دانراون لەسەر بنەمای حیزبیی بووە، نەک شارەزاو لێهاتوو، دابڕانێکیش لەنێوان زانکۆکانی دەرەوەو عێراق روویدا، مامۆستایان زۆر بە کەمی دەنێردرانە دەرەوە بۆ خولەکان‌و خوێندن، ئەمەش کاریگەری لەسەر زانکۆکانی کوردستان هەبوو، کە تائێستاش زانکۆکانی کوردستان لەسەر هەمان سیاسەتی زانکۆکانی عێراق دەڕۆن لە بواری زانستیی‌و دارایی، ئەمەش زۆر هەڵەیە ئەو سیاسەتەی لە زانکۆکانی عێراق پەیڕەوکراوە، ئێستا سەردەمی بەسەر چووەو شێوازی خوێندن گۆڕاوە.

**رۆژنامە: کێشەی دارایی تا چەند رێگربووە لەبەرەوپێشچوونی ئاستی زانستیی زانکۆکان؟**

• بودجەو سەرچاوەی دارایی، رۆڵی گرنگی هەیە لە پێشکەوتنی زانکۆکان، هیچ زانکۆیەک پێشکەوتوو نابێت، ئەگەر دەسەڵاتی سەربەخۆی (دارایی‌و زانستیی‌و ئیداریی) نەبێت، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دامەزراندنی هیچ فەرمانبەرو مامۆستایەکو گرێبەستێکی نییە، بۆ هەر کارێک دەبێت نووسراو بکەیت بۆ سەرووی خۆت، تا رەزامەندیی دێتەوە چەند مانگێکی پێدەچێت، لە ماوەی رابردوو لەگەڵ سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی جیهانیی باسی کێشەو گرفتەکانمان دەکرد، وتم ئێمە بۆ دامەزراندنی کارگوزارێک دەبێت نووسراو بکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، باوەڕی نەدەکرد وتی؛ چۆن دەبێت من بۆ کارگوزارێک نووسراو بکەم بۆ سەرۆکی وڵاتەکەم؟

**رۆژنامە: چەند جارێک کۆنفرانس‌و کۆنگرە بەستراوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی زانکۆکانی‌و بەرەوپێشچوونی رەوشی خوێندن، تا چەند رۆڵیان هەبووە؟**

• کۆنفرانس‌و کۆنگرە، گرنگییەکەی ئەوەیە چۆن بڕیارەکانی جێبەجێ دەکرێت.

**رۆژنامە: وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی بڕیاری گۆڕانکاریی لە سیستمی خوێندن‌و کاروباری کارگێڕیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان داوە، ئەو گۆڕانکارییانە تا چەند سەرکەوتوو دەبێت؟**

• ئەو گۆڕانکارییانە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەتە، هەموومان بەشدارین تێیدا، بە بۆچوونی هەموو سەرۆک زانکۆکان بووە، ئێمە وەک زانکۆی کۆیە یەکەم زانکۆ بووین بڕیارەکانمان جێبەجێ کردووە، پێشتر زانکۆی کۆیە دەیان راگرو یاریدەدەرو فەرمانبەری لە سەرجەم بەشەکانی کارگێڕیی‌و ژمێریاریی هەبووە، ئێستا بەو گۆڕانکارییانە ئەو ژمارەیە زۆر کەم بووەتەوە، لە بودجەی زانکۆ پارەیەکی زۆر گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆکەمان لە زۆربەی زانکۆکانی دەرەوە ژمارەی کۆلێژەکان چوار تا پێنج کۆلێژن، لێرە کۆلێژ هەبووە یەک بەش بووە ئەو هەموو بودجەیەی بۆ خەرجدەکرا بەبێ سوود، سەرەڕای هەنگاوە زانستییەکانیش بە شێوەیەکی زانستیی‌و لێهاتوو، لەمەولا خوێندکار لە ماستەرو دکتۆرا وەردەگیرێت.

**رۆژنامە: دەوترێت جگە لە زانکۆی کۆیە، زانکۆکانی سەلاحەدین‌و سلێمانی ئەو بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییان جێبەجێ نەکردووە؟**

• ئەمساڵ زانکۆکانی کۆیەو دهۆک کە دوو زانکۆی بچووکن، بڕیارەکەیان جێبەجێ کردووە، بڕیارە لە ساڵی داهاتووش زانکۆکانی سەلاحەدین‌و سلێمانی بڕیارەکە جێبەجێ بکەن.

**رۆژنامە: بە هۆی گۆڕانکارییەوە زۆربەی راگری کۆلێژەکان گۆڕدران کە تائێستا کۆلێژ هەیە راگری نییە، ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی کێشە دروست بکات لە کۆلێژەکان؟**

• ئێستا بەشێک لە کۆلێژەکان راگریان هەیە، ئەوانی تریش بەهۆی نەبوونی ئەو مەرجانەوە بووە کە دانراون، بۆ دانانی راگر هیچ کێشەیەک دروست نەبووە، هەر سکوڵێک سەربەخۆییەکی وەرگرتووە، کارەکانی خۆی رادەپەڕێنێت.

**رۆژنامە: ئەو بڕیارانەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرچووە، چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کاتێک گۆڕانکاریی لە کابینەی حکومەت دەکرێت، وەزیرەکەی تر زۆربەی کارەکانی پێشووی رەتدەکاتەوە، پێتوانییە ئەو بڕیارانە رەتبکرێنەوە؟**

•نەخێر، لەبەر ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا جیاوازی زۆرە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، ئەنجومەنی وەزارەتی هەیە کە لە سەرۆکی زانکۆکان پێکهاتووە، وەزیرێک ناتوانێت سەرجەم بڕیارەکان رەتبکاتەوە.

**رۆژنامە: ماوەی چەند ساڵێکە بەنیازن بینای کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی‌و بەشە ناوخۆیی دروستبکەن، بۆچی تاکو ئێستا دروست نەکراون؟**

• ئێستا رەزامەندیی هاتووەتەوە لە پرۆسەی تەندەردان، دواکەوتنەکەی پەیوەندیی بە دواکەوتنی بودجەی هەرێمی کوردستان هەبووە.

**رۆژنامە: کاتێک کە زانکۆ لە شارێک دەکرێتەوە رەچاوی جوگرافی‌و دانیشتووانی ئەو شارە دەکرێت، لە سنووری کۆیە خەڵکێکی زۆر کاری کشتوکاڵیی دەکات، لە سەرەتادا کۆلێژی کشتوکاڵتان کردەوە ئێستا داخراوەو خوێندکار وەرناگرن، ئەمە بۆ؟**

• دیارە ئەو بەشەی کرابووەوە لە کۆلێژی کشتوکاڵ، پەیوەندیی بە ئامێرەکانی کشتوکاڵییەوە هەیە، ئێستا ئەو بەشە لە کۆلێژی ئەندازیاریی دەخوێنرێت، ئێمە لە داهاتوو دەمانەوێت چەند بەشێک بکەینەوە کە پەیوەندیی بە کاری کشتوکاڵییەوە هەبێت، وەک بەروبوومەکانی نەباتی‌و مەڕو ماڵات، بۆیە بەشەکانی ترمان داخستووە لەبەر نەبوونی مامۆستا، دوو مامۆستامان هەبوو یەکێکیان خانەنشین بوو، ئەوەی تریش دکتۆرای نەبوو، ئێمە هەوڵی زۆرمانداوە زانکۆیەکی کشتوکاڵیی دروستبکرێتەوە، بەجۆرێک خوێندکار کە خوێندنی تەواو کرد، بچێت کاری کشتوکاڵیی بکات، ئارەزوویان لەو بەشە هەبێت.

**رۆژنامە: بە گوێرەی قسەکانت بە شێک لە کێشەکان لە پرۆسەی دامەزراندن، پەیوەندیی بە نەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆوە هەیە لەلایەن زانکۆکانەوە؟**

• بەڵێ، ناتوانین یەک کەس دابمەزرێنین، پێویستە ئەو دەسەڵاتانە بدرێت بە زانکۆکان.

**رۆژنامە: لە دابەشکردنی خانوو و شوقەکانی زانکۆی کۆیە، کۆمەڵێک مەرجتان دانابوو بۆ وەرگرتنی، بەڵام بەشێک لە مامۆستایان‌و فەرمانبەران خانوویان هەبووەو سوودمەند بوون لە زانکۆ بۆچی؟**

• ئێمە نووسراومان کردووە بۆ بەڕێوەبەرێتی تێبینەرایەتی خانووبەرەی کەرکوک‌و هەولێرو دهۆو سلێمانی‌و کۆیە، ئەگەر ئەوان وتیان ئەوانە خانوویان بەناوەوە نییە، ناتوانین رێگریی لێبکەین لە وەرگرتنی خانوو و شوقە، ئەوانەی خانوویان وەرگرتووە لە هیچ شوێنێک خانوویان نییە.

**رۆژنامە: خوێندکاران رەخنەی زۆر لە تۆ دەگرن لەسەر ئەوەی لە کاتی خۆپیشاندانەکان ئامادە نیت خوێندکاران ببینیت، یاخود بێیتە دەرەوە، هۆکاری چییە؟**

• پێویستە بەر لە هەموو شتێک خوێندکاران هەر کێشەیەکیان هەیە نوێنەریان بنێرن لەگەڵ ئێمە دابنیشن‌و گفتوگۆ بکەین، بەڵام خوێندکاران بەبێ ئاگادارکردنەوە لەناکاو دێنە بەردەمی زانکۆ، بەو شێوەیە من ناچم لەگەڵیان دابنیشم، نوێنەرایەتییەکی تایبەت بە خوێندکارانمان هەیە.

**رۆژنامە: هەست دەکرێت زۆربەی تەندەرەکانی پڕۆژەکانی زانکۆی کۆیە بۆ کۆمپانیا تورکییەکان دەردەچێت، ئەمەش گومانی زۆری دروستکردووە، بۆچی دەدرێت بەو کۆمپانیایانە؟**

• مەسەلەی تەندەرو پڕۆژەکان، هیچ پەیوەندیی بە زانکۆی کۆیەوە نییە، هەمووی لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت ئەو کۆمپانیا تورکیانەش توانایان زیاترە لە کۆمپانیا ناوخۆییەکان، کە وەک پێویست پڕۆژەکان جێبەجێ ناکەن.

**پرۆفایل**

**پ.د.خدر مەعسوم، ساڵی (١٩٤٧) لە قەزای کۆیە لەدایکبووە.**
**خوێندنی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی قاهیرە تەواوکردووە.**
**بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لە زانکۆی لەندەن تەواو کردووەو هەر لەوێش وانەی وتووەتەوە.**
**لە ٢٠٠٥/١٢/٢٠ بووەتە سەرۆکی زانکۆی کۆیە.**

## رۆژنامەکان نرخەکانیان بۆ زانکۆکان دادەشکێنن.. داوای کۆشکی رۆژنامەفرۆش دەکرێت

# خوێندکارێک: بە بیانووی سیاسیبوونییەوە نەیانهێشت رۆژنامەیەک ببەمە زانکۆوە

راپۆرتی: ئەکرەم تۆفیق

خوێندکاران شوێنێک بۆ فرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان لە زانکۆدا بە پێویست دەزانن، هەریەک لە لێپرسراوانی رۆژنامە ئەهلییەکانیش ئامادەن بە نرخێکی داشکێنراو رۆژنامەو گۆڤارەکانیان بنێرنە زانکۆ.

محەمەد جەمال، کە خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانییە، چیرۆکی یاساغکردنی رۆژنامەیەک لەنێو زانکۆدا بە بیانووی «سیاسیبوونیەوە» دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «رۆژنامەیەکی هەفتانەم بۆ ناو زانکۆ دەهێنا، لە سەرەتاوە رێگەیان پێدەدام، بەڵام دواتر بە بیانووی ئەوەی رۆژنامەکە سیاسییە، رێگرییان لێکردم‌و لە رێگەدان بەهێنانی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان بۆ ناو زانکۆ جیاوازیی دەکرێت».

محەمەد، پێیوایە؛ ئەو رێژەیەی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی دەبرێنە ناو زانکۆوە، کەمە لەچاو ژمارەی خوێندکاراندا، کەمیی ئەو رێژەیەشی بۆ بوونی رێگریکردن لەلایەن لێپرسراوانی زانکۆ دەگەڕێنێتەوە، وتیشی: «بوونی کۆشکێک، یان شوێنێکی تایبەت بە فرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤار گرنگەو پێویستە لێپرسراوانی زانکۆ کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن، بۆ ئەوەی خوێندکاران زیاتر لە رووداوەکانی رۆژانە ئاگاداربن».

خوێندکارێکی تری بەشی راگەیاندن، گرنگی بوونی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەناو زانکۆدا دەبەستێتەوە بە پسپۆڕیی بەشەکەی بۆ سوود وەرگرتن لەو رۆژنامانە.




ئازا ئیبراهیم، خوێندکار لە بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، بوونی ئەو رێژەیەی لە رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دەهێنرینە ناو زانکۆوە بە پێویست دەزانێت‌و دەڵێت: «ئێمە وەکو پراکتیکیی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە بەکاردەهێنین، دەبێت خوێندکار بۆ کڕینی رۆژنامەیەک بچێت بۆ بازاڕ، کە ئەمەش زۆرجار گرفت دروست دەکات».

ئازا پێیوابوو؛ ئەگەر کۆشکێک لە زانکۆدا تایبەت بە فرۆشتنی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان تایبەت بکرێت، خزمەتێکی باش دەبێت لە رووی رۆشنبیرییەوە بۆ خوێندکاران، ئەو خوێندکارە ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە لێپرسراوانی زانکۆ هەوڵبدەن بۆ هێنانی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان بۆ ناو زانکۆ، نەوەکو بەپێچەوانەوە رێگرییان لێبکرێت»

هاوکات رۆژنامەو گۆڤارە ئەهلیی‌و ئۆپۆزسیۆنەکانیش ئامادەن بە نرخێکی کەمتر بڵاوکراوەکانیان بنێرنە زانکۆوە، تا خوێندکاران سوودی لێببینن.

کەمال رەئوف، سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە پێویستە زانکۆ بیر لەوە بکاتەوەو هەموو رۆژنامەکان بە ئۆپۆزسیۆن‌و ئەهلییەکانەوە بچێتە ناو زانکۆوە، وتیشی: «ئێمەش وەکو رۆژنامەی هاوڵاتی ئامادەین بە نرخێکی داشکێنراو رۆژنامەکەمان بنێرینە ناو زانکۆ، بۆ ئەوەی بە قازانجی خوێندکاران‌و زانکۆ بشکێتەوە».

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، کە هاوکات مامۆستای زانکۆشە، نەبوونی هاوبەشیی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە بە نالۆژیکیی ناو دەبات‌و دەڵێت: «لەوەش نالۆژیکتر ئەوەیە کە جیاوازیی بکرێت لەنێوان رۆژنامەو گۆڤارە ئەهلیی‌و حیزبییەکاندا».

میرە، وتیشی: «هەر شتێک لە خزمەتی خوێندکاراندا بێت، وەک گۆڤاری لڤین ئامادەین بە تایبەتی لە پرۆژەی خۆرۆشنبیرکردنی خوێندکاران، ئامادەین گۆڤارەکەمان بە نرخێکی داشکێنراو بنێرینە زانکۆوە».

هاوکات، ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، هاوڕایە لەگەڵ دوو سەرنووسەرەکەی پێشوودا، بۆ ناردنی رۆژنامەی ئاوێنە بە نرخێکی داشکاو بۆ ناو زانکۆو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خوێندکاران توێژێکی گرنگ‌و خوێندەواری ئەم کۆمەڵگەیەن، بۆیە بوونی رۆژنامە لەناو زانکۆکاندا، یەکێکە لە زەروورەتەکانی ژیانیان».

ئازاد چالاک، سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژنامە، بە پێویستی دەزانێت لەناو زانکۆدا شوێنێک، یان کۆشکێک هەبێت تایبەت بکرێت بە رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان، بۆ ئەوەی خوێندکار دانەبڕێت لە پرسە کۆمەڵایەتیی‌و سیاسییەکان، وتیشی: «ئامادەی ئەوەین رۆژنامەکەمان ئەو نرخەی کە لەسەریەتی بە کەمتر بینێرینە زانکۆ، بۆ ئەوەی خوێندکار ئاسانتر رۆژنامەکەیان دەستکەوێت».

لە زانکۆی سلێمانیدا، لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو بڵاوکراوەو رۆژنامانەی دەهێنرێنە ناو زانکۆوە.

د.سابیر بۆکانی، سەرۆکی ئەو لیژنەیەیەو رۆژنامە پەیوەندیی پێوەکرد، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بدات.

لەلایەکی ترەوە، بەرپرسێکی زانکۆ ئاشکرای دەکات؛ تاووتوێی ئەوە دەکەن کە کام رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە دەبرێنە ناو زانکۆوە.

د.ئاراس فەریق، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە لیژنەیەک پێکهێنراوە ئێستا لە لێکۆڵینەوەدایە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی دێنە ناو زانکۆوە، کێن؟ سەبارەت بە دانانی کۆشکیش لەنێو زانکۆدا بۆ فرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤارەکان، وتی: «قسەم لەگەڵ نوێنەری خۆمان کردووە لە لیژنەکەدا، ئێستا ئەو مەسەلەیە لە دیراسەکردندایە، کاتێک لیژنەکە هەر بڕیارێکی دا، ئەو کاتە بۆ ئێمەی بەرزدەکەنەوە، ئەو کاتەش لە ئەنجومەنی زانکۆوە گفتوگۆ لەسەر هەموو لایەنەکانی دەکەین».

پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی ئاشکرا دەکرێت 18

# وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان: کەمتەرخەمیی هەبووە...
# سیستمەکە روون نەکراوەتەوە... ئیجرائات کراوە، چاوپۆشی ناکەین

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، وەزارەتەکەی بە خەتابار وەسفدەکات، کە نەیتوانیوە وردەکارییەکانی هەموارکردنی سیستمی نوێی پەروەردە، بۆ خوێندکاران روون بکاتەوەو هاوکات ئەوەش دەخاتەروو کە لە ئێستادا هیچ گۆڕانکارییەک لە سیستمەکەدا ناکرێت.**

**رۆژنـامـە: ئێوە باسی ئـەوە دەکـەن، سیستمی نوێی پەروەردە لە بەرژەوەندیی خـوێـنـدکـارانـدایـەو خوێندکارانیش رەتیدەکەنەوە، هۆکاری کێشەکە چییە؟**

* دوای ئـەوەی کە هەندێک کێشەو گیروگرفت هاتنە پێش سیستمی نوێی خوێندنو لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی سیستمە نوێیەکە، دەتـوانـرێـت دوای (٣)ســاڵ پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا بکرێت، لە هاوینی رابردوودا بەرپرسانی پەروەردەی پارێزگاو قەزاکانو شارەزایانو کەسوکاری خوێندکارانو مامۆستایانو خوێندکاران، بیروبۆچوونو سەرنجی خۆیان پێشکەش بە وەزارەت کردو هەروەها راپرسییەکیش لە نێو (٦)هـەزار مامۆستادا ئەنجامدراو بە راپۆرتێک پێشکەشی ئەنجومەنی وەزارەتـــی پـــەروەردە کـرا، دواتریش لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکانو راوێژکردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بـــاڵاو پـەرلـەمـانو یەکێتیی مامۆستایانو فیدراسیۆنی خوێندکاران، پـاشـان هـەمـوارکـردنـی سیستمەکە رەوانـەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کراو دوای پێداچوونەوە، ئەنجومەنی وەزیران هەموارکردنەکەی پەسەندکرد، هەموارکردنەکە بە مەبەستی ئەوەبووە کە بارودۆخی باشتر بێتو ئاستی زانستیی بەرزببێتەوەو هاوکاربێت لەگەڵ ویستی خوێندکاران، هیچ سیستمێک نییە کە هەموو خەلک لێی رازی بێت، سیستمەکە لـە بـەرژەوەنـدیـی خوێندکاراندایەو گونجاوە، هۆکاری کێشەکە تێنەگەیشتنە لە سیستمەکەو وەزارەتـــی پـــەروەردە تاڕادەیەک خەتابارە لەوەی کە بەباشی سیستمەکەی بۆ خوێندکاران روون نەکردووەتەوە.



سەفین دزەیی

**رۆژنامە: کەواتە، هۆکاری کێشەکە، کـەمـتـەرخـەمـیـی بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی پەروەردەکانە؟**

* دەبوو بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەکانو سەرپەرشتیاران، رۆڵی بەرچاویان هەبوایە لە گەیاندنو جێگیرکردنی سیستمەکە، بەڵام کەمتەرخەمیی هەبووەو هەندێک ئیجرائات کراوەو چاوپۆشی ناکەین لەو کەسانەی کە کەمتەرخەمیی دەکەن.

**رۆژنـامـە: نـارەزایـیو خۆپیشاندانی خوێندکاران، ناچارتان دەکات کە جارێکی تر بەسیستمەکەدا بچنەوە؟**

* ناکرێت لە دژی سیستمی پەروەردەو بڕیارو رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، خۆپیشاندان بکرێتو دواتـر وەزارەتـی پەروەردە لە بڕیارو رێنماییەکانی پاشگەز ببێتەوە، سیستمەکە سێ ساڵە دانراوەو ناکرێت هەموو رۆژێک هەمواری بکەیتەوەو سەرلێشێوان دروست بکرێت، دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، بەڵام لە ئێستادا پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا ناکرێتو هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت.

**رۆژنامە: چۆن چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەن؟**

* زۆربەی قوتابییانو خوێندکاران، حەزیان لە خوێندنو زۆربەیان پابەندن بە یاساکان، بـەڵام رێـژەیـەکـی زۆر کەمی خوێندکار هەیە کە هەموو شتێک رەتدەکاتەوە، نارەزاییو خۆپیشاندانی مـاوەی رابـــردووی بەشێکی کـەم لە خـوێـنـدکـاران، تەنیا بۆئەوەیە نەچن بـۆ خـوێـنـدنـگـەو دەوام نـەکـەن. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، رێنماییمان بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکان ناردووە بۆئەوەی بە زووترین کات لە رێگەی سەرپەرشتیارانو بەڕێوەبەرەکانەوە روونکردنەوەی زیاتر لەسەر سیستمەکە بە خوێندکاران بدەن، داوا لە خوێندکارانیش دەکەین، باشتر لە سیستمەکە بگەن.

> وەزارەتی پەروەردە، خەتابارەو سیستمەکەی بۆ خوێندکاران روون نەکردووەتەوە

# کێشەکانی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆی شاهانەی بەریتانیی، قووڵتردەبنەوە

رۆژنامە

زانکۆی شاهانەی بەریتانیی کە زانکۆیەکی ئەهلییە، رێگەنادات نوێنەرانی وەزارەتـی خوێندنی باڵا سەردانی زانکۆکە بکەنو هاوکات وەزارەتـی خوێندنی باڵا پەنا بۆ حکومەت دەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

زانکۆی شاهانەی بەریتانیی بۆ زانستو تەکنەلۆژیا، کە زانکۆیەکی ئەهلییەو لە ساڵی (٢٠٠٩)وە لە هەولێر دامەزراوە، لە دەرەوەی یاساو رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم کاردەکاتو وەزارەتی خوێندنی باڵاش، دەوامکردنی قۆناغی یەکەم بە نایاسایی وەسفدەکات.

لـە روونـکـردنـەوەیـەکـی وەزارەتـــی خوێندنی بـاڵاو تـوێـژینـەوەی زانستیی هەرێمی کوردستاندا، کە رۆژی (١/٢٣) بڵاویکردووەتەوە، ئەوە خـراوەتـەڕوو کە «وەرگرتنی خوێندکاران بەبێ فەرمانی وەزارییو بەبێ ئاگاداری وەزارەت، بریتییە لە پێشێلکردنی یاساو زانکۆی شاهانەی بەناو بەریتانیی، لە کاتی خۆیدا بە چەندین نووسراوی فەرمیی ئاگادار کراوەتەوە کە نابێت خوێندکار وەربگرێت، یان دەست بە دەوام بکات، بۆیە دەوامـی خوێندکارانی زانکۆی شاهانەی بەناو بەریتانیی، نایاساییەو بە هیچ شێوەیەک پەسەند نەکراوەو دانی پێدا نانرێت».

فوئاد عەلی سمایل، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «زانکۆی شاهانەی بەریتانیی، گوێ بە رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا نادات و پابەند نییە بە بڕیارەکانی وەزارەتەوە، ئێمە لە وەزارەت لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوودا، ئەو زانکۆیەمان ئاگادارکردەوە کە دەبێت ناوی زانکۆکە بگۆڕن، تا ئێستا دووجار نوێنەرمان بۆ زانکۆکە نـاردووە، بەڵام سەرۆکایەتیی زانکۆ رێگەی لە چوونەژوورەوەی نوێنەری وەزارەت گرتووە».

بەپێی روونـکـردنـەوەکـە، «وەزارەتـــی خوێندنی باڵا، بە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی دەزانێت، رێگە لە چەواشەکردنی خوێندکارانو پێشێلکردنی یاسا بگرێت».

وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوەشی خستەڕوو: «بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئێمە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانمان ئاگادارکردووەتەوەو کێشەکەش لە دادگایە، چونکە نابێت زانکۆیەک هەبێت لە دەرەوەی یاساو رێنماییەکان کاربکات، لە کاتێکدا وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە».


## دوای هەواڵێکی رۆژنامە، بینای کۆلێژێک جێبەجێ دەکرێت

رۆژنامە

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک لە رۆژنامە کە تایبەت بوو بە جێبەجێ نەکردنی پـرۆژەی دروستکردنی بـیـنـای کـۆلـێـژی پـــەروەردەی چەمچەماڵ، پرۆژەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

لــە ژمـــارە (٦١٦)ی رۆژنـامـەدا هەواڵێک بـڵاوکـراوەتـەوە کە تێیدا ئـەوە خراوەتە روو، هەرچەندبڕیاربوو لەسەر بودجەی (٢١٠) ملیۆن دۆلاری نەوتی گـەرمـیـانو بـە بڕی زیاتر لە (٣) ملیۆن دۆلار لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بینای کۆلێژی پـــەروەردەی چەمچەماڵ دروست بکرێت، بەڵام تائێستا ئەو کۆلێژە کرێچییەو پرۆژەکە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

رۆژێـک دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای چـەمـچـەمـاڵـیـان کردو لە مەراسیمێکدا د.دلاوەر عـــەلادیـــن، وەزیـــری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی بەردی بناغەی کۆلێژی پـەروەردەی چەمچەماڵی دانا.



# کەمتەرخەمیی بەڕێوەبەرێتییەکان، پۆلەکانی خوێندن چۆڵ دەکات

راپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا



نارەزاییو خۆپیشاندانی خوێندکاران دژ بـە هـەمـوارکـردنـی سیستمی نـوێـی تاقیکردنەوەکان بـەردەوامـەو بەرپرسانی وەزارەتـــی پـــەروەردەش، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک رەتدەکەنەوەو هاوکات چاودێرانیش، بەڕێوەبەرێتیی پـــەروەردەکـــانو سەرپەرشتیاران بە کەمتەرخەم وەسفدەکەن لەبەرامبەر روون نەکردنەوەی سیستمەکە بۆ خوێندکاران.

لە ماوەی دوو هەفتەی رابـردوودا، لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەلار، کفری، چەمچەماڵ، رانیە، هەڵەبجە، کۆیە، خانەقین، ســۆران) دەیـــان خۆپیشاندان لەلایەن خوێندکارانی ئامادەییەوە ئەنجام دراوە بە مەبەستی رەتکردنەوەی چەند بڕیارێکی سیستمی نوێی پـەروەردە، کە تایبەتن بە سیستمی کۆرساتو شێوازی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم.

هـــاوکـــات لـــەگـــەڵ نـــارەزایـــیـــەکـــانی خوێندکاراندا، بەرپرسانی وەزارەتـــی پەروەردە، ئەوە رووندەکەنەوە، کە سیستمە نوێیەکە لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندایەو هـەر جـۆرە گۆڕانکارییەک لە ئێستادا رەتدەکەنەوە.

بە بڕوای چاودێرانی پەروەردە، هۆکاری سەرەکیی کێشەکان، روون نەکردنەوەی وردەکارییەکانی سیستمەکەیە.

د. ســەروەر عەبدولرەحمان، ئەندامی لیژنەی پـــەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: دوای دەربڕینی نـارەزایـی بـەرامـبـەر سیستمی نوێی پـــەروەردە لــە ســـاڵـی رابـــــردوودا، سیستمەکە هەموارکرایەوە، بەڵام دوای هەموارکردنەکەش، خوێندکاران نارەزاییان دەربڕیو هاتنە سەر شەقامەکان، تا ئێستاش ئێمە لەگەڵ سیستمێکی کۆندا راهاتووین، کێشەی بـەردەم سیستمەکە ئەوەیە کە خوێندکارانو تەنانەت کەسوکاریان پێیانوایە، غەدر لە خوێندکاران دەکرێتو سیستمەکە لە بەرژەوەندییاندا نییە، بۆیە کێشەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە بڕیار دەردەچێت بەبێ ئەوەی روونکردنەوەی لەسەر بدرێت، لە کاتێکدا دەبـوو پێش جێبەجێکردنی سیستمەکە، هەڵمەتێکی راگەیاندن لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرێتییەکانی پـەروەردەو لیژنەی پـەروەردەوە دەستپێبکرایە، جگە لەوەی کە دەبـوو کـۆڕو کۆبوونەوەی فـراوان لەگەڵ خوێندکارانو کەسوکاریان بکرایە بۆ روونـکـردنـەوەی وردەکارییەکانی سیستمەکە.

هەروەک بە بڕوای م. جەزا حەمەعەلی، یـاریـدەدەری قـوتـابـخـانـەی شەهید عەبدولرەزاق لە سلێمانی، سیستمەکە بە گشتییو سیستمی تاقیکردنەوەکان بە تایبەتی، ئاڵۆزو وردەو لێڵیی تێدایەو روون نـەکـراوەتـەوەو روونـکـردنـەوەی وردی لەسەر نەدراوە.

دوای هـەمـوارکـردنـی سیستمی تاقیکردنەوەکان لـە مانگی تشرینی دووەمـدا، رێنماییە نوێیەکان گەیشتنە قوتابخانەو خوێندنگەکانو جگە لە روون نەکردنەوە لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی پـەروەردەکـانو سەرپەرشتیارانەوە، ئیدارەی قوتابخانەکانیش بەپێی پێویست رێنماییەکانیان بۆ خوێندکاران روون نەکردووەتەوە.

م. جـەزا، بەرپرسانی پـەروەردەو سەرپەرشتیارانو تەنانەت ئیدارەی قوتابابخانەکان بە کەمتەرخەم وەسفدەکات لـە روونـکـردنـەوەو جێبەجێکردنی سیستمەکەداو پێیوایە: هەستیان بە بەرپرسیارێتیی نـەکـردووە، بەتایبەتی سەرپەرشتیاران کە دەبوو سەرەکیترین رۆڵیان هەبوایە، بەڵام وەکو پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵناسنو لە ساڵێکدا تەنیا جارێک سەردانی قوتابخانەکان دەکەن.

هـــەروەک ئـەو ئـەنـدامـەی لیژنەی پـەروەردە پێیوایە: روون نەکردنەوەی سیستمەکە، کارێکی خراپەو کەموکوڕییو کەمتەرخەمیی وەزارەتو دامەزراوەکانی پەروەردەیەو ئەوەش دەڵێت: «تا ئەو کارە نەکرێت، هەرگیز سەرکەوتوو نابینو سیستمەکە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە لە ئێستادا پێویستە سیستمەکە روونبکرێتەوە بە بەشداریی سەرپەرشتیارانو بەڕێوەبەری قوتابخانەکانو مامۆستایان».

# وەرتێ... دوو ساڵە ناحیەیەو مواسەفاتی تێدا نییە

**بەدواداچوونی:ئەحمەد باڵەکی**

پـاش دوو سـاڵ لـە بەناحیەبوونی هێشتا زۆربـەی فەرمانگەکانی ناحیەی وەرتـێ کرێچین‌و هەندێک فەرمانگەی تری وەک ئاگرکوژێنەوەو ڕەگەزنامەی تێدا نـەکـراوەتـەوە، هاوکات بەشێک لە هاوڵاتییانیش ڕەخنە لە نەبوونی باخچەی ساوایان دەگرن لەو ناحیەیەدا.

## زۆربەی فەرمانگەکان کرێچین

ناحیەی وەرتـێ، کە لـەدوای ئەوەی ڕەواندز کرایە قەزا بڕیاری بوون بە ناحیەی بۆ دەرچـووە، (١٧) گوند لەخۆ دەگرێت‌و دەکەوێتە باشووری قەزای ڕەواندزەوەو تاوەکو ئێستا جگە لە شارەوانیی وەرتێ، هەموو داموودەزگاکانیش بێ بارەگان‌و لە کـرێـدان‌و هەندێکی تریشیان لەناو بارەگایەکی تر ژووورێکیان دراوەتـێ‌و بیناکان وەک پێویست نین‌و لە ئێستادا هەریەک لە فەرمانگەی ئاو و بنکەی پۆلیس‌و بنکەی پۆستەو گەیاندنی ناحیەی وەرتێ لە بینای کرێدان.

پێوەرەکانی بوون بە ناحیە ئەوەیە؛ کە ئەو ناوچەیە ڕووبەرێکی فراوانی هەبێت‌و لە (٤٠٠) ماڵ زیاتر بێت لە (١٠) گوند کەمتری بەسەرەوە نەبێت‌و شوێنی ناحیەکە سەنتەری گوندەکان بێت‌و سنووری ئیداریی پێوە دیاربێت.

لەو بارەیەشەوە، کوێستان ئەحمەد، (بـەڕێـوەبـەری ناحیەی وەرتـێ) وێـڕای ئاماژەدان بەرجەستەبوونی پێویستییەکانی ناحیەبوون لە وەرتـێـدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «داوامان کردووە کە هەریەک لە فەرمانگەکانی دادگاو بەیتەرەو کشتوکاڵ‌و ڕەگەزنامەو ئاگرکوژێنەوەشمان بۆ بکەنەوە کە لە وەرتێدا نییە».

## ناحیەیەک بێ باخچەی ساوایان

لە پاش یەک ساڵ کردنی بە ناحیە، تائێستا لە ناحیەی وەرتێدا باخچەی ساوایان نییە، هاوڵاتییانی ئەو ناوچەیەش دروستکردنی بە کارێکی گرنگ دەزانن.

لەدوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو وەرتێ کرا بە ناحیە، لە ڕووی ئیدارییەوە گرفتێکی زۆر لە کەرتی پەروەردەیی ئەو ناحیەیەدا بەدی دەکرێت، بە تایبەت نەبوونی باخچەی سـاوایـان کە لەناو سەنتەری وەرتـێ‌و گوندەکانی دەورووبەریشیدا تائێستا باخچەیەکی لەو جۆرە دروست نەکراوە، کە فەرمانبەرانی فەرمانگە حکومییەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان سوودی لێ ببینن، ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانیی هاوڵاتییانی دانیشتووی ئەم سنوورە.

کۆدۆ حەمید؛ هاوڵاتی ناحیەی وەرتێ، وتی: «بە داخەوە لەدوای بە ناحیەبوونی وەرتێ، تائێستا ئێمە لە چاوەڕوانیدایـن، کە باخچەیەکی ساوایانی لێ بکرێتەوە، بەڵام تائێستا نەکراوەتەوەو کردنەوەی باخچەی ساوایان بە گرنگ دەزانم لەم سنوورەدا، منداڵەکانمان پێویستیان بە ئامۆژگاریکردنە بەر لەوەی بچنە قوتابخانە».

ئەو هاوڵاتییەی ناحیەی وەرتێ، جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە؛ کە ئەرکی حکومەتە لـەدوای کردنی هەر شوێنێک بە ناحیە، پـرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین بکات، بە تایبەت لە ڕووی تەندروستی‌و پەروەردەوە.

لە بەرامبەردا، بەرپرسێکی پەروەردەی ڕەواندز ئاماژە بەوە دەدات؛ کە سەرەڕای دەرچوونی بڕیارێک سەبارەت بە کردنەوەی باخچەی ساوایان لە سنووری ناحیەی وەرتێ، لەبەر نەبوونی میلاکات ناتوانن ئەو باخچەیە بکەنەوە.

سدیق سەعید، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕەواندز بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕیار لە لایەن بەڕێوەبەرێتی پـەروەردەی گشتیی هەولێرەوە دەرچووە بۆ کردنەوەی باخچەی ساوایان, بەڵام تائێستا لە پـەروەردەی ڕەوانـدز فەرمانی کـردنـەوەی باخچەی ساوایان لە وەرتێ دەرنەچووەو لە ئێستادا ناتوانین بیکەینەوە، چونکە میلاکاتمان کەمە، بەپێی یاسای پـەروەردەش دەبێت ئەو مامۆستایانەی کەوا لە باخچەی ساوایان وانە دەڵێنەوە, هەموویان ئافرەت بن، ئێمەش ئەو هەموو مامۆستا ئافرەتەمان نییە، چونکە وەرتێ ناوچەیەکی دوورەدەستەو ناوچەیەکی شاخاوییەو ئەو هەموو مامۆستا ئافرەتانە ناچنە شوێنە دوورەکان».

بـەڕێـوەبـەری بـەشـی ڕاگەیاندنی پەروەردەی ڕەواندز ئاشکراشیکرد؛ ڕەنگە هەندێک کێشەی ئیداریی هەبێت لەوانەیە لە توانای ئێمەدا نەبێت، مافی هاوڵاتییانیشە کە داوای کردنەوەی باخچەی ساوایان دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە، کوێستان ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ سەبارەت بە کەموکوڕییەکانی پەروەردە لەم سنوورە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە هەماهەنگیی لەگەڵ پەروەردەی ڕەواندز ئەو کەموکوڕییانەی کە لە بـواری پـەروەردە لەم سنوورەدا هەن، چارەسەریان دەکەین، بە تایبەت کەموکوڕییەکانی قوتابخانەکان‌و کەمیی میلاکی مامۆستا، هەستمان بە نەبوونی باخچەی ساوایان کردووە، کە زۆر پێویستە لەناو سەنتەری ناحیەکە هەبێت، بۆیە ئێمە ماوەیەک بەر لە ئێستا نووسراومان بەرزکردووەتەوە بۆ سـەرووی خۆمان، کە تاوەکو ئێستا چاوەڕوانین بۆمان بکرێتەوە».

کوێستان ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتـێ سـەبـارەت بە کەموکوڕیەکانی پـەروەردەی سنوورەکەی ڕایگەیاند: «بە هەماهەنگیی لەگەڵ پەروەردەی ڕەواندز کە ئەو کەموکوڕییانەی لە بواری پەروەردەیی لـەم سـنـوورەداهـەن چـارەسـەریـان دەکـەیـن، بە تایبەت کەموکوڕییەکانی قوتابخانەکان‌و کەمیی میلاکی مامۆستا، هـەروەهـا لـە مـاوەیـەکـی کـورتـدا سێ قوتابخانە لە سنوورەکەمان دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە».

سـەبـارەت بـە نـەبـوونـی باخچەی ساوایانیش، وتی: «لە سەرەتاوە هەستمان بە نەبوونی باخچەی ساوایان کـردووە، کە زۆر پێویستە لەناو سەنتەری ناحیەکە هەبێت‌و ماوەیەک بەر لە ئێستا نووسراومان بەرزکردووەتەوە بۆ سـەرووی خۆمان، کە تاوەکو ئێستا چاوەڕوانین بۆمان بکرێتەوە».


ناحیەی وەرتێ — فۆتۆ: ئینتەرنێت

# بەفرو باران گرفتەکانی ڕێگەوبانی پێنجوێن زیاد دەکات


پێنجوێن، زستانی ئەمساڵ — فۆتۆ: خالید

**ڕاپۆرتی: خالید مەحمود**

فارس عەلی شۆفێرێکی تەمەن (٣٤) ساڵە، خۆی‌و چەند شۆفێرێکی تری هاوڕێی بە پاچ‌و خاکەناز سەرقاڵی دەرهێنانەوەی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکەی بوون کە لەسەر ڕێگەی کەمەریی لەناو بەفردا چەقیبوو.

فـارس، وتی: «قوڕقوشمم لە هەولێرەوە هێناوە بۆ باشماخ، ئەوە (٤) شەوە بەم سەرمایە لەناو سەیارەدا دەخەوین، خواردنمان نەما، پارەمان نەما، گەر ناچارنەبین کێ دەتوانێ لەناو ئاسندا ئیدارە بکات، بەم سەرمایە نە حکومەت، نە ئاسایش، نە مرور کەسێک لێی نەپرسیوین».

هاتوچۆکردن لە ڕێگەکانی دەرەوەی قەزای پێنجوێندا لە وەرزی زستاندا زۆر ئەستەمە بۆ ئەو شۆفێرانەی لەسەر ئەو سنوورەی عێراق‌و ئێران کاڵا هاوردەو ناردەنی دەکەن، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامێری پێویستی بۆ پاککردنەوەی ڕێگەکان لە وەرزی بەفرو باران‌و قوڕدا دابین نەکردووە.

فارس عەلی، دەڵێت: تانکەرێک ڕێگەی بە (٥٠) سەیارە گرتووە، ئەگەر ڕێگەمان بۆ خاوێن بکرێتەوە، ئێمەش حەزناکەین ژیان لە خەڵک‌و ماڵ‌و دوکان‌و بازاڕ تێکبدەین، بەڵام چی بکەین، چووینە لای قایمقام لە سەعات (٨)ەوە وتیان شۆفڵتان بۆ دەنێرین، ئێستا وا سەعات (١)ی پاشنیوەڕۆیە، هەر شۆفڵیان نەنارد.

لە ناوخۆی قەزای پێنجوێنیشدا ئەو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرانە بوونەتە گرفت بۆ هاوڵاتییان‌و جگە لە قەرەباڵغی زۆرجار بوونەتە مایەی مەترسیی لەسەر ژیانی هاوڵاتییان، بە جێگەی ئەوەی ئەو بارهەڵگرانە کە بەشێکی زۆریان نەوتی ڕەشیان پێیە، ببنە مایەی خێرو بەرەکەت بۆ قەزاکە.

عوسمان قادر، تەمەن (٥٤) ساڵ ماڵی لەسەر ئەو ڕاستە شەقامەیە کە گەڕەکەکانی (حەسەن ئاواو مامۆستایان) لە یەکتر جیادەکاتەوە، کە پێشتر ئەو شەقامەو زۆربـەی شەقامەکانی تری پێنجوێن بە هۆی تانکەرو کۆنتینەرە بارهەڵگرەکانەوە داپۆشرابوون.

ئەو هاوڵاتییە بۆ ڕۆژنامە وتی: «دڵمان خۆش بوو وتمان تانکەرو سەیارەی بارهەڵگرەکانمان لێ دوورکەوتووەتەوەو ڕزگارمان بووە لە دەسـت گرمەگرم‌و قـوڕو چڵپاوی زستان‌و تەپوتۆزی هاوین، کە زۆرجار مەترسیبوون بۆ ماڵەکانمان، من خۆم دووجار سەیارە خۆیکرد بە ماڵمانداو حەوشەکەی بردم، بە فەقیریی چاکم کردەوە».

قەزای پێنجوێن کە سنووری عێراق‌و ئێران بە یەکەوە دەبەستێتەوە، لە زستاندا ناوچەیەکی ساردو بەفرو باراناوییە، لە هەمانکاتدا بە هۆی پێگەکەیەوە یەکێکە لە دەروازە گەورەکانی هاوردەو ناردەنی کاڵا لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا، بەو هۆیەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر ڕێگەکانی هەیە، بەڵام ڕێگەکانیشی لە ئاستێکی خراپدان.

سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن ڕەتیکردەوە کەمتەرخەمییان کردبێت لە پاککردنەوەی ڕێگەوبانەکان‌و بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «شەپۆلێکی سەرما هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، لە ناوچە شاخاوییەکان بەفری زۆر باریوە، ئێمە ڕۆژی پشووش کاری خۆمان کـردووەو درێغیمان نـەکردووە تا (١٠)ی شەو لە (ملەکەوەو ناوشار) کارمانکردووەو بنکەی هاتوچۆی پێنجوێنیش هاوکارمان بوون‌و لەسەر شاخی ملەکەوە ماونەتەوە».

ئـازاد عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن باسی لەوەشکرد؛ کە ئاگاداری قایمقامی پێنجوێن‌و پۆلیسی هاتوچۆی کـردووە تا ئیجرائات بکەن لەگەڵ ئەو شۆفیرە بارهەڵگرانەی بە ناو ماڵ‌و بازاڕی پێنجوێندا دەڕۆن، بە وتەی ناوبراو ئەو شۆفێرانە ڕێگەی خۆیان (کەمەریی) بۆ دروستکراوە لەدەرەوەی شار، یان با لەو ماوەیەدا هاتوچۆ نەکەن‌و ئیسراحەتی خەڵک تێکنەدەن.

سـەرۆکـی شـارەوانـیـی پێنجوێن، وتیشی: «ئەو شۆفێرانە ئەگەر جـادەی کەمەریی هەیە، بۆ لەناو شارەوەوە هاتوچۆ دەکەن‌و خەڵک بێزار دەکەن، حکومەتیش موحاسەبە ناکات‌و ئیجرائات نانوێنێت‌و غەرامە ناکات، پێویستە قایمقام‌و هاتوچۆ بەو کارە هەستن‌و ڕێگربن لە تانکەرو سەیارەی بارهەڵگر لەناو شاردا، ئەو کات ئێمەش کاری خۆمان بۆ ئەنجام دەدرێت، نەک ئەوەی کە قایمقام تانکەرمان پێڕابکێشێت‌و لەبەر تانکەر کاری خۆمان بۆ ئەنجام نەدرێت، کە خاوێنکردنەوەی ناو پێنجوێنە».

بەپێی وتەکانی ئازاد عەبدوڵڵا، پاککردنەوەی ڕێگەی کەمەریی (پێنجوێن -باشماخ) تایبەتە بە ئاوەدانکردنەوەو مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ خۆیان، کە ئەوانیش سەربەخۆن‌و ئامێری خۆیان هەیەو پێویستە ئاوەدانکردنەوە پاکی بکاتەوە لەگەڵ گوندەکاندا، چونکە لە سنووری شارەوانیی پێنجوێندا نییە.

سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن، وتیشی: «ئێمە لە سنووری خۆمان زیاترمان کردووە، بەڵام ئامێرمان کەمەو تەنیا دوو شۆفڵمان هەیە، جگە لەوەش چەند بەشێکی زۆری گەڕەک‌و کۆڵانەکانی پێنجوێن پرۆژەی ئاوەڕۆی تیایە، کە تەواو نەبووەو ڕێگرە لە بەردەممانداو ناتوانین پاکی بکەینەوە».

# بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە بارزان

# (٤٥٠) ئاژەڵی کێویی لەناودەبات

**ئەحمەد باڵەکی– بارزان**

زیاتر لە (٤٥٠) سەر ئاژەڵی کێویی لە ناوچەی بارزان بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی (ppr) کە بە تەبەق ناسراوە، مرداربووەتەوەو بەرپرسانی ئەو ناوچەیەش هۆشداریی دەدەن لە مەترسیداریی نەخۆشییەکەو بڵاوبوونەوەی زیاتری بە هەرێمی کوردستاندا.

عەبدوڵڵا میرخان، بەرپرسی پاراستنی ژینگەی مێرگەسۆر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «لـەدوای مانگی (٧)ی ساڵی ڕابـردووەوە نەخۆشییەکە لەناو بزنەکێوییەکان بڵاوبووەتەوەو زیاتر لە (٤٥٠) سەر لەناوچوون‌و ئێستاش ئەم نەخۆشییە درێژەی هەیە».

وتیشی: «ئەگەرچی تیمی ڤێتێرنەری هەولێر هاتن بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، بەڵام نەخۆشییەکە ڕووی لە زیادبوونەو ڕێژەی مرداربوونەوەی ئاژەڵە کێوییەکانیش هەر لە زیادبووندان، بە تایبەت بزنە کێوییەکان».

دەڤەری بارزان لە ڕووی جوانیی سروشت‌و ژینگەکەیەوە، یەکێکە لە دەڤەرە سەرەنجڕاکێشەکانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی پابەندبوون بە قەدەغەکردنی ڕاو لەو ناوچەیەو پاراستنی ژینگەو گرنگیدان بە ئاژەڵی کێویی، ساڵ لەدوای ساڵ ئاژەڵی کێویی زیادیکردووە، بە جۆرێک پێشبینی دەکرێت لەم دەڤەرەدا زیاتر لە (٢٥٠) جۆر ئاژەڵی کێویی هەبێت‌و بە (٢٠) هەزار سەر دەخەمڵێندرێت.

جۆرەکانی نەخۆشیی (ppr) کە بە تەبەق ناسراوە، بە زیاتر لە (٢٠٩ جۆر مەزەندە دەکرێت، نەخۆشییەکی کوشندەیەو لەهەمانکاتیشدا کاتییەو چەند مانگێک دەخایەنێت، لە وەرزی زستاندا زیاتر بڵاودەبێتەوەو لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تریش دەگوازرێتەوە، ئەم حاڵەتەی ناوچەی بارزان، دەمی ئاژەڵەکان دەگرێتەوەو لە خواردنی دەخات.



بەرپرسی پاراستنی ژینگەی مێرگەسۆر باس لەوە دەکات، کە لە ئێستادا زۆرێـک لە ئـامـێـرەکـانـی پشکنینی ئاژەڵیان نییە، وەکو ئەو وڵاتانەی کە گرنگی بە ئاژەڵی کێویی دەدەن، وتیشی: «ئێمە تاوەکو ئێستا ئامێرەکانی بێهۆشکردنی ئاژەڵەکانمان نییە بۆ ئـەوەی لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی بپشکنرێن بزانین کە تووشی چ نەخۆشییەک بوون».

ئەم نەخۆشییە پێشتریش لە ساڵانی (١٩٧٢و ٢٠٠٧)دا لە دەڤەری بارزان لەناو ئاژەڵە کێوییەکان بڵاوبووەتەوەو مەترسیش دەکرێت لە ئێستادا ناوچەکانی (ڕێزان، بیرەساڵ، لێرەبیر، گەڵی شکەفتی، دۆری، زرارە) بگرێتەوە.

دکتۆر... فێڵی لێکردم 20

### بۆچی «لیستی سەردەم» سێیەم بوو؟

# سەرۆکی «لیستی سەردەم» هۆکارەکانی سێیەمبوونیان ڕووندەکاتەوە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

**لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم لە هەڵبژاردنی (٢٠)ی ئەم مانگەدا زیاتر لە (٢٧) کورسی کۆنگرەی سەندیکاکەی بەدەستهێنا، ئەمەش بەلای هاوڵاتییان‌و کارمەندان خۆیانەوە «ڕێژەیەکی کەمە» لە چاو ئەو بەدەمەوەچوونەی کە بۆ ئەو لیستە هەبوو.**
**هیشام تاهیر حسێن، سەرۆکی لیستەکە لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە بەڵام لە ئاستی تموحی ئەواندا نەبووە، هۆکاری کەمیی ڕێژەی دەنگەکانیشیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو «فشارو چاوسوورکردنەوەیەی کە لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتەوە لە کارمەندانی تەندروستی هەبووە».**


هیشام تاهیر

**ڕۆژنامە: تێڕوانینتان لەسەر تێکڕای بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی چۆنە؟**

* ئەم هەڵبژاردنە کە بۆ کۆنفرانسە ناوچەییەکان بوو، دابەش ببوو بەسەر چوار بازنەدا، بازنەی سلێمانی‌و کەرکوک‌و هەولێرو دهۆک، ئێمە بەشداریمان کرد (جگە لە بازنەی دهۆک)، هەر لە سەرەتاوە تێبینیمان لەسەر بەشداریکردن هەبووە لەو هەڵبژاردنەدا، بەوپێیەی کە ئەو ئالیەتەی دانرا پڕبوو لە کەموکورتی، سەرەڕای ئەوەش هەر ویستوومانە بەشداریی بکەین بەو هەموو کەموکورتییەشەوە، پێشبینیشمان کرد کە بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا بەو هەموو کەموکورتییەوە ڕەنگە ئەنجامی باش نەدات بەدەستەوە، نەک تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ لیستەکانی تریش، هەر لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ لیستەکانی تر چەندین دانیشتنمان کردووە، تەنانەت لەگەڵ دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکەش دانیشتنمان کرد، بۆ ئەوەی بیانهێنینە سەر ئەو قەناعەتەی ئەم ئالیەتە بگۆڕن، بەڵام دەستەی باڵا لەبەرئەوەی لەژێر کاریگەریی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدا بوون، زۆر لاوازبوون‌و نەیانتوانی هەڵوێستێک دەرببڕن‌و ئەو ئالیەتە بگۆڕن.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ پێکهێنانی لیستدا نەبووین، چونکە دەمانزانی لایەنی خراپی خۆی هەیەو قەناعەتمان وابوو کە لە ناوەندە تەندروستییەکان هەڵبژاردن بکرێت لەسەر ئاستی تاکەکان، بۆ ئەوەی بنەماکانی دیموکراسیەت زیاتر بەرجەستە ببێت، بەڵام دەسەڵات لەو دیموکراسییەتە سڵی کردەوە، بۆیە تاکلایەنە بڕیاریدا کە بە لیست بێت‌و ناچاری کارمەندانی تەندروستیان کرد کە لە چەند لیستێکدا خۆیان کۆبکەنەوە، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە بەشداریی نەکەین، بۆ ئەوەی فشار بخەینە سەریان ئەو ئالیەتە بگۆڕن‌و بە ئالیەتێک بەڕێوەی بەرن کە دیموکراسییەت بەرجەستە ببێت لە پرۆسەکەدا، بەڵام کە لایەنە یاساییەکەمان لێکدایەوە بۆمان دەرکەوت ئەگەر بەشدارییش نەکەین، پرۆسەکە بەڕێوەدەچێت‌و جارێکی تر سەندیکاکە تووشی ئیفلیجیی دەکرێتەوە، بۆ ئێمەش وەکو لیستی سەردەم کۆمەڵێک کارمەندی تەندروستی بە بیروڕای جیاوازەوە لە چوارچێوەی لیستێکدا خۆمان کۆکردەوە بە ناوی (لیستی سەردەم)ەوە، لەناو لیستەکەدا کۆمەڵێک کاندیدمان هەبوو کە ئینتیمایان بۆ هیچ لایەنێکی سیاسیی نەبوو، گرنگ لای ئێمە ئەوە بوو کە سەندیکایەکی فرە دەنگو فرە ڕەنگ پێکبهێنین.

**ڕۆژنامە: ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستتان هێناوە، چۆنە بە لاتانەوە؟**

* ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستمان هێناوە پێمان باشە، بەڵام لە ئاستی تموحی ئێمەدا نییە.

**ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە ڕێژەیەکی کەم دەنگتان بەدەستهێناوەو جۆرێک لە پاشەکشە بە لیستەکەتانەوە دیارە، هۆکاری ئەم بۆچوونە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

* ئێمە وەکو پێویست لە ناوەندە تەندروستییەکاندا خۆمان ڕێکنەخستووە، ئەو فەترە زەمەنییەش کە بڕیاری لێدرا بۆ کۆنگرە، فەترەیەکی کەم بوو بۆ خۆڕێکخستنەوە، هۆکارێکی تریش ئەوە بوو کە فشارێکی زۆر هەبوو لەسەر لیستی سەردەم لەلایەنی ئیداریی‌و لە لایەنی حیزبی دەسەڵاتدارەوە، بە پلەی یەکەم لە سلێمانی فشارمان زۆر لەسەر بووەو کاندیدەکانمان هەڕەشەی لێکراوە، بە هەموو شێوەیەک خرابوونە بەر جۆرەها تموحات، لە ناوەندەکانی خۆیان نەیانهێشتووە بچن بانگەشە بۆ خۆیان بکەن‌و دەنگ کۆ بکەنەوە، خاڵێکی تریش ئەوەبوو کە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئەوە (١٠) ساڵە بەدەست ژمارەیەک کارمەندەوەیە، کە توانیویانە هەرچی ئۆرگانەکانی سەندیکا هەیە بەکاریبهێنن لە خزمەتی لیستی دەسەڵاتدا، هەر لە بیناو ئیمکانیەتی سەندیکاوە بیگرە تا بڵاوکراوەکانی سەندیکا، جگە لە بەکارهێنانی ئالیات‌و زۆر لە بەشەکانی فەرمانگەی تەندروستی، ئەمە جگە لە بودجەیەکی زەبەلاح لە لایەن حکومەتەوە بۆ ئەم هەڵبژاردنە تەرخانکرابوو، کە (٧٠) ملیۆن دینار بوو، کە (٤٠) ملیۆنی تەرخانکرابوو بۆ کۆنفرانسە ناوچەییەکان، بەڵام ئێمە وەکو لیستی سەردەم بێ ئاگاین لە خەرجکردنی ئەو پارەیەو هیچ پشتگیرییەکی ئێمە نەکراوە بەو پارەیە، بۆیە بە بودجەیەکی لاوازەوە بەشداریمان کردووە، هۆکارێکی تریش لەوبارەیەوە تازە نەکردنەوەی ناسنامە بوو لەلایەن کارمەندانی ئێمەوە، دەسەڵات ئەندامەکانی خۆیان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە سەندیکا یەکە بەیەکە ناسنامەکانیان بۆ تازە کردبوونەوە بۆ دەنگدان، بەڵام ئێمە ئەندامەکانمان بە حوکمی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن بوون‌و سەندیکایان بە سەندیکای خۆیان نەزانیوە، ناسنامەیان تازە نەکردبووەوە، بۆیە مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمەش زەربەی لە لیستەکەمان دا.

> ئاگاداری ئەو بڕە پارەیە نین کە بۆ هەڵبژاردنەکە تەرخانکرابوو

**ڕۆژنامە: ئەی لە ڕووی میدیاییەوە، بۆچی بانگەشەتان لاواز بوو؟**

* لیستی کارمەندانی تەندروستی یەکێتی‌و پارتی چەند کەناڵێکی میدیاییان لە بەردەستدابوو بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ لیستەکەیان، بەڵام ئێمە تەنیا کەناڵی (KNN) تاکە کەناڵ بوو کە بانگەشەی بۆ دەکردین، بۆیە زۆر سوپاسیان دەکەین.

**ڕۆژنامە: کاندیدەکانتان لەسەر چ بنەمایەک هەڵبژارد، بەو پێیەی بەدەستمان گەیشتووەتەوە گلەیی زۆر لە کاندیدەکان هەبووەو ناڕێکوپێکی لە کاندیدی ناوچەکان هەبووە؟**

* ئێمە هەوڵی زۆرمان داوە کە کاندیدەکانمان لەسەر ئاستی ناوچەکان دابنێین، بەڵام هەندێک چاوسوورکردنەوەی دەسەڵات‌و بوونی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بە بەشێک لە دەسەڵات وای لە کارمەندان کرد کە خۆیان کاندید نەکەن، ئێمە ڕاستە پێمان باش بوو بەپێی جوگرافیا کاندیدەکان دابەش بکەین، بەڵام چاوسوورکردنەوەکان بە جۆرێک بوو کە زۆر لە کارمەندەکان ئامادەنەبوون خۆیان کاندید بکەن، بۆیە ناچاربووین خەڵکی تری دەرەوەی ئەو ناوچەیە کاندید بکەین.

# پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی ئاشکرا دەکرێت


٢٠١١/١/٢٠، هەڵبژاردنی کارمەندانی تەندروستی
فۆتۆ: ئاکام

## ئەنجامە بەراییەکان

| ڕێژە | ژمارەی دەنگ | ناوی لیست |
|---|---|---|
| ٪٥٧.٢ | ٩٦٧٥ | لیستی کارمەندانی تەندروستی |
| ٪١٥.٢٢ | ٢٥٧٢ | لیستی تەندروستکارانی یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٪١٣.٢ | ٢٢٣١ | لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم |
| ٪٠٨.٥٤ | ١٤٤٣ | لیستی تەندروستکارانی کۆمەڵی ئیسلامی |
| ٪٠٢.١٢ | ٣٥٩ | لیستی ئایندە (المستقل) |
| ٪٠٠.٢٣ | ٣٩ | لیستی کارمەندانی سەربەخۆ |

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

هەرسێ لیستی ئۆپۆزسیۆن (سەردەم‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو)، کە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستییان کرد، ئاشکرای دەکەن کە لیستی دەسەڵات فشاری لە کارمەندانی تەندروستی کردووە، بە مەبەستی دەنگدان بە لیستەکەی پارتی‌و یەکێتی.

هەڵبژاردنی سەندیکای پیشەیی کارمەندانی تەندروستی کوردستان ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٠ لە هەر (٤) پارێزگای هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک‌و کەرکوک بەڕێوەچوو، بەپێی ئەنجامە بەراییەکان «لیستی کارمەندانی تەندروستی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو لە پلەی دووەمیشدا لیستی تەندروستکارانی یەکگرتوو هەیەو لە پلەی سێیەمیشدا لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم دەبینرێت».

ئەکرەم محەمەد مەحمود، وتەبێژی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زۆربەی بەڕێوەبەری وێستگەکان‌و کارمەندی سەر سندووقەکان لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە دانرابوون، یان ئەندامی کۆمیتەو لقەکان بوون».

وتیشی: «لە زۆر شوێن باجی کارمەندانی تەندروستی دوای دەنگدانیش کون نەکراوە، پێشێلکاریی زۆر کراوە، لەلایەن لیستەکانی ئۆزسیۆنیشەوە سکاڵا تۆمار کراوەو دراوەتە لیژنەی باڵای هەڵبژاردن».

ئەو پێشێلکارییانەی کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بەدیدەکرا بریتیی بوون لە؛ بەردەوامبوونی لیستی دەسەڵات لە پروپاگەندە، تەنانەت لەناو وێستگەکانی دەنگدانیش، هەروەها دەنگدان بەبێ باجی سەندیکاو چوونە ناوەوەی پۆلیس بە چەکەوە بۆ ناو وێستگەکانی دەنگدان‌و نەهاتنەوەی ناوی بەشێک لە ئەندامانی سەندیکا.

نەسرەدین عومەر، وتەبێژی لیستی تەندروستکارانی یەکگرتووی ئیسلامیی وێڕای ڕازیبوونیان لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لە سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە لیستی دەسەڵات دەستیکرد بە خرووقاتێکی زۆر.

وتەبێژی لیستی یەکگرتوو، وتیشی: «ڕۆژانە لە کاتی دەوامی ڕەسمییدا لەلایەن کۆمیتەو مەڵبەندو لقەکانەوە کۆبوونەوە بە کارمەندانی تەندروستی دەکرا، ئەندامانی پێشووی سەندیکا کارو چالاکییەکانی ڕابردووی سەندیکایان دەبەشیەوە، پەیمانی شوقەو زەوی بە کارمەندانی تەندروستی دەدرا، لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بەردەوام لە بەردەم بنکەکانی دەنگدان قسە لەگەڵ کارمەندان دەکرا بۆ دەنگدان بە لیستی دەسەڵات».

بەهۆی نەبوونی ناوی بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی‌و ئەو پێشێلکارییانەی لە ڕۆژی دەنگداندا هەبووە، ژمارەیەکی زۆر سکاڵا تۆمار کراون، لە وێستگەی (٣)ی هەناوی گشتیی لە سلێمانی (١٥) سکاڵا تۆمار کراوە، لە وێستگەی (١) نەخۆشخانەی فێرکاریی زیاتر لە (٨) سکاڵا تۆمار کراوە.

لای خۆیەوە وتەبێژی لیستی تەندروستکارانی کۆمەڵی ئیسلامیش جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە گرفتی زۆر بۆ کارمەندانی تەندروستی دروستکراوە، بەو هۆیەوە لە زۆربەی بنکەکاندا سکاڵا تۆمار کراوە.

شوان مەعروف، وتەبێژی لیستی تەندروستکارانی کۆمەڵ بۆ ڕۆژنامە خۆشحاڵیی خۆشی دەربری‌و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی ئەو لیستە جیاوازانە وا دەکات دەنگی جیا بچێتە کۆنگرەوە، کاریگەریی خۆی دەبێت لەسەر کۆنگرە، سەرەڕای گرفتەکان».

# قەیرانی دوو بەندکراو

## تیۆری گەمەو ڕێککەوتنی ستراتیژیی



سۆران عەبدولقادر کۆستە

تیۆری گەمە، تیۆرییەکی ماتماتیکییە بۆ لێکدانەوەی ستراتیژیی، بەڵام ئەم تیۆرە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیی، ستراتیژیی، سیاسیی، ئابووریی و..تاد. جەیمس والدیگراڤ لەساڵی(١٧١٣)دا لێرەو لەوێ باسی لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی کردووە، بەڵام دواتر کۆمەڵێک زاناو ناوداری زۆرو لەبواری جیاجیادا، لەسەر ئەم تیۆرە کاریانکردووە، لەوانە جەیمس مادیسۆن کە بەباوکی دەستووری ئەمریکیی دەناسرێت، هەروەهازانای بەناوبانگی بواری ماتماتیک، جۆن فۆربس ناش. بەپێی ئەم تیۆرە، کۆی بەرهەمی بەشداربووانی هەموو یارییەک، دەکاتە هیچ، ئەوکاتەش هاوسەنگیی بەرقەرارە. واتە ئەگەر دوو کەس یاریی بکەن، ئەوەی یەکەم دەیدۆڕێنێت، هەمان ئەوەیە کە دووەم دەیباتەوە. لەبواری ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیی و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکاندا، ئەم تیۆرە زۆرترین سوودی لێوەرگیراوە.

تیۆر، ئامێر، یان هەر داهێنانێکی تری وەک داینەمیت، لەبەکارهێناندا دوو دەمەو لەهەڵسەنگاندنی ئەخلاقیدا دەردەکەون. داهێنانێکی وەک داینەمیت دەکرێت بۆ تۆنێل دروستکردن بەکاربێت، یان بۆ هێرشی تیرۆریستی. تیۆری گەمەش، بەهەمان شێوە کە بەکاردێت، دەکەوێتە بەردەم هەڵسەنگاندنی ئەخلاقییەوە.

گەمە لەگریمانەسەرەکییەکەیدا پشت بە قەیرانی دوو بەندکراو دەبەستێت. تیۆرەکە پێشنیازی هاوکاریی دەکات لەبەرامبەر بەربەرەکانێدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی هەردووکمان. پێمان دەڵێت: «لە پرۆسەی هاوکارییدا، دەتوانین هەردووکمان براوەبین بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەڵام لەبەربەرەکانێدا، دەشێت هەردووکمان دۆڕاو بین.. هەرگیز هەردووکمان براوە نابین. قەیرانی دوو بەندکراو:

«پۆلیس، دوو کەس دەگرێت بەتاوانی جەردەیی کە بەئاشکراو بەزەبری هێز هاوڵاتییانیان ڕووتکردووەتەوە، بەداخەوە، پۆلیس بەڵگەی تەواوی نییە بۆ حوکمێکی عادیلانە، بەڵام شایەتەکان بەسن بۆ ئەوەی هەر یەکەیان، دوو ساڵ زیندان بکرێت. حوکمی عادیلانەی تەواو، پێویستی بەدانپیادانانی دوو بەندکراوەکە هەیە. ئەگەر یەکەم دان بنێت بەتاوانی دووەمدا، ئەوا دووەم دە ساڵ زیندانیی دەکرێتو یەکەم ئازاد دەبێت. لەبیرمان نەچێت، دووەمیش دەتوانێت داکۆکی لەخۆی بکاتو تاوانەکە بخاتە ملی یەکەم کە ئەنجامی حوکمەکە پێچەوانە بکاتەوە. خۆ هەردووکیشیان ئیعتراف لەسەر یەکتر بکەن، ئەوا هەر یەکە پێنج ساڵ زیندانیی دەکرێت، کەواتە باشترین ستراتیژی ئەم دوو جەردەیە لەبەرامبەر پۆلیسدا، ئەوەیە کەسیان ئیعتراف نەکاتو هاوکاریی ئیعترافنەکردنی یەکتر بکەن، بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بە دوو ساڵ نەجاتی ببێتو هەردووکیان براوەبن».

لێرەدا ستراتیژ ستراتیژی هاوکاریی دوو تاوانکارە بۆ بەردەوامیی تاوانەکانیانو بەگەڕانەوە بۆ بنەڕەتی ستراتیژەکە، لەکوردستاندا ڕێککەوتنی ستراتیژیی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتدائەنجامدراوەو بەرهەمەکەشی دەستکەوتنی گەورەترین قازانج بووە بەرامبەر کەمترین بەخشین، «وا دیارە ئەمەش تاوانی سیاسیی بێت!» لەدەرئەنجامی شەڕی ناوخۆدا، هەردوولایەنی سیاسیی بەربەرەکار، بەئەزموون بۆیان سەلمێنرا کە بەردەوامیی بەربەرەکانێ بە زیانی گەورەی هەردوولا کۆتایی دێت، بە مەخابنێکی گەورەوە، ئەم دەرکەوتنە لەئەنجامی درککردن نەبوو بەپێویستییە گشتییەکان، هەر وەک دواتر لەبەشکردنی دەسەڵاتدا دەرکەوت. ئەگەر ڕێککەوتنی ستراتیژیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتیی بوایە، ئەوا دەبوو بەر لەشەڕی ناوخۆ، ئەنجام بدرێت.

دەمەوێت ئاماژە بە دەرکەوتنی بەردەوامی نێگەتیڤانەی ڕێککەوتنەکەو درێژخایەنی ڕێککەوتنەکە بدەم! ئەو ڕێککەوتنەی وەک ماشینێک بەپێی تیۆری گەمە لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ بازدان بەسەر پێویستییەکانی خەڵکدا. ئەمڕۆ کە دەسەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی دیار دەستیکردووە بە خۆشکردنی زەمینە بۆ هەنگاونان بەرەو سیستمێکی شموولی، بەردەوامە لەگەمەکردن بەئاراستە نێگەتیڤەکەیدا کە لە ڕووی مۆراڵەوە وەک بەکارهێنانی داینەمیتە بۆکاری تیرۆریستی.

لە نموونە ئاشکراکان، بەردەوامیی تۆقاندنو کپکردنو سەرکوتکردنی ئازادیی، ئەو پرۆسە ترسناکەیە کە دەیەوێت دەزگاکانی سەرکوتکردنیش بەیاسایی بکاتو ڕەوایەتی بداتە کارە سەرکوتکارەکانیان.. با بڕوانینە پەیوەندییەکانی ئەم ڕژێمەی کوردستان! بە ڕێککەوتنە سەرکەوتووەکانی لەگەڵ ئێرانو تورکیاداو لاساییکردنەوەی هەنگاوەکانی سەرکوتکردن لەو جێگایانە، دەیسەلمێنێت ئەزموونی ئەو شوێنانەی پێیان پەسەندە، نەک تەنیا ڕێککەوتنەکانی تاکتیکی بن بۆ بردنەسەری کات، یان دەستکەوتنی ئامانجێکی گرنگ. پێشتر لەیەکێک لە پێشبینییەکانمدا دامنابوو، تا سێ ساڵی تر ئەم دەسەڵاتە ناچار ببێت بەئاشکرا دەست بداتە سەرکوتکاریی، بەڵام هەنگاوەکانی ئەم دواییە، دەریدەخەن کە بەر لەوادەی پێشبینی من، بکەوێتە ئەو هەڵە کوشندەیەوە.

بەگەڕانەوە بۆ تیۆری گەمە، لەسەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە تا ئەمڕۆ، دەبێت تیۆرییەکە لەگۆڕەپانی عەمەلیدا، بە گریمانەیەکی تری هەمان تیۆری لێکبدەینەوە:

«دوو یاریزانمان هەیە، خەڵکو بنەماڵە حوکمڕانەکان، هەریەکەیان سێ کارتیان پێیە، کارتێک بەوێنەی مقەستەوە، دووەم قوماش، دوایەمینیش بەردێک! مقەست قوماش دەخوات.. قوماش دەتوانێت لەبەرد بئاڵێتو ڕەقیەکانی نەهێڵێت، بەمجۆرەش قوماش بەرد دەخوات، بەرد دەتوانێت مقەست بشکێنێت. هەریەک لەیاریزانەکان، دەتوانن کارتێک ڕاکێشن کە بۆی هەیە ئەوەی تر بخوات، یان بخورێت، یان بەرئەنجامەکەی سفر بێت».

میتافۆر: گۆڕان، دەتوانێت یەکێتی بخوات بەهێزی جەماوەری، یەکێتی بە ڕێککەوتنو هەڵگەڕانەوەی هاوکێشەکانی لەگەڵ گۆڕان، دەتوانێت هەڕەشەبێت بۆسەر پارتی، پارتی دەتوانێت هەڕەشە لەگۆڕان بکات لە ڕێگەی دەسەڵاتە یاساییەکانییەوە، کە ئەمڕۆ بەپێی ئەو دەسەڵاتانە،شەرعییەتێکی گەورەتری هەیە. لێرەدا ئەوەی ڕوودەدات لەهاوکێشەکاندا، بنەماڵەی دەسەڵاتە حوکمڕانەکان بۆیان هەیە دوو کارت ڕاکێشن، بەڵام خەڵک دەتوانێت، تەنیا یەک کارت ڕاکێشیت، بۆیە لە یاسای خۆپیشاندانەکاندا، لە پاشەکشەی مەدەنیدا، لە داڕشتنی پلان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، بەتایبەت لە ڕووی ئەمنییەوە. لە هەموو ئەمانەدا یارییەکە یاسایەکی نابەرابەری هەیە. بەپێی هەمان تیۆر: ئەگەر یاسای گەمەیەک، هەمان دەرفەت نەداتە هەموو یاریزانەکانی، ئەوا ئەو گەمەیە زۆر زوو کۆتایی دێت، بێئەوەی کەس براوە بێت.

گەمەی یەکەمیان لەنێوان سێ هێزدا بوو، پارتی، یەکێتیو خەڵک، لەم گەمەیەدا دوو یاریزانی یەکەم ڕێککەوتن لەسەر سەرکەوتن بەسەر یاریزانی سێیەمو هەموو دەستکەوتەکانیان بۆ خۆیان برد، بەڵام ئەمڕۆ گەمەکە، گەمەی دووەم لەنێوان دوو یاریزاندایە، خەڵکو دەسەڵاتی بنەماڵەکان. بەپێی بنەماکانی تیۆرییەکە، یاسای گەمەکە دەگۆڕێت، زوو یان درەنگ، بۆیە لەم سامپڵەوە باشترە ستراتیژی هاوکاریی بگیرێتەبەر نەبا هەردووکمان بدۆڕێین، یان گەمەکە تەواو ببێتو کەسمان براوە نەبین.

گرفتی واقیعی کوردستان لەم تیۆرەدا، ئەوەیە کە ستراتیژی هاوکاریی دەبێت دوولایەنە بێت. ئەوەی دەبینرێت، بنەماڵەکانی حوکمڕانیی خۆیان لە کونجی ستەمکاریی قایم دەکەنو دەرگاکانی پەیوەندیی لەخۆیان دادەخەن. پەرچەکرداریان بۆ ڕای جەماوەریی نەرێنییەو گوێ لە دەنگە نارازییەکانیان ناگرن!ئەمانە تێکڕائاماژەی قەمچبوونەوەی ئەوانن بەسەر دەسەڵاتو دەستکەوتە تایبەتەکانی دەسەڵاتدا. ئاماژەن بۆ هەڵکشان بەرەو تۆتالیتارییەتی بنەماڵەکان. ئەم دەسەڵاتدارانە لە مەترسیی گۆڕانی یاسای گەمەکە، تێناگەن. ئەم گەمەیە کاتێک بەرئەنجامەکانی دەکاتە هیچ، ئەگەر هەموو لایەنەکان یەک چانسی یاریکردنیان هەبێت، بەڵام ئەمڕۆ ستراتیژی دەسەڵات، هەرگیز قایل نییە کە هەمان چانسی لەگەڵ لایەنەکانی تر هەبێت.. بۆیە یاساکانی گەمەکە لەگۆڕاندانو بەربەرەکانی لە کوردستاندا پێدەنێتە قۆناغێکی توندڕەوی مەترسیدارەوە کە بەئاشکرا هەردوولای گەمەکە، خەڵکو دەسەڵات، تێیدا دۆڕاو دەبن.

هەروەها گرفتە مێژووییەکەی کە جێی مەترسییە، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین لە رابردووی دوورو نزیکی کاراکتەرەکانی ئەم دەسەڵاتە، ئەوا هیچ سەردەمو قۆناغێک دۆڕاندنی خۆیان پێ کێشە نەبووە، بەمەرجێک لەچاو تەواوی خەڵکەکەی خۆیدا براوە بووبێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی بەشەکیش بوو بێت. ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێت، دەسەڵات، دەسەڵاتێکی نابەرپرسیارو نالەبارەو هەمیشە پێشبینی دەکرێت، زیانی کوشندە بدات، تەنانەت بە هەڵبژاردنی خۆکوژیی بە ئامانجی زیانی خاوەنەکەی.




# ئیرهابی شارستانیی



ئاسۆ جەبار

ئیرهاب، تەنیا کوشتنو تۆقاندنی ئینسانەکان نییە. وەک چۆن ئیرهابێک هەیە بۆ کوشتنی ئینسان، ئیرهابێکی بێماناترو نامرۆڤانەترو ڕێکخراوتریش لەئارادایە بۆ کوشتنی یاساو ئازادیی رادەربڕینو مافە شارستانییو ژیارییەکانی تاکەکەسو کۆمەڵگە. ئیرهاب، تەنیا سووتاندنی شەقامێک نییە بە ئینسانەکانەوە، چۆڵکردنی شەقامەکانو ڕێگرتن لەبەردەم هەر نارەزاییەکی شارستانیی لەشەقامەکاندا، جۆرێکی دیکەیە لە ئیرهابی شارستانییانە.

ئیرهابی شارستانیی، بریتییە لەکوشتنو خامۆشکردنی هەر چالاکیو ئیرادەیەکی شارستانیی، وەک ڕێگریی یاساییو حیزبیی لەبەردەم خۆپیشاندانو چالاکییە مەدەنییەکاندا، دژایەتیکردنوسەرکوتکردنی کیانەرۆشنبیریو کلتوورییە سەربەخۆو شارستانییەکان، کوشتنی رۆژنامەنووسانو داخستنی دۆسیەکەیانو کردنیان بە تیرۆریست، هاوکات نادادپەروەریی کۆمەڵایەتییو ئابووریو سیاسیی، بێجگە لە ئیرهابگەلێکی وەحشیگەریی شارستانیی، هیچی دیکە نین.

گرنگ نییە سەرۆکێک ئیمزا لەسەر پڕۆژە یاسایەک دەکات یان نا، گرنگ ئەوەیە کە دەسەڵاتو هێزێکی ناشارستانییو نائینسانیی لەئارادایە بۆ بە یاساییکردنو شەرعییەتدان بە هەر مەرامو حوکمو سەرکوتکردنو ستەمکارییەک، هەموومان شایەتحاڵی ئەو راستییەین، کاتێک سەرۆک ئیمزا لەسەر پڕۆژەیاسای کاری رۆژنامەگەریی ناکاتو دەینێرێتەوە بۆ پەرلەمان، دوابەدوای ئەوە، لەجاران زیاتر لە رۆژنامەنووس دەدرێتو دەکوژرێنو ئیهانەدەکرێنو هەڕەشەیان لێدەکرێتو حیزبو حکومەت دەستکراوەتر دەبن بۆ سزادانی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان لەرێی زەبری غەرامەو ئیهانەکردنو هەڕەشەلێکردن، کەواتە گرنگ نییە سەرۆک بڕیار دەدات یان نا، گرنگ ئەوەیە کە ئەوڕۆکە لەکوردستاندا، سیستمێکی ناشرینی حیزبییو ناشارستانیی لەئارادایەو پێکڕا ڕێگرێکی راستەقینەن لەبەردەم هەموو هەوڵێکی شارستانیدا.

لەژێر دەسەڵاتو هەمەجیەتی حیزبگەراییدا، کۆمەڵگە وەک کیانێکی سەربەخۆو زیندوو وجودی نامێنێت، سڕینەوەی کۆمەڵگە، یەکێکە لەمەهامە هەرە گرنگو بنچینەییەکانی دەسەڵاتە موتڵەقو دیکتاتۆرو دیماگۆگەکانوئەم پرۆسەی سڕینەوەیە، تەنیا بریتی نییە لەسڕینەوەی شوناسو زیندوێتی کۆمەڵگە وەک ڕووبەرێکی بەرهەمهێنو کاریگەرو پەیوەندیدار، نەخێر، ئەم پرۆسەیە بریتییە لەگۆڕینی شوناسو مەهامی کۆمەڵگە لەسەربەخۆییەوە بۆ وابەستەییو پاشکۆیی، لە ڕووبەرێکی زیندووەوە بۆ پانتاییەکی مردوو، لەکۆمەڵگەیەکی خۆژێنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی پەکاربەرو موحتاجو مووچەخۆر، گۆڕینی کۆمەڵگە لەپێکهاتەیەکی فرەجومگەو فرەڕەنگەوە بۆ کوتلەیەکی کۆنکرێتی بێقسەو بێدەنگو خامۆش.

لەسایەی دەسەڵاتە حیزبگەراو موتڵەقو کۆنزێرڤاتیڤەکاندا، کۆمەڵگە تا ئەو شوێنە وجودی هەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدایە، لەدەرەوەی ئەم کۆنترۆڵکردنە، شتێک نییە بەناوی کۆمەڵگەوەو هاوکات، هاوڵاتی وەک کەسایەتییەکی ئینسانیی لەناو نەخشە سیاسییو ئابووریو شارستانییەکاندا وجودی نییە. ئەوکاتانەی کە تاکەکەس وەک کیانێکی سەربەخۆو خاوەن ئیرادە وجودی نەما، ئیتر کۆمەڵگەش وەک پێکهاتەیەکی زیندوو و کاریگەر وجودی نامێنێت.

وەکچۆن دیکتاتۆرەکان لەخۆیانەوە دروست نابن، هاوکات ستەمکاریش ڕێککەوتێکی خێراو سەیروسەمەرە نییە، ستەمکاریی تەنیا بریتی نییە لە داپڵۆسینو کوشتنو وێرانکارییو پڕکردنەوەی زیندانەکان، ستەمکاریی جیهانبینییەکی جیاوازو پێکهاتەیی ئاڵۆزە لەسەر نەخشەیەکی شارستانییو کۆمەڵایەتیی، کەواتە وەکچۆن ستەمکاریی جەستەیی لەئارادایە، ستەمکاریی مێژوویی، شارستانیی، رۆشنبیریی، حیزبیی، پەروەردەیی، ئابووریی، سیاسیی، دەروونییو بەڕێوەبردن پێکهێنەری ئەو سیستمە نالۆژیکیو وێرانکارەیە کە وێرانکارو پێکهێنەری کلێشەیەکی دیاریکراوی کۆنترۆڵکردنو خاڵیکردنەوەی هەر پێکهاتەو دامەزراوەیەکە لەجیهانبینییە جیاوازو سەربەخۆکانو پڕکردنەوەیان بە کەرەستەگەلێکی دیکتاتۆرییو نائەخلاقییو نالۆژیکیی تا ئاستێکی قوڵی ستەمکاریی.

چۆن کۆمەڵگە هەیە بەرهەمهێنەری دیکتاتۆرە راستەقینەکانن، هاوکات زۆرکات یاسا دەتوانێت مەترسیدارترین سیستمی دیکتاتۆریی بخولقێنێت، زۆرجار مەزهەبێکی دیاریکراو، یان دەسەڵاتێکی ئاینیی، یان هاوپەیمانیی حیزبییو نەتەوەییو مەزهەبیی، پێکڕا دەتوانن بەرهەمهێنەری زەبەلاحترین سیستمی دیکتاتۆریی بن، هەر لەدیکتاتۆرییەتی ئابوورییەوە تادەگاتە دیکتاتۆرییەتی کارگێڕیی، سەربازیی، دامودەزگایی، پۆلیسیی، میدیایی، ئیستیخبارێتیو دیماگۆجیی.

زۆر بەسادەیی، بۆنموونە پڕۆژەیاسایەک دەتوانێت لەیەک چرکەی غافڵگیردا، مەترسیدارترین دیکتاتۆرو مەزنترین فاشیستت بۆ دروستبکات، هاوکات پێبەندیو هوتافکێشانێکی کوێرانە بۆ سەرکردەیەکی شەلال لەگەندەڵو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دەکارێت بەرهەمهێنەری دیکتاتۆرێکی راستەقینەو زیندوو بێت.

هەمیشە کۆمەڵگە بەرپرسیارە بەرامبەر درێژبوونەوەی تەمەنی دیکتاتۆرەکان، هاوڵاتی بەرپرسیارە بەرامبەر تێکشکانی ناعەدالەتییو بەرپاکردنی هێزێکی شارستانیی دژی نائینسانییەتو گەندەڵییو راووڕوتو مافیاگەریی، وەکچۆن بەرپرسیارە بەرامبەر لێپرسینەوە لەبەرپرسو دەرەبەگی حیزبییو ستەمکارو هاوکات، بەرپرسیارە بەرامبەر خولقاندنی هێزێکی شارستانییو رۆشنبیریو کلتووریی لەپێناو ژیانێکی شایستەو گەڕانەوەی بەها ئەخلاقییو ئینسانییەکان بۆ نێو ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییو رۆشنبیرییەی کە ئەوڕۆکە سەرلەبەری بەها ئینسانییەکان لەژێر پێی ستەمکارییو نادادپەروەریی کۆمەڵایەتییو زەبروزەنگی ئابووریو سیاسییو سایکۆلۆژییو کۆمەڵایەتییدا کالبوونەتەوە.

کۆمەڵگە بەرپرسیارە بەرامبەر گەورەکردنی ڕووبەرەکانی ئازادییو بچوکردنەوەی ڕووبەرەکانی حیزبو ستەمکارییو ناعەدالەتییو نائینسانییەت.

دەرەنجام کۆمەڵگە بەرپرسیارێکی راستەقینەو زیندووە بەرامبەر گۆڕانکاریی سیاسییو کلتوورییو کۆمەڵایەتییو ئابووریی، ئەو نائینسانییەتەی کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرو ستەمکارەکان تاسەرئێسقان بەرگریی لێدەکەن، کۆمەڵگە دەتوانێت لەیەک چرکەی شارستانییو ئینسانپەروەریدا تێکی بشکێنێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە بێئەندازە وەستاوە لەسەر ئەو بەرپرسیارێتییە شارستانییو ئەخلاقییو کلتوورییەی کە هەڵگری کایەیەکی مەعریفی زیندووە بۆ پراکتیزەکردنی ئینساندۆستی لە ڕووبەرێکی زیندووی شارستانیدا. کەواتە، ئایا ئێمە خاوەنی ئەو بەرپرسیارێتییە شارستانییو ئەخلاقییو کلتوورییو سیاسییەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو بەرپاکردنی سەرزەمینێکی کراوەو کاریگەرو یاساییو سیاسیی؟

هەمیشە پێویستە پرسیار لەوە بکەین، ئایا هاوڵاتییان دەکەونە کوێی هاوکێشە سیاسییەکانەوە؟ ئایا هاوڵاتی تەنیا سەربازێکی بچووکی سەر ئەو ڕووبەرە گەورە شەترەنجییە کە هێزەکان دەیجوڵێنن...ئایا بەبێ ئەو سەربازە شەترەنج دەکرێت؟ ئایا هاوڵاتی تەنیا بەرپرسیارە بەرامبەر یاسا، یان پێکڕا بەرپرسیارە بەرامبەر چاودێرکردنی دەوڵەتو رەخنەگرتنو بەدواداچوونو دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنو هەر دامەزراوەیەکی کلتوورییو فەرهەنگیو سیاسییو شارستانیی جیاواز..؟ لایەنیکەم بەرپرسیارە بەرامبەر وجودی خۆی وەک پەیکەرێکی زیندوو لەمافو داواکارییو ژیانێکی شایستە.

بێگومان، لە سایەی دەسەڵاتە حیزبگەراو موتڵەقو کۆنزێرڤاتیڤەکاندا، کۆمەڵگە تا ئەو شوێنە وجودی هەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدایە، لەدەرەوەی ئەم کۆنترۆڵکردنە، شتێک نییە بەناوی کۆمەڵگەوە، هاوکات هاوڵاتی وەک کەسایەتییەکی ئینسانیی لەناو نەخشە سیاسییو ئابوورییو کلتوورییەکاندا وجودی نییە.

بەڵام ئیرهابی شارستانیی، ئەو ماشێنە سیاسییو حیزبییو ئابوورییو یاساییو نائەخلاقییو نالۆجیکییەیە کە خاوەنی زیاد لەهێزو ئاراستەیەکە بۆ کۆنترۆڵکردنو تێکشکاندنو خامۆشکردنی ئەو ڕووبەرە شارستانییو رۆشنبیریو ئینسانییەی کە دەبنە پێکهێنەری کۆمەڵگەیەکی کراوەو زیندوو. بێگومان ئیرهابی شارستانیی، بەبێ جەبەروتی سەرۆکو هەژموونی ناشرینی حیزبییو دەسەڵاتی رەهای نائەخلاقیاتی سیاسییو ئابوورییو پۆلیسیی، وجودی نییە.

# ئازاد کاکەڕەش: لۆبی پێویستی بە ئابوورییەکی بەهێزو کۆدەنگیی سیاسیی‌و ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی هەیە

سازدانی: نەژاد جەلال

**بەڕێوەبەری مەڵبەندی کلتووریی کورد لە دەنهاخ، بڕوای وایە، کە «ئەو پێکهاتانەی کە پێویستە بۆ دروستکردنی لۆبی لە ڕەوەندی کوردیدا زۆر لاوازن». ئازاد کاکەڕەش لەم دیدارەدا سەبارەت بە دروستکردنی لۆبی لە دەرەوەی وڵات دەدوێت، هاوکات باسی چالاکییەکانی مەڵبەندەکەشیان دەکات.**

**ڕۆژنـامـە: ماوەیەکی درێـژە وەک کوردێک لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئایا ڕەوەندی کوردی، چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ناساندنی کێشەی کورد؟**

* کاریگەریی زۆری هـەبـووە، هەر لـەدوای سالی (١٩٧٥)ەوە، ڕەوەنـدی کوردی وەک ڕەوەندێکی سیاسیی هاتووەتە وڵاتانی ئەورووپاوە، باگراوندێکی سیاسیی هەبووە، هەر لەوکاتەوە لە ڕووداوی جیـاوازدا بۆ وڵاتانی خـۆرئـاوا کۆچی کـردووە، لەکاتی شەڕی ئێران-عێراقدا، کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالە بەدناوەکە، کۆڕەوی سالی (١٩٩١)و کۆڕەوی (٣١)ی ئاب. وەنەبێت کۆمەڵی کورد لێرە کاریان بۆ مەسەلە ڕەواکەیان نەکردبێت، لە هەر وڵاتو بەشێکی زۆری شارو شارۆچکەکان، خۆیان ڕێکخستووەتەوە، چ لە ڕێکخستنی حیزبیدا بووبێت، یان ڕێکخراوی کلتووریی‌و ڕۆشنبیرییان دروست کردووە، بەشێوازی جۆراوجۆر ستەمی دەسەڵاتی ناوخۆ، یان دەرەکییان گەیاندووەتە لایەنی پەیوەندیدار لەو وڵاتەی کە تێیدا ژیاون.

تۆڕێکی بەرفراوانیان دروستکردووە لە ڕووی پەیوەندییەوە بە ڕێکخراوە حکومیی‌و ناحکومییەکانەوەو توانیویانە لەسەر ئاستی حکومەت‌و پەرلەمانی ئەو وڵاتە، یان پەرلەمانی ئەورووپی، چەندین چاوپێکەوتن‌و کۆڕو سیمیناریان سازداوە، هەر بەو هۆیەشەوە دەیان لە پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتانەو چەندین کەسایەتیی سیاسیی‌و زانستییان بـردووەتــەوە بۆ هەرێمی کوردستان‌و لەنزیکەوە ئالوگۆڕی فیکرو دیدو بۆچوون‌و پێشخستنی پەیوەندیی دوولایەنە کـراوە، ئەمەو چەندین کاری دی کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی، ئابووریی دەنگو ڕەنگی هەیە، نموونەی چەندین خوێندکار کە توانیویانە لە بوارە جیاجیاکاندا دیپلۆما بەدەستبهێنن‌و بە ئەزموونێکی زۆرەوە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان، نموونەیەکی تر مەڵبەندی کلتووری کورد لەشاری دەنهاخ، پێشنیازی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی کرد لە شاری هەولێر کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لێکرد، لە ئەورووپاو ئەمریکاو وڵاتانی تر، چەندین پەرلەمانتارو کەسایەتیی زانستیی گـەڕانـەوە بۆ کوردستان، چەندین ڕێکخراوی تریش هەمان هەڵوێستیان هـەبـووە، وێـڕای تۆڕێکی ئینتەرنێتی بەهێز کە کوردستان دەبەستێتەوە بە هەموو جیهانەوە.

**ڕۆژنامە: پێتوانییە، دروستکردنی لۆبی کوردیی، پێویستییەکە بۆ ئەمڕۆی کورد، بۆ ڕێکخستنی ڕەوەندی کوردیی‌و کاریگەریی لەسەر هەرێم‌و هەموو بەشەکانی تری کوردستان؟**

* پێشەکی، پێویستە بڵێم کە لۆبی چییە؟

لۆبیکردن، پرۆسەیەکە کە ڕێکخراوو گرووپەکان هـەوڵـدەدەن کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی لایەنێک یان دەستەیەکی دیـاریـکـراو هەبێت. لۆبی، بریتییە لە هاندانی ئەو لایەنانەی لە بڕیاردانەوە نزیکن‌و کۆمەڵێک گـرووپ‌و ڕێکخراو پێیهەڵدەسن بە مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکان لە پلەی یەکەمدا، یان بەرژەوەندیی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، یان یاسایی. ئەم ڕێکخراوو گرووپانە، ئامانجی مەودا دووریان هەیەو دەیانەوێت بە ڕێگەی فشارکردنێکی زۆری بەردەوامی ڕێکخراو لەسەر سەنتەرەکانی بڕیاردان، بەدەستبهێنن. لەم پرۆسەیەدا، سەرمایەو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەیە تا زۆرترین فشار لەلایەن هاوڵاتییانی ئاساییەوە بخولقێنن، ئەمەش بـەدەوری خۆی ڕای گشتیی لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنرێت. نموونەی زیندوومان هەیە، وەک لۆبی جولەکەکان، لەسەر ئاستی ئەورووپاو ئەمریکاو زۆر لە وڵاتانی دونیا کاریگەرییان هەیەو لەوێشەوە خزمەت بە وڵاتەکەی خۆیان دەکەن، بەڵام بۆ ئێمەی کورد، نەتوانراوە لۆبی دروست بکرێت‌و ئەو پێکهاتانەی کە پێویستە بۆ دروستکردنی لۆبی لە ڕەوەندی کوردیدا زۆر لاوازن، دەکرێت بپرسین بۆچی؟ هەر لە پێناسەکەوە دەردەکەوێت کە لۆبی، پێویستیی بە ئابوورییەکی بەهێزو کۆدەنگیی سیاسیی‌و ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی هەیە، ئەمە لە ڕەوەندی کوردیدا بەدی ناکرێت، چونکە حیزبەکان بەتایبەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ڕۆڵ‌و کاریگەریی سلبییان هەیە لە تەوعیەکردنی بەشێکی زۆری ڕەوەنــدی کوردییدا، بەکورتییەکەی، ئــەوەی لــە هەرێمی کوردستان پیادەی دەکـەن، بەشێوازی جـۆراوجـۆر لەناو بەشێکی ڕەوەنــدی کوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دابەشبوونە وای کردووە کە بڵێم لۆبی ئەستەمە لەناو ڕەوەندی کوردی دروستبێت.

بۆ نموونە، لە باڵیۆزخانەکانی عێراق، بەپێی دەستوور، هەرێمەکان دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان هەبێت، بـەڵام تا ئـەم ساتە دەســەڵاتــدارانــی کـورد ئەم مافە دەستوورییەیان پشتگوێخستووە، زیاتر بایەخ بە نوێنەرایەتیی حیزبیی‌و ڕێکخراوەکانیان دەدەن لە دەرەوەی باڵیۆزخانەکان، ئەمە لەکاتێکدا کە ڕەوەندی کوردیی، کۆمەڵێک کێشەی بێچارەسەری هەیە، وەک دووناویی‌و ئەو خوێندکارانەی کە پسولەی مانەوەیان نییە لەم وڵاتانەدا.


ئازاد کاکەڕەش

مەترسییەکە ئەمەیە کە دەســەڵاتــداران لـەکـوردسـتـان حـیـزب‌و بنەماڵەیان کردووەتە ئامانج‌و لە ئەورووپاش درێژە بەو سیاسەتەیان دەدەن، کەواتە لۆبی لە ئەورووپاو بەو عەقلییەتی حیزبییەو بەم شێوەیە ناکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەوەی کە لە ئەورووپادا دەبینرێت‌و کاریگەریی هەیە لەسەر شەقامەکانی ئەورووپا، کوردانی تورکیان (باکووری کوردستان)، یان بڵێین ئەو کوردانەن کە لە پەکەکەوە نزیکن، بەڵام کوردانی باشوور (هەرێمی کوردستان) ئەو کاریگەرییان نییە، یان بەوشێوەیە نییە کە توانیبێتیان لە مەسەلەکاندا بە یەک دەنگ‌و ڕەنگ بێنە وەڵام، هۆکاری ئەمە چییە؟**

* کـوردانـی بـاکـووری کوردستان ژمارەیان زیاترەو ڕێکخستنێکی پتەویان هەیەو هێزێکی ئابووریشن. سەبارەت بە کوردانی باشوور، هـەروەک لە پێشەوە ئاماژەم پێداوە، حیزب بە عەقڵییەتی شاخ بەشێوەیەک لە شێوەکان هاتە گۆڕەپانی ئـەورووپـا، بـەڵام هەنووکە هاوکێشەکە گۆڕاوە، لەوەتەی ئۆپۆزسیۆن هاتووەتە مەیدانەوە، کـوردانـی باشوور هـەر لە هەڵبژاردنەکانەوە دەرکەوت کە گیانێکی تازەیان بەبەرداهاتووەو ئەو لەدەستدانەی پێشوو وردەوردە دەگەڕێتەوە.

**ڕۆژنامە: بەڕێزتان، بەڕێوەبەری مەڵبەندی کلتووریی کوردن لە دەنهاغ، دەکرێت بزانین ئەو مەڵبەندە چییەو چ کاریگەرییەکی هەیە؟**


*مەڵبەندی کلتووریی کورد، لەسەرەتای دروستبوونییەوە وەک پێداویستییەکی کوردانی ئێرە دروست بوو، بووە پردێکیش لەنێوان هەرێمی کوردستان‌و هۆڵەندەدا، دیارە ئەم جۆرە ڕێکخراوانە، ڕێکخراوێکن کـە شەرعیەتی یاساییان هـەیـە، ئەو چالاکییانەی کە سازیان دەکەین، بەشێکی زۆریان ئەو بابەت‌و تەوەرانەن کە تایبەتن بە ژیانی هۆڵەندە، لە ڕووی خۆگونجاندن، دیالۆگ لەنێوان گرووپە جیاجیاکانی هۆڵەندە، کۆڕو سیمینار لەسەر توندوتیژیی دژ بە ژنـان، چۆنێتیی خۆگونجاندن لەنێوان دوو کلتووری جیاوازدا، یاساکانی ئەم وڵاتەو ماف‌و ئەرکەکانی. بێگومان بەدەریش نین لە ئەرکە نەتەوایەتییەکانمان کە لەو چالاکییانەی تایبەتن بە کوردستان، ڕەنگدانەوەیان هەبووە، هەموو ساڵێک بۆ یادەکانی ئەنفال‌و هەڵەبجە چالاکی سازدەکەین بەهەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی‌تر، هەروەها فێستیڤاڵی نەورۆز، ساڵانە لە بەرنامەو پلانی مەڵبەندەکەدایە، ئەمەو بێجگە لەوەی کە چەندین پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا لە هەرێمی کوردستان‌و دەرەوەی هۆڵەندە بانگهێشتمانکردوون‌و بەشداربوون لە چالاکییەکانی مەڵبەندا.

ســەرەڕای مەڵبەندی کلتووریی کورد، بەڕێوەبەری دەزگایەکم بەناوی دەزگای پێکەوەکارکردنی ڕێکخراوە کوردییەکان لە هۆڵەندە، کە پێکهاتووە لە (٨)ڕێکخراو، سێ ڕێکخراوی باشووری کوردستانەو پێنج ڕێکخراوی باکووری کوردستانە، لەبەرنامەی کارماندایە کە فێستیڤاڵی نـەورۆز، بەناوی ئەو دەزگایەوە بکەین، هەروەها بۆ یادی ئەنفال‌و هەڵەبجەش، بەرنامەمان هەیە. کـۆکـردنـەوەی ئەو ڕێکخراوانەو پێکەوە کارکردن، متمانەی زیاتر دەبەخشێتە ڕەوەنــدی کوردیی‌و دەزگـاو لایەنە هۆڵەندییەکانیش بۆ ئەم مەبەستە هاوکاریمان دەکەن‌و ڕوویەکی جوانیش پێشکەش بە ئێرە دەکەین.

# دکـتـۆر... فـێـڵـی لـێـکـردم

هادی مەندەلاوی

لــە ســایــەی ئـەو سیستمە سـەقـەتـەی کەرتی تەندروستیی کوردستان‌و نەبوونی چاودێریی‌و سزادان‌و لێپێچینەوە، هەل بـۆ هـەنـدێـک دکتۆری وەکو (.... تایبەت بە مێشکو ئێسقا ن )



ڕەخساوە، کە بازرگانیی بەپیشەکەیەوە بکات‌و وەکو کاڵا مامەڵە لەگەڵ نەخۆشەکاندا بکات، ئەو کە لەتەک ژوورەکەی خۆیەوە دەزگایەکی بچووک‌و کەسێکی بە ناوی تاقیگە داناوەو لەبەردەم ژوورەکەشی ژوورێکی تری کـردووە بە دەرمانخانە، بە هەموو نەخۆشێک دەڵێت؛ بڕۆ لەو دەرمانخانەیە دەرمانەکەت بکڕەو بۆمبهێنەوە، بۆ ئەوەی یەکسەر دەرمانەکە لای جەنابیان بکڕێت.

سێ هەفتە لەمەوبەر، منداڵەکەم بردە لای دکتۆری ناوبراو، کە سکرتێرەکەی منی بە تەنیا کردە ژوورەکەی‌و دڵم خۆشبوو، پێموابوو کە سیستم گـۆڕاوەو تاک تاکە نەخۆش دەکەنە ژوورەوە، بەڵام بە داخەوە کە چوومە ژووری دکتۆر بینیم هێشتا دوو نەخۆشی تر لەگەڵ مورافیقەکانیان دانیشتوون‌و چـاوەڕێـی نـۆرەن، واتە بە کۆمەڵ نەخۆش دەکەنە ژوورەوەو دەرفەت بە نەخۆش نادەن ئازادانە باسی نەخۆشییەکەی بکات، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ماوەی تـەواوت پێنادرێت‌و هەر زوو ڕەوانەی دەرەوەت دەکەن.

بەهەرحاڵ، منیش نۆرەم هات، هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو، وەرەقەیەکی دایە دەستم وتی، بڕۆ ئێستا ئەو پشکنینانەم لەتەک ژوورەکەی خۆمەوە بۆ بکە، یەکسەر بۆم کردو دوای (٢٠) خولەکێک بۆم بردەوە، هیچی تێدانەبوو، ئینجا وتی؛ بڕۆ ئەشیعەی ڕەنگینی (ملەوەن) بۆ بگرن، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر بلیتەکە دوو حەبی بۆ نووسیی‌و وتی؛ بۆ ماوەی مانگێک بیخوات، پێموت؛ جەنابی دکتۆر منداڵەکەی من ناتوانێت‌و نازانێت حەب بخوات جگە لە شروب، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ هێشتا من ئەشیعەکەم بۆ نەگرتووەو دیار نییە چی نەخۆشییەکی هەیە، ئیدی چۆن هەر لەخۆتەوە حەبی بۆ دەنووسیت، بەڵام گوێی بە قسەکانم نەدا.

بەهەرحاڵ منیش وەرەقەکەم لێوەرگرت‌و دوو پارچە حەبم بۆ کـڕی بێ ئـەوەی حەبەکان بدەم بە منداڵەکەم، هەرچەندە ئەو زۆری نووسیبوو بۆ ماوەی مانگێک، بەڵام بۆم نەکڕی.

ئەشیعەکە ماوەی (١٥)ڕۆژی پێچوو، کە چوومەوە بۆ لای دکتۆرو ئەشیعەکەم بردەوە، سکرتێرەکەی وتی؛ دەبێت دووبارە بلیت ببڕیتەوە، وتم بۆچی؟ خۆ نەریت وایە بردنەوەی پشکنین‌و ئەشیعە بۆ لای دکتۆر پێویست بە بلیت بڕینەوە ناکات، ئەو چووە لای دکتۆرو مەسەلەکەی بۆ باس کرد، بانگی کردینە ژووری دکتۆر، جەنابی دکتۆریش وتی؛ بڕۆ بلیت ببڕەوە، وتم؛ دکتۆر خۆت ئەشیعەکەت بۆ نووسیوەو هێشتا سەیرت نەکردووە، نەریت وایە بینینەوەی پشکنین‌و ئەشیعە دووبـارە پێویست بە بلیت بڕین نەکات، کەچی وتی: نەخێر، وانییەو پێویست دەکـات، ئەوەشی وت کە جـاری پێشوو دەرمانی بۆ نووسیووم، پێموت دکتۆر دەواکانم بەکارنەهێناوەو کاتی خۆشی پێموتی منداڵی من حەب ناخوات، کەواتە تۆ فێڵت لە من کردووە، کەچی وتی: ئەوە کێشەی من نییەو بڕۆ دەرەوە بەبێ بلیت بڕین تەماشای ئەشیعەکە ناکەم، منیش هاتمە دەرەوەو چووم بۆ لای دکتۆرێکی تر.

بە لامەوە سەیرە دکتۆرێک کە ڕۆژانە زیاتر لە (٢٠) بیست نەخۆش دەبینێت‌و هەر نەخۆشەو (٢٠٠٠٠) بیست هەزار، دەکاتە (٤٠٠,٠٠٠) چوارسەد هـەزارو مانگانەی دەکاتە (١٠،٤٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن‌و چوارسەد هەزار دینار، جگە لە ڕۆژانی هەینی، پەیدا دەکات، کەچی ئەوە هەڵوێستی بوو.

باسی ویژدان‌و ئینسانییەتم بۆ کرد، ئەو گاڵتەی پێدەهات، بە ڕاستی ئەمە جۆرێکە لە بازرگانیکردن بە پیشەی دکتۆرییەوە، بۆیە پێویستە وەزارەتی تەندروستیی سیستمێک بۆ ئـەم بـوارە دابـڕێـژێـت‌و چاودێڕیی نۆرینگەکان بکات‌و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات.



# بەرپرس بە پلەی «مقاول»

پشکۆ ناکام

لەم دواییەدا بەرپرسی لقی چواری پارتی لە سلێمانی بۆ میدیاکان ئەوەی ڕوونکردەوە، کە ئەگەر خەڵکی شارەکە (سلێمانی) دەنگ نەدەن بە پارتی، ئەوا پارتی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ئەم شارە ناتوانێت بـەردەوام بێتو چیتر ئەو شارە خزمەت ناکرێت، ئەم لێدوانە هەویرێکەو ئاو زۆر دەکێشێت، لە سەرێکەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە پارتی هەر خزمەتگوزارییەکی هەبێت، ئەوا بەرامبەر بە دەنگدانە بۆی، نەک لەبەر خۆشەویستیو ڕێزلێنان لە خەباتو ماندووبوونی خەڵکی شارەکە، لە سەرێکی ترەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێکی بەرپرسان وەک مقاول کار دەکەن، ئەم بینایە بە هـەزار دەنگ ئەم جادەیە بە هەزارو پێنجسەد ئەو پردەش قەیناکە بە تەنزیلات بە چوارسەد دەنگو ...هتد

دیارە ئەو بەرپرسە ئاگاداری ئەوە نییە کە پاش هەرەسهێنانی شۆڕشو ئاودیوبوون، ئەوا خەڵکو تێکۆشەرانی ئەم شارە (سلێمانی) بوون، کە بوونە سەرچاوەی بەرەنگاریی دوای تێکشکانی شۆڕشەکە بەرامبەر بە بەعسو خەڵکی ئەم شارەش بوون سەرلەنوێ ئومێدی بەردەوامیی خەباتیان گەیاندە هەموو قوژبنێکی کوردستانو دەرەوەش، کاتێک حیزبەکەی ئەو بە سەدان کیلۆمەتر لە سنوور دوورکەوتبووەوە، خەڵکی ئەم شارە بوون بە خوێنو پەتی سێدارە، دەچوونەوە بەگژ بەعسدا، ئەم شارەو هەموو شارەکانی کوردستان دەبێت مایەی ڕێـزو حورمەتێکی ئەوتۆبن، بەتایبەتی لای پارتی کە لەئاست پلەو مانایەکی زۆر بـەرزتـر بێت لـەوەی وەک (مناقصە)یەکی بینادروستکردن تەماشا بکرێتو بە ( دەنگ) حسابی بۆ بکرێت، ئەو حیزبە لە بادینانو هەولێر دەنگی زۆری هێناوە، گەر بەو پێیە بێت، کەواتە دەنگدانی خەڵکی ئەو دوو ناوچەیەش جەماوەری پارتی نینو لەو بڕوایانەوە بەو حیزبە دەنگیان نەداوە، بەڵکو لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانەوە بـووە کـە ئـەوە خـۆی ئیدیعاکردنی جەماوەرییبوونەکەی لـەو ناوچانە دەخاتە بەر گومانو پرسیارەوە، جگە لەوەش لەجێی خۆیدایە بپرسین ئەی ئەو پارەیەی حیزب لە خزمەتگوزارییەکاندا سەرفی دەکات لەکوێوە هاتووە؟! ئەو پارەیە لەو ( بودجە)یە نییە کە پارتیو یەکێتی (براىان برایيو کیسەمان جیایی) سەرفی دەکەنو بە ئارەزووی خۆیانو بۆ مەرامی خۆیان پەخشانو تەخشانی دەکـەن؟ ئەو بودجەیەش ئاشکرایە بۆ هەمووان کە موڵکی خەڵکە، ئیتر ئەگەر ئەو دوو حیزبە جادەیەکی هاوینە (چونکە عەمریان کورتە)، یان بینایەکی حکومیی دروست بکات، چ منەتێکی تیایە؟ پارەو بودجەی خەڵک خۆیەتی تا ژیانی باشترو مەیسەرتر بێت، بەڵام ئێستا ئەو پارەیە کە بە مەرجی دەنگدان بۆی سەرف دەکرێتو مایەی سەرسوڕمانیشە، هەرچەندە لە سایەی سەری ئەو دوو حیزبەوە هێندە کاری سەیرو سەمەرەمان دیوە، لەمەودوا هیچ شتێک سەیر نابێت کە سەرچاوەکەی دەسەڵات بێت..

لێدوانەکەی ئەو بەرپرسە، دانپیانانێکە بـەوەی کە لە هــەردوو هەڵبژاردنی پێشوودا (پەرلەمانی هەرێمو عێراق) پارتی ئەو دەنگەی نەبووەو نەهێناوە لە شاری سلێمانی، بۆیە ئەمجارە تەماعی (خزمەتگوزاریی) دەخاتە بەردەم خەڵکی شارەکە، بەڵکو ئەمە خوایە لە کەلی شەیتان بێنە خوارێو ئەمجارە ئاوڕێکی خێری لێ بدەنەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە حیزب هەروەکو خۆیەتیو خەڵکی شارەکەش هەروەکو خۆیان مـاون، ئیتر چاوەڕوانـی چی لە پشت ئەم تەماعەوە دەکـەن، گەر گۆڕانێک ڕوویدابێت، لە خەڵکی شارەکە ڕوویداوە، کە بوون بە پاڵپشت بۆ ئۆپۆزسیۆن.

خەڵکیی ئایندەو ئاسۆی خۆیان لە عەدالەتی کۆمەڵایەتییو بە رابـەری ژیانی مەدەنییو سیستمی دیموکراسی دەبـیـنـێـتـەوە، نـەک لـە جـادەیـەکو لەتەکۆڵانو خانوویەکی داتەپیو، جا ئەگەر ئەو داواکارییانە لای ئەو بەرپرسە هەیەو دابینی دەکات، ئەوە چ پێویست بە خزمەتگوزاریی (بەرامبەر بە دەنگ) ناکاتو گەر نەشتوانێت ئەو داواکارییە ڕەوایـانـەی خەڵک دابین بکات، هەر بینایەکی شارەکە پانزە قـاتو هەر جادەیەکی ئەڵماسو هەر فولکەیەکی (تاج محەل)یک بێت، دادی نادات...

گەر بەرپرسێک کە لایەکی دەسەڵات پێکدەهێنێت پێیوابێت کە بینایەو (گیرفان قورسکردن) دەنگی شارێک مسۆگەر دەکات، دەبێت لەم سەردەمەدا دنیا چۆن ببینێتو چۆن لە سیاسەت گەیشتبێت، خۆ ئەگەر پاساوەکەش ئەوە بێت گوایە ئەوە ڕای شەخسی خۆیەتی، من بڕوای پێ ناهێنم لەبەر ئەوەی لەو حیزبەدا ڕای شەخسی تەنیا بۆ سەرۆکە!

**بۆ لێدوانی بەرپرسی لقی ٤ی پارتی، بڕوانە سایتی چاودێر چوارشەممە ٢٠١١/١/١٩**



# دکتۆر کەمال مەزهەر ڕەوایەتی بە گەندەڵیی دەدات!

کانەبی محەممەد عەولا

چەندینجار لە خەڵکانێک کە ئاستێکی تا ڕادەیەک بەرزی خوێندەوارییان هەیە، گوێم لێبووە، دەڵێن کە «زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی، بە قۆناغی دیکتاتۆرێتیدا تێپەڕبوون»، «هەموو وڵاتێک، شەڕی ناوخۆی دیوە»، «گەندەڵی لە هەموو دونیادا هەیە، تەنانەت لە بەریتانیاو ئەمریکاش»و «نابێت ڕووی حکومەتی کوردی ڕەش بکەینو دڵی دوژمن خۆشبکەین». ئەم قسانە کاتێک دەکـرێـن کە ڕەخنە لە دیکتاتۆرێتیو شەڕی ناوخۆو تاوانەکانیو لە گەندەڵی دەگیرێن، بۆیە ئەو وەڵامانە دەدەنەوە تا پاساوی ئەو دیاردە خراپانە بدەن.

کاتێک دیدارەکەی ڕۆژنامەم لەگەڵ بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر (بڕۆ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامە لەگەڵ دکتۆر کەمال مەزهەر، لە ژمارە ٦١٣، لاپەرە ٥ بخوێنەوە) خوێندەوە، پێم سەیر نەبوو کە ئەو بەڕێزە بەو شێوەیە وەڵامی پرسەکان بداتەوە، چونکە ڕووناکبیران دابەش دەبن بەسەر لایەنگری دەســەڵات، جا هەر جۆرە دەسەڵاتێک بێت، بێلایەنو بێدەنگ، ڕادیکاڵو ڕەخنەگر. لە کوردستانیش هەر سێ جۆرمان هەن، بەرژەوەندیی شەخسی، ترسو ویژدان جوڵان، ئەو سێ پۆلەمان بۆ دروست دەکەن.

ئەو بەڕێزە، دەڵێت، ڕاستە گەندەڵی هـەیـە، بـەڵام فـەرەنـسـاو بەریتانیاو ئەمریکای دیوە، لەوێش گەندەڵی هەیە، کەواتە ڕەوایە لە کوردستانیش هەبێت. یەکەمجار، شتێکی باشە دان دەنێت بە هەبوونی گەندەڵی لە کوردستان، ئێ کەس هەیە ئینکاری بکات؟ دووەم شت، دەڵێت، لە وڵاتانی دیموکراتیشدا گەندەڵی هەیە، کەواتە چونکە لەوێش هەیە، شتێکی ئاساییە لە کوردستانیش هەبێت. بەڕێز دوکتۆر، گەندەڵییەکەی کوردستان کە نە سەری دیارەو نە بن، ئەوەندە قوڵو فراوانە، بە جۆرێک کە هەندێک ڕەخنەگری ڕادیکاڵ هەرێمی کوردستان، بە دەوڵەتی قاچاخچیو مافیاکانی دادەنێن، چونکە سوکایەتی بە یاسا دەکرێت، ئابووریی قۆرخکراوەو داهاتی وڵات بەشێکی زۆری ون دەبێتو کەس نازانێت چی لێدێت، ژیانی سیاسیی کۆنترۆڵکراوەو هەڵبژاردن کـراوەتـە شانۆگەریی بۆ پـاسـاودانو ڕەوایەتیدان بە دەسەڵات، بکوژانو دزان، ئەگەر پشتیان هەبێت، سزا نادرێن. ئایا ئەمانە لەو سێ وڵاتە ڕۆژئاواییەدا هەن؟ هیچ سیستمێک نییە کەموکورتی نەبێت، بەڵام کەموکورتی شتێکەو بۆگەنبوونی سیستمەکە شتێکی ترە. بڕۆن سەیری ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی ترانسپارێنسی ئینتەرناشناڵ بخوێننەوە لە سەر گەندەڵی لە وڵاتانی جیهاندا، کە ئایا گەندەڵی لە وڵاتێکی وەک عێراق (بە کوردستانیشەوە) هەمان گەندەڵییەکەی وڵاتانی ڕۆژئاواییە، یان نا. قسەکەی بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر، ڕەوایەتیدانە بە گەندەڵی، واتە با هەبێت، مادام لە ڕۆژئاواش هەیە. ئینجا لە ڕۆژئاوا ئەگەر گەندەڵی هەبێت، حیزبە سیاسییەکانو سەندیکاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای سیڤیل، بێدەنگن لە بەرامبەری؟ نەخێر، خەباتی سیاسییو کۆمەڵایەتی بەگوڕوتینەو کەسیش لە سەر ڕەخنە ناکوژرێت، یان دەستگیر ناکرێت، چونکە یاسا دەیپارێزێتو یاسا سـەرووەرەو دەوڵەتی پۆلیسی نییە. هەر میللەتەو بۆ خۆی تێدەکۆشێت، لە کوردستان گەندەڵی هەیە، خەڵکی ئەو وڵاتـە مافیانە دژی بوەستنەوەو سنوورێکی بۆ دابنێن، یان بنەبڕی بکەن، بێئەوەی گوێ بدەنە دۆخی وڵاتانی تر.

هــەروەهــا دەڵـێـت، نابێت کارێک بکەین کە دوژمنی نەتەوەی کورد دڵی پێ خۆش بێت. بێگومان ڕاستە، بەڵام گەندەڵیو چەوساندنەوەی کـورد بۆ کـوردو سیستمێکی فاشیل، هۆکاری یەکەمو ڕەخنەی توندو خۆپیشاندنو مانگرتن کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای سیڤیلو ئۆپۆزسیۆن پێی هەڵدەستن، وەڵامێکی سروشتین بۆ ئەو کارانە. بە پێچەوانەوە، نابێت حکومەتی کوردی، مۆدێلی عێراقی سەدامو میسرو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دووبارە بکاتەوە. هەر کارێک لە خزمەتی چاککردنی سیستمەکەو بەرەوپێشبردنی بێت، دەبێت دەستخۆشی لێبکرێت، جوڵانەوەی سیاسییو خەباتی کۆمەڵایەتییو هەنگاون بۆ گەشەپێدانی سیاسیی وڵات. بەم شێوەیە دوژمنانی کورد (عێراق، سوریا، ئێران، تورکیا) سیستمێکی ئەوەندە باشیان نییە تا شانازی پێوە بکەن، ئەگەر کورد هەوڵ بدات مۆدێلێکی سیاسیی دیموکراتی پەرەپێبدات، ئەوکات دوژمنان پێیان ناخۆش دەبـێـت، جگە لەمەش، گەندەڵیو ستەمی پێشمەرگەی دوێنێو بەرپرسانی ئەمڕۆ، بەشێک لە هەستی نیشتماندۆستییان لای تاکی کورد کوشت، ئێستا بەو هۆیەوە بە دەیان هەزار گەنج ئامادەن گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوەو لە ڕقا سەر هەڵگرن بۆ ئەوروپاو تەنانەت حاشا لە کوردبوونی خۆیان بکەن، خەتای کێیە؟

لە شوێنێکی تر دەڵـێـت، بێگومان گەندەڵی هەیە، بەڵام دەبێت سەرچاوەی ئەو گەندەڵییانە بنەبڕ بکرێن. بەڕێز دوکتۆر کەمال، تۆ بڵێی سەرچاوەی گەندەڵییەکان چیو کێ بن؟ تۆ بڵێی پۆلیسی هاتوچۆ بێت؟ تۆ بڵێی فەرمانبەرێک بێت؟ تۆ بڵێی بـەڕێـوەبـەری قوتابخانە بێت؟ کە دەڵێین، گەندەڵیی سیاسیی، واتە دەسەڵات (حیزبو حکومەت) گەندەڵە، ئـەو سیستمەی دایـانـمـەزرانـدووە بە گوێرەی یاسا کار ناکات، بەڵکو بە گوێرەی بەرژەوەندییو ئـارەزووی کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکان کار دەکات. لێرەدا یاساکان، دەسەڵاتی سیاسیی، دادگاکان، تەنانەت زانکۆو مزگەوتیش دەکرێنە ئامراز بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتی تایبەتیو حیزبیو هەروەها گڵدانەوەی سامانی گشتیش بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسیو بنەماڵەیی. کـەواتـە سـەرچـاوەی گەندەڵییەکان سەرکردەکانن، لێپرسراوە گەورەکانن کە دەسەڵاتی بڕیاردانو یاسادانانیان لە دەستە، ئەو سەرچاوانە چۆن بنەبڕ دەکرێن؟ بەڕێزیان دەڵێت کە ئاگادارە سەرکردەکان لە دڵەوە دەیانەوێت گەندەڵی بنەبڕ بکەن. مەگەر خۆیان بنەبڕ بکەن، یان بنەبڕ بکرێن. سێوێک ئەگەر ڕزی بوو، فڕێی دەدەیو سێوێکی تر دەهێنی دەیخۆی، سیستمی گەندەڵیش هەروایە، دەبێت جومگەکانی ئەو سیستمە بگۆڕدرێن، واتە کەسایەتییەکان، ئینجا دانانی دەستوورێکی دیموکراتیو دامەزراندنی ئامرازەکانی جیێبەجێکردنی، واتە ڕێگەدان بە فرەحیزبی، سـەربـەخـۆکـردنـی ڕێـکـخـراوەکـانـی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەربەخۆیی دادگاکان، هاتنەکایەی میدیای ئەهلیی سەربەخۆ، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سیستمی سیاسیی، هەموویان چاودێری کاری یەکتر دەکەنو لێپرسینەوە لە یەکتر دەکەنو یەکتر تەواو دەکەن، بەم جۆرە سیستمێک دێتە کایەوە کە وەک سیستم کار دەکات، نەک وەک تاکەکەسی کەڵەگاو ملهوڕ کە ئامادە بێت ڕەخنەگرانی خۆی بکوژێت، یان سزابدات.

دەڵێت، ئۆپۆزسیۆن زۆر پێویستە، بە مەرجێک هەوڵی ڕووخاندنی هیچ لایەنێک نـەدات. ئێ کـاری ئۆپۆزسیۆن چییە؟ بێگومان ئەگەر ئەو لایەنەی دەسەڵات ڕێز لە دەستوورو یاساکانی وڵاتو ئیرادەی خەڵک نەگرێت، دەبێت بڕووخێنرێت. ڕووخـانـدن، واتــە دوورخستنەوەی لە دەســەڵات، نەک قەدەغەکردنیو لە ناوبردنی. لەناو ڕژێمی دیکتاتۆریدا، حیزبو کەسایەتی لەناو دەبرێن، بەڵام لە ناو ڕژێمی دیموکراتیدا ڕکابەری یەکتر دەکەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتو ئەوەی دەچێتە ئۆپۆزسیۆن، دەبێتە چاودێر بەسەر کاری حیزبیی دەســەڵاتو کەموکورتییەکانی دەردەخـات، تا پایەی جەماوەری لاواز بکاتو سبەیو دووسـبـەی لە کاتی هەڵبژاردن، لێی بباتەوەو خۆی بچێتە دەسەڵات، گەمەی دیموکراتی ئەوهایە.

دوا قسەشی زۆر سەیرە، کاتێک دەڵێت، سەدام زۆر زیرەک بوو. ئاخر ئەگەر ئەو پیاوە زیرەک بوایە، وڵاتو بنەماڵەو خۆی بەو شێوەیە لەناونەدەبرد، نەدەکەوتە یارییو تەڵەی زلهێزەکان. هەندێک دیکتاتۆر هەن کە زیرەکن، بەڵام سەدام حوسێن، دەبەنگێکی سیاسیی بوو.

لە کۆتاییدا، دەبێت بڵێم کە وەڵامەکانی بەڕێز دوکتۆر، زۆر سادەو بیرتیژییو ئاگایی سیاسییان پێوە دیار نییە. تۆ بڵێی ئەگەر تەمەنی درێـژ بێتو وزەی تێدا بمێنێت، کە هیوام وایە، بیەوێت مێژووی سیاسیی کوردستانی باشوور لە ١٩٥٠ تا ئێستا بنووسێتەوە، لایەنە باشو خراپەکانی دەربخات، یانیش تەنیا ئەو شتانە باس دەکات کە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکەن، ئەگەر وا بکات، ئەوا توێژینەوەکەی بەهیچ شێوەیەک زانستییو واقیعی نابێت.

بەڕێزیان چەندین بەرهەمی مێژوویی چاکی هەیەو پەرتوکخانەی کوردی دەوڵـەمـەنـد کــردووە، بـەڵام لێدوانە سیاسییەکانی خزمەت بە پێشکەوتنی سیاسیی کوردستان ناکەنو پاکانە بۆ دەسەڵاتێکی گەندەڵو شکستخواردوو دەکـەن. بەشێکی زۆری نووسەرانی سەر بە دوو حیزبەکە، وەک بەڕێزیان دەدوێن، بۆیە قسەکانی من لە ڕێی ڕەخنە لە دیمانەکەی بەڕێز دوکتۆر کەماڵەوە، بۆ ئەوانیشە.

kanawla@yahoo.com



لە پەرلەمانەوە

کاردۆ محەممەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# خەونی هاوڵاتییانو تانەو تەشەری ئەوان

خەونو خولیای هاوڵاتییانی کوردستان لەم دوو دەیەیەی حوکمڕانیدا، دروستکردنی دامەزراوەی یاساییو دیموکراتی بوو. نارەزاییو بێدادییەکانیان لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافە مەدەنییو سیاسییەکان لە ساتەوەختێکی گونجاو و لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا، گوزارشتی لێکرا. گۆڕان توانیی بە ئاکاریکی شارستانیی ئیرادەی ئازادیی خەڵک بەرجەستە بکات، ئەمەش بەنوێنەرایەتیکردنی خواستی گەل لەنێو پەرلەماندا بە گۆڕانێکی ڕاستەقینە لە میکانیزمی فەرمانڕەوایەتیکردن لەهەرێمی کوردستاندا. ئەم کـردە سیاسییەی بزووتنەوەی گۆڕان لە بڕوابوونێکی ڕاشکاوانەی ڕاستگۆیانە بوو بە سەرەتاکانی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە، ڕێزگرتن لەجیاوازییەکان، کارکردن لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان بۆئەوەی گەلەکەمان وەکو هەموو گەلانی دونیای ئەمڕۆ، بە ژیانیکی باشترو دادپـەروەرانـەتـر ئاشنابنو گـۆڕان لە ژیانی خـۆیو سیستمی سیاسیی بکات. ئەم دونیابینییەش، گۆڕانکاریی لەژیانی سیاسیی وڵات کردو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی دروستکردو کۆتایی بە یەکڕەنگییو یەکدەنگیی هێناو فرەڕەنگیی خستە ژیانی سیاسیی هەرێمەوەو ئۆپۆزسیۆن بە مۆدێلێکی نوێ لەخەباتی پەرلەمانیدا، بەشێوازێکی شارستانییانەو بەگوشارێکی مەدەنییانە، بە پارێزەریی لە مافی خەڵک، لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان، هەڵسوڕاو هاوکێشەی سیاسیی لەوڵاتدا گۆڕییو چەندین مەلەفی گرنگی هەرێمی خستە بەر ئاوێنەی ڕوونکاریی، لەوانە (نەوت، بودجە، ئازادیی ڕادەربڕین). گـۆڕان، لەگەڵ بەڵێنو پەیامەکەی خۆی ڕاستگۆ بووەو سازشی لەسەر بەرنامەکەی نەکردووە، کەچی لێرەو لەوێو بۆ ڕووپۆشکردنی خراپەکارییەکانی دەسـەڵات، تانەو تەشەر لە ئۆپۆزسیۆن دەگیرێتو تۆمەتی ناڕاستی بەسەردا دەبەخشنەوە، گوایە کارەکانیان بۆ موزایەدەو ڕاگەیاندنەو لە کاردا پرۆژەیەیان نییە. هاوڵاتییانی کوردستان، لە زەمـانو زەمینێکدا دەژیـن کە ناتوانرێت ڕاستیپەکانیان لێ چەواشە بکرێت. سەرەڕای مۆنۆپۆلکردنی هەموو کایە سیاسییەکانی ژیان لەلایەن هەردوو حیزبی باڵادەستو نەبوونی کەلتوورێکی بەهێز لە پێکەوەژیانی ئۆپۆزسیۆنو دەسـەڵاتو نەبوونی میکانیزمێکی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دامـەزراوەکـانـی سیستمی سیاسیدا، هەموو ئەو فاکتەرانە نەیانتوانی ببنە ڕێگر لە پیادەکردنی بەرنامەی ئۆپۆزسیۆنو ململانێیەکی توندی سیاسیی لەسەر دیدە جیاوازەکان بۆ بەڕێوەبردنو چۆنێتیی فەرمانڕەواییکردن. کارەکانی ئۆپۆزسیۆن لەپێناوی چەسپاندنی سەروەریی یاسا لە هەرێمدا، بە پێشکەشکردنی چەندین پرۆژەیاسا، وەکو پـرۆژەی بەیاساکردنی کۆمەکی ئەحزاب کە تا ئێستاش بە زیاد لە بودجەی تەرخانکراو لە سامانی گشتیی بۆ پارتەکانیان خەرج دەکرێت. ئایا پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتیی ناکات؟، ئایا پرۆژەی قەدەغەکردنی کاری حیزبیی لەناو هێزی چەکدارو دروستکردنی سوپای نیشتمانییو ڕاهێنانو زیادکردنی مووچەیان وەکو هاوشانەکانیان لەناوەندو هاوشانکردنی مووچەیان لەخزمەت پاراستنی ئەزموونەکەماندا نییە؟ بەهێزکردنی دەزگـای داواکـاری گشتیی، ڕۆڵێکی گەورە نابینێت لە پاراستنی مافی گشتییو بەهێزکردنی جومگەیەکی گرنگی دەسەڵاتی دادگـەری؟. دواخستن، یان ڕەتکردنەوەی ئەم پرۆژانە، درێژەدانە بە پیادەکردنی مۆدێلێک کە خەڵکی کوردستان دادوبێدادیانە لەژێر سایەیدا. ئەگەر دامەزراوەیەکی وەکو پەرلەمان، ئەمە دۆخی کارکردنی بێت، پەرلەمانتارانی لیستی زۆرینەش ئەمە هەڵوێستیان بێت، دەبێت ئۆپۆزسیۆن بەپشتیوانیی ڕای گشتییو بە ڕەوایی بۆچوونەکانی شێلگیر بێت لە بەشداریکردنی گەمە دیموکراسییەکە بەئاراستەی چاکسازییو گۆڕانکاریی لەسیستمە سیاسییەکەدا کە هاوڵاتییانی کوردستان، هیواو ئومێدیان لەسەر بنیاتناوە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری
شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر: گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە ٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# «ئەرێ بەڕاست کەس رقی لە سەرۆکە؟»



لەتیف فاتیح فەرەج

لەم رۆژانەدا دەنگێکی نەشازو نەخوازراو کەمو زۆر دەبیسترێتو هەندێکجار هەمان دەنگ دەیەوێت دنیا بەسەر رەشو سپیدا دابەش بکات، ئەم دەنگە کە بەداخەوە دەشێت لای دەسەڵاتدارانی ئێمە لەبەر دڵان بێت دەیەوێت بڵێت، ئەوە ئێوەن رقتان لە سەرۆکەو ئەوە منم دەیپارێزم ، ئەم دەنگە پاسەوانە هەرگیز نایەوێت سەرۆک بە ئاسودەیی بیر بکاتەوەو بڕیار بدات، ئەو بەردەوام ئەوە نیشانی سەرۆک دەدا کە دژو نەیارەکان ئامانجیان کورسییەکەی ئەوە، کێشە سەرەکییەکە لەوەدایە سەرۆک زیاتر لەو دەنگەوە نزیکە تا لە دەنگی گشت خەڵکەوە، یان دەشێت ئەو دەنگە ئەو هەڵەی بۆ رەخسابێتو ئیدی بە ئامان‌وزەمان نەیەڵێت دەنگی دی بەرزەوە بن، کە بڕوام وایە ئەمە برینەکە قوڵتر دەکات، دەزانم ئەو دەنگە راست دەکات کە دەڵێت سەرۆک لە رێگەیەکی دیموکراتییەوە نزیکەی (٧٠٪)ی دەنگەکانی گەلی بەدەستهێناوە، بەڵام هەرگیز لەوەدا راست ناکات کە دەڵێت (٣٠٪)ی دەنگەکانی دیکە دژی سەرۆکن، لە دنیای دیموکراسیدا ئەگەر کەسێک بە (٥١٪)یش ببێتە سەرۆک، دواجار دەبێت وەکو یەک سەیری (١٠٠٪)ی میللەت بکات، جیاوازیی دنیای دیموکراسی لە دنیای بە دیموکراسیکراو لێرەدایە، ئەوەی وا لە سەرۆکەکەی دەگەیەنێت کە (٣٠٪) لەگەڵیان نین، جگە لەوەی کار لەسەر خۆبردنە پێشەوەو بەراتو خەڵات دەکات، دەبێت لەوە تێبگات بەم کارە بەردەوام بەرەی (٣٠٪) بەرەو زیادبوون دەڕوات، زۆرمان بینی (٩٩٪)ی دەنگەکانیان بۆ هێنا بوو، بەڵام نەیتوانی لەبەرەی گەلدا بێت، ئێمە زۆر جار لە رێگەی ئەم پەیامو نامانەوە کە بۆ سەرۆکی دەنێرین، چاوەڕێی گۆڕان‌و چاکسازیی دەکەین، نەک ئافەرین‌و خەڵاتو بەرات، لە راستیدا هیچ هاوڵاتییەک وەک رق، رقی لە سەرۆک نییە، بەوانەشەوە کە رۆژێک لە رۆژان لە شەڕی حیزبەکەی سەرۆکدا لەگەڵ ئەوانی دیکە بوونە قوربانیی، هاوڵاتییەکان دادگەریی‌و یەکسانیی وەک یەکیان دەوێت، هاوڵاتییەکان دەیانەوێت لە بری تەنیا سەرۆک، دەیانەوێت جێگرو دەستەی راوێژکاریی‌و رێنمایی گەر هەبن لە دیوانی سەرۆکایەتیی‌و سەرۆکایەتیی هەرێم، تەلارەکەی لە تەلاری سەرۆکی حیزب بەرزترو رازاوەتر بێت، ئەوان واتە میللەت گەرەکیانە ئازادیی رۆژنامەگەریی‌و ئازادیی خۆنیشاندان‌و روونکاریی هەبێت، گەرەکیانە لەسەر گەندەڵیی، لەسەر دزینی سەروەتو سامانی ئەم نیشتمانە سزاو لێپرسینەوەو بەدواداچوون هەبێت، نەک قسەی رووت، ئەوان دەزانن قسەی رووت ناچێتە نێو گیرفانەوە، ئەوەی کە زۆرجار بە هاوڵاتییان دەگوترێت سەرۆک بە دەنگی زۆرینەی خەڵک سەرکەوتووەو بووە بە سەرۆک، زۆر لێدانەوەی وەک هەرەشە وایە، یان لە راستیدا دەبێتە هەڕەشە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا لەنێو رکابەرەکاندا دەشێت زۆرینەی دەنگەکان لە نیوەی دەنگدەرانیش کەمتر بن، بۆ نموونە دەشێت کەسێک بە (٤٠٪)ی دەنگەکان ببێتە سەرۆک، دواجاریش سەرۆکی هەموو میللەتە، نەک تەنیا ئەوانەی دەنگیان پێداوە. ئاخر نازانم بۆچی سەرۆکی هەرێم وەک چۆن مامۆستا ماستاوچییەکەی زانکۆی دهۆکی دانیشاندو کپی کرد، ئەو قەڵەمبەدەستو ماستاوچییانەش کپ ناکات کە دێن لە بری ئەو قسە دەکەن، نە ئەوانەی بەشان‌و باڵی سەرۆکدا هەڵدەدەن ئەویان خۆشدەوێت، نە ئەوانەی رەخنەی لێدەگرن رقیان لێیەتی، نەک ئەوانەش بگرە لە راستیدا ئەوانەی رەخنەکە دەگرن، ئەوان لە خەمی جوانکردنی نیشتماندان جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خەمی پڕکردنی گیرفان‌و خەمی جوانکردنی نیشتماندا هەیە، ئێستاش نەبێت رۆژێک دێت نەک هەر خەڵک، سەرۆکیش ئەوان بناسێت، لە مێژووی کورددا هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ ئەوەی کە شێخ مەحموودو قازی محەمەدو مەلا مستەفا ماستاوچییەکانیان لە دەوری خۆیان کۆکردبێتەوەو رەخنەگرەکانیان وڵاتبەدەر کردبێت، لە بەرامبەردا لە سەردەمی هەریەک لەوانەدا رەخنەی زۆر توند گیراوەو بەشێکی زۆریشی قبووڵکراوە، بگەڕێنەوە بۆ شیعرەکانی حەمدی‌و شوکری فەزلی‌و پیرەمێردو محەمەد خالسی، گرفتەکە لەوەدایە زۆرجار ماستاوچییەکان بە پیاهەڵدان، سەرۆکەکان بە رێگەی هەڵەدا دەبەن، بەو هیوایەی کەس نەتوانێت سەرۆکی هەرێم بە رێگەی هەڵەدا بەرێت.

# سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان لای دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن



ئارام سەعید

لایەنە ئابووریی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیریی‌و سیاسییەکان، گرنگیی زۆریان لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگەدا هەیەو پێویستە بۆ ئەو بوارانە دەستەو دامەزراوەی تایبەت هەبن، کە هەریەکێکیان لەبواری خۆیدا شارەزا بێت. رێکخراوی پیشەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی، کاردەکەن بۆ بوارەکانیان‌و پارتە سیاسییەکانیش کاری سیاسیی خۆیان دەکەن بە کۆکردنەوەی سەرجەم چین‌و توێژەکان لەدەوری بیروباوەڕەکانی خۆیان.

لە کوردستانداو لە سەردەمی شۆڕش‌و خەباتی چەکداریی دژی بەعس‌و رژێمەکانی پێشوو، رێکخراوە پیشەییەکان وابەستەی شۆڕش بوون‌و خەباتیان کردووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کوردو رۆڵی بەرگریکردن لەهاوپیشەکانیشیان بینیوە، واتە رۆڵی دوو هێندەیان هەبووە. لەسەردەمی راپەڕیندا بەشدار بوون‌و دواتر لەپێش رووخاندنی سەدام، لە کوردستاندا رەنگە پاساوی گەورەیان هەبووبێت بۆ وابەستە بوون بە بەرەی کوردستانیی‌و پارتەسیاسییەکان‌و ئەزمونە نوێکەی، لەوانە هەڵوێستی مامۆستایان کە ئامادە بوون بەبێ مووچە دەوام بکەن، هەمیشە بە فەخرەوە باس دەکرێتو توێژەکانی تریش رۆڵی گەورەیان هەبووە، بەڵام دوای رووخاندنی سەدام‌و هاتنەکایەی بارودۆخێکی نوێ، پاساوی ئەو تێکەڵبوونەی حیزب‌و رێکخراوی پیشەیی، کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی نامێنێت. لێرەوە پێویستە رێکخراوی پیشەیی، دەست لەو شەریکایەتییەی خۆی لە حیزب هەڵگرێتو ستراتیژی خۆی بۆ دانانی بەرنامەی کۆمەڵایەتی دابڕێژێتەوەو شێوازی کارکردنی بگۆڕێت لە خەباتی لەناو حیزب بۆ خەباتی سەربەخۆیی سەندیکاو رێکخراوی پیشەیی‌و ئامانجە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان.

کاتێک باسی سەندیکایەک دەکەین، هەر سەندیکایەک بێت، کرێکاران، ئەندازیاران، کارمەندانی تەندروستی، مامۆستایان، مانای ئەوەیە کە ئێمە باسی رێکخراوێکی ناسیاسیی دەکەین کە کار دەکات بۆ هەموو ئەوانەی ئەو پیشەیەیان هەیە. بۆ نموونە، پێویستە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، کار بکات بۆ هەموو کارمەندانی تەندروستی بەبێ گوێدانە بیروبۆچوونە سیاسییەکانیان، بارودۆخی داراییان، یان باری کۆمەڵایەتی. کارێکی ئاساییە ئەو سەندیکایە رێکخراوێکی سیاسیی نەبێت، یان بیرکردنەوەیەکی سیاسیی دیاریکراوی نەبێت، بەڵام زۆر گرنگە ئەو سەندیکایە ببێتە پەناگەیەک بۆ هەموو کارمەندێکی تەندروستی کە پەنای بۆ بەرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتی، کێشەی بارودۆخی کارکردنی، مووچەی، مەرجە تەندروستییەکان لەبواری کارەکانیاندا.

ئەو مۆدێلەی لەکوردستان هەیە، تێکەڵکردنە لەنێوان کارکردنی رێکخراوی پیشەیی‌و پارتی سیاسیدا. بەکورتی، حیزب رێکخراوێکی سیاسییە، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان مانەوەی لە دەسەڵات کاردەکات، بەڵام رێکخراوی پیشەیی لەپێناو بەرگریی لە ئامانجی ئابووریی، کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریدا دادەمەزرێت. گرنگە ئاگاداری ئەوە بین کە دەسەڵاتی سیاسیی هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی جوڵەو بزووتنەوەی رێکخراوە پیشەیی‌و رۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتییەکان بکاتو دەیەوێت بیانکاتە ئامرازێک بەدەستییەوە، بەمەش دەیانکاتە گرووپێک کە نەتوانن کار بۆ بەرژەوەندیی توێژە کۆمەڵایەتییەکە بکەن کە نوێنەرایەتییان دەکەن. هەرچەندە ئامانجی سەرەکیی رێکخراوی پیشەیی خزمەتکردنی پیشەوەرانی خۆیەتی، بەڵام حیزب هەوڵ دەدات ئەم ئەرکەی لێ بسەنێتەوەو بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەو لەئەرکی سەرەکیی خۆی دووری دەخاتەوەو رێکخراوی پیشەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی بەکاردەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەو برەودان بە ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەکان، نەک کارکردن بۆ توێژە کۆمەڵایەتییەکەی کە پێویستە کاری بۆ بکەن. کاتێک هەر پارتێک رێکخراوی پیشەیی خۆی هەبێت وەک ئەوەی لە کوردستان روودەدات، ئەو کات حیزب رێکخراوی کۆمەڵایەتی دەکاتە ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، لەکاتێکدا پارتی سیاسیی ئەندام پارلەمانی هەیە، یان لەحکومەتدا بەشدارە کە یاسایەک دەردەکاتو دژی توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، ئەو کات ئەو سەندیکایە بەکاردەهێنێت بۆ دژی بەرژەوەندیی ئەو توێژەی کاری بۆ دەکەن. لەکوردستاندا، ئەگەر پارتە سیاسییەکان دەستی درێژیان بخەنە سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و پیشەییەکان، بازاڕ، کۆمپانیاکان، حکومەت، پەرلەمان، ئەوکات چی دەمێنێتەوە بۆ دەرەوەی حیزب، ئەوکات حیزب هەموو جومگەکانی کۆمەڵ کۆنترۆڵ دەکاتو هەمووی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاردەهێنێت. لە کاتێکدا حکومەت لە زۆر قۆناغدا، پێویستی زۆری بە سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکان هەیە، بۆ چاودێریکردنی دەزگاکانی حکومەتو پێشنیازو پرۆژەی گرنگ، بەڵام کارەساتی کوردستان لەوەدایە کە حکومەت خۆی بووەتە پاشکۆی حیزب‌و پارتی سیاسیی، ئەندامانی باڵا لە رێکخراوی پیشەیی دادەنێت لەسەر بنەمای وابەستەبوونی بە حیزبەکەیەوە. باشتر وایە کە هەموو ئەو سەندیکاو رێکخراوە کۆمەڵایەتییانە، رێکخراوی ناسیاسیی بن‌و کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەو کەسانەی ئەندامن تیایداو ئەوانەشی ئەندام نین‌و سەر بەو توێژە کۆمەڵایەتییەن کە رێکخراوەکە کاری بۆ دەکات. راستە جیاکردنەوەی خەباتی کۆمەڵایەتی، پیشەیی، ئابووریی، رۆشنبیریی، ناسیاسیی لەخەباتی سیاسیی، ئەرکێکی ئاسان نییە. کاتێک سەندیکایەک داوای زیادکردنی مووچەو باشکردنی بارودۆخی کارکردنیان دەکەن، خەباتەکەیان ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییە. هەرئەوکاتەی هەمان ئەو سەندیکایە ناچار دەبن، مانبگرن بۆ زیادکردنی مووچە یان خۆپیشاندان بکەن، ئەوا خەباتەکەیان وێنایەکی سیاسیی دەبێت، بەتایبەتی کە حکومەت لە بەرژەوەندیی خاوەنکار یان دامەزراوەکان بە دژی سەندیکا دەوەستێتەوەو لەبەر ئەو هۆیانەیە کە لەواقیعدا ئاسان نییە کە کاری کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی لەکاری سیاسیی تەواو جیا بکرێتەوە.

لە راستیدا، کاتێک دەڵێین کە رێکخراوە پیشەیی، کۆمەڵایەتی‌و سەندیکاییەکان، رێکخراوی ناسیاسیین، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو رێکخراوانە بەشداریی ژیانی سیاسیی ناکەن لە وڵاتدا، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە مەرج بۆ ئەندامەکانی دانانێت کە بیرکردنەوەیەکی سیاسیی دیاریکراویان هەبێت، بۆ ئەوەی ببنە ئەندام، واتە ئەندامبوونت لەحیزبی دەسەڵات نابێت ببێتە هۆی ئەوەی لەسەندیکاکەت پلەی تایبەتت هەبێت، ئەمە جیاوازیی نێوان حیزبە سیاسییەکان‌و رێکخراوە ناسیاسییەکانە. بۆ نموونە، لەحیزبی سیاسیدا، مەرجە بەرنامەی پارتەکەی پەسەند بکات بۆ ئەوەی ئەندام بێت، بەڵام سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی‌و کۆمەڵایەتییەکان هێندە بەسە کە سەر بەو گرووپە کۆمەڵایەتییە بێت کە رێکخراوەکە کاری بۆ دەکات بۆئەوەی ببێتە ئەندام. بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، هێندە بەسە کە تۆ کارمەندی تەندروستی بیتو پارێزەر سەر بە سەندیکای پارێزەرانە لەبەر ئەوەی پارێزەرە.

جیاکردنەوەی ئەرکو بەرپرسیارێتی هەریەک لەودامەزراوانە بە هێڵێکەو تێکەڵنەکردنی کارەکان ئەرکێکی گرنگە. کارێکی ئاساییە سەندیکا، یان رێکخراوی پیشەیی لەریزەکانیدا کەسایەتیی سیاسیی جیاواز هەبن، جگە لەوابەستەبوونیان بە سەندیکاکەیانەوە سەر بە پارتی سیاسیی بن. لێرەوە لەسەندیکاکاندا، خەڵک هەیە بڕوای بە پارتی سیاسیی جیاوازو بەرنامەی جیاواز هەیە بۆ وڵاتو دەکرێت بۆچوونی نەیاری یەکتریش بن لە رووی سیاسییەوە، هەندێکجار زۆربەی ئەندامانی سەندیکایەک بێلایەنن، گرنگترین شت لەخەباتی سیاسیی هاوبەشی ئەندامانی سەندیکایەکدا، ئەوەیە کە ئەندامێکی سەندیکا لەبەرئەوە نەبێت بە ئەندام کە سەر بە پارتێکی دەسەڵاتە، بەڵکو ئەو ئەندامبوونەی پەیوەندیی بەخەباتییەوە هەبێت بۆ ئامانجەکانی سەندیکا بۆ ئەو کەسانەی ئەندامن‌و ئەوانەشی ئەندام نین تەنیا سەر بەو توێژە کۆمەڵایەتییەن کە کاری بۆ دەکات.

یەکێک لەو رستانەی لە تونس باس دەکراو دەوترایەوە بەر لە رووخاندنی زەینەلعابدین بن عەلی، ئەوەبوو کە سەندیکای کرێکاران ئامرازێکە بۆ یاریکردن بە کرێکاران‌و هەر خەباتگێڕێکیان کە بەرژەوەندییەکانی بەدەستدەهێنێت، جارێکی تر لە سەندیکا نایبینیتەوە.

پێشەکی درێژمان بۆ ئەوە بوو، ئاوڕیک لە مۆدێلی کوردستان بدەینەوە کە نزیکە لە مۆدیلی چەند وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا، تا ئێرە وابووەو وا رۆیشتووە، کاتێک حیزبە ئیسلامیەکانیش لە کوردستان دەستیان کرد بە چالاکی، چ وەک دەسەڵاتو چ وەک ئۆپۆزسیۆن، هەمان ئەزمونیان دووبارە کردەوەو مۆدیلی نوێیان نەهێنا، سەبارەت بە ئەزموونی کوردستان، ئەوەی مایەی سەرنجو تێڕامانەو پێویستە لەسەری رابوەستین، ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بچێتە پاڵ پیادەکردنی هەمان سیاسەتو مۆدێلەوەو بەمەش بزووتنەوەی گۆڕان نۆرمالی دەکاتەوەو جیاوازییەکی لەگەڵ پارتەکانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەکانی تر نامێنێتو ئەو پەیامانەی کە دەڵێن، مۆدێلێکی نوێ پێشکەش دەکەین، وردە وردە کاڵ دەبێتەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان، لە هەڵبژاردنی پارێزەراندا، پشتگیریی لە لیستی سەربەخۆ کردو توانیی نموونەیەک پێشکەش بکات کە ببێتە ئەزموونێک بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەو پەیامە بکات، کە دەڵێت «پێویستە سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان، لە چنگی حیزب بهێنرێنە دەرەوەو رادەستی ئەو چالاکوانانە بکرێن کە نوێنەرایەتیی توێژەکانیان یان پیشەو بوارەکەی خۆیان دەکەن»، بەڵام ئەم ئەزموونە زۆری نەخایاندو لە هەڵبژاردنی مامۆستایاندا، بزووتنەوەی گۆڕان لیستی خۆی دروستکرد بە ناوی مامۆستایانی سەردەم کە وەک لیستەکانی تر ئەندامانی گۆڕانخوازبوون‌و گۆڕان مامۆستایانی سەربەخۆی فەرامۆشکرد، هەمان ئەزموونیش لەگەڵ سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دووبارەکرایەوەو بۆ پیشەوەران‌و سەندیکاکانی تر، نازانم هەمان ئەزموون دووبارە دەبێتەوە یان نا، ئەوەش لە هەنگاوەکانی داهاتوودا دەردەکەون کە ئایا گۆڕان بەرنامەو ستراتیژی ئەو لیستە دادەنێت بۆ کۆنگرەکانیان، یان خۆیان بەرنامەڕێژیی لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی توێژەکانیان دەکەن.

لەکۆتاییدا، پرسیاری گەورە ئەوەیە، گۆڕان چۆن لە کوردستاندا ستراتیژێک بۆ سەربەخۆیی سەندیکاکان‌و رێکخراوە پیشەیی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و رۆشنبیرییەکان دادەنێت؟ کێ دەتوانێت وەڵامی ئەوەمان بداتەوە کە سەندیکاکان تا چەند دەتوانن کاریگەرتربن لەکاتی سەربەخۆییانداو چەند لاواز دەبن لەکاتی وابەستەبوونیان بە پارتێکی سیاسییەوە؟ جێی خۆیەتی کە لایەنگرانی گۆڕان‌و سەندیکاو رێکخراوەکان، ئەم پرسیارانە بکەن‌و چاوەڕوانی وەڵامی روون‌و ئاشکرا بن کە میکانیزمی کارکردنیش لەسەر ئەو دۆسییانەی بڕیاریان لێدرا، بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

* ئەوەی لەم وتارەدایە، تەنیا پەیوەندیی حیزب‌و رێکخراو سەندیکاکانە، بواری تر زۆرن تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، لەوانە، حیزب‌و راگەیاندن، حیزب‌و رێکخستن.

**پێویستە رێکخراوی پیشەیی، دەست لەو شەریکایەتییەی خۆی لە حیزب هەڵگرێتو ستراتیژی خۆی بۆ دانانی بەرنامەی کۆمەڵایەتی دابڕێژێتەوە**

**ئاگاداریی دەرچوونی گۆڤارێک**

ئێمە کۆمەڵێک خوێندکاری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، گۆڤاری (وچان) دەردەکەین، خاوەنی ئیمتیاز، هەردی عەبدولستار (ژ.م: ٠٧٥٠١٠٤١٤١٧) سەرنووسەر، کۆچین واژەیی (ژ.م: ٠٧٧٠١٩٨١٨٧٧)، کە گۆڤارێکی فیکریی مەعریفییە، جا هەرکەسێک لاریی هەیە، لەماوەی (١٥)رۆژدا ئاگادارمان بکاتەوە.

# ئایا گۆڕان لە پاشەکشەدایە؟



سیروان رەشید

شتێکی سروشتییە بۆ هەرهێزێکی سیاسیی کە باوەڕی بە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسییانە هەبێت، کێرڤی جەماوەریی هەڵکشان‌و داکشان بەخۆیەوە ببینێت، چونکە دنیای سیاسەت وایە، ئەمڕۆ بۆ تۆیەو سبەی بۆ نەیارەکانتە.

لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان‌و سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی لە ناوەندی ڕۆژنامەوانیی‌و سیاسییدا باس لە پاشەکشەی جەماوەریی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت بە بەراورد بە پارتی‌و یەکێتی‌و زیاتریش بە بەراورد بە کۆمەڵ‌و یەکگرتووی ئیسلامیی، بەوپێیەی کە لیستی کارمەندانی تەندروستیی (سەردەم)، نەیتوانیوە دەنگی پێویست مسۆگەر بکات.

بۆ باسکردن لە هەڵبژاردنی مامۆستایان‌و تەندروستکاران، بەر لە هەر شت دەبێت باس لە شێوازی مامەڵەکردنی گۆڕان بکەین لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەو هەڵبژاردنەکانیان، کە بەلای بزووتنەوەی گۆڕانەوە «وەک هەڵسوڕاوانیان باسیانکردووە» لە بنەمادا ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە، ئەوەندەی مەبەست لێی بەشداریی سیاسیی‌و دابەشکردنی دەسەڵات‌و هاوبەشی بڕیاری سیاسیی‌و مەدەنییە، بەقەد ئەوە مەبەست لێی مۆنۆپۆلکردنیان نییە، کە وەک ئەوەی بینیمان گۆڕان ڕاستەوخۆ وەک لایەنەکانی دیکە نەچووەتە ناو ئەو هەڵبژاردنانەوەو تەنیا پشتیوانی لێکردوون بەمەبەستی ئەوەی ئەوتوێژانە خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، نەک مەکتەب سیاسیی حیزبەکان بۆیان دابنێن.

لە ئێستادا مشتومڕەکە لەناو گۆڕان‌و دەرەوەی گۆڕانیش ئەوەیە، کە هەندێک پێیانوایە؛ ئەو ئەنجامەی لە هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی کەوتووەتەوە، نیشانەی پاشەکشەی گۆڕانە، هەندێکیش پێیانوایە؛ نەخێر ڕاستە ئەنجامەکە بۆ گۆڕان دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە بەرەوپێشچوونی پێوەدیارنەبوو.

بە بۆچوونی من، ئەو هۆکارانەی بووە هۆی کورتهێنانی دەنگی لیستی «سەردەم» ئەمانەن:

**یەکەم:** لەناو ئەو دوو توێژەدا یەکەمجارە لیستێک بەناوی جیاو بەدیدی جیاوە، وەک (لیستی سەردەم) دەچێتە ناو ململانێیەکەوە، کە ئەزموونی کارکردنی پێشووی نییە، بۆ جێخستنی مۆدێلێکی نوێی جیاواز لە قورغکردنی حیزبیی تاوەکو نیشانی بدات کە دەتوانێت خزمەت بەو دوو توێژە بکات.

**دووەم:** لە هەڵبژاردنی ئەو دوو ڕێکخراوەدا، لیستی سەردەم لە پارێزگای دهۆک دانەبەزی، کە ئەوە بووە هۆی بێبەشبوونی دەنگی لە بازنەیەکی سەرەکیداو دابەزینی کورسییەکانی‌و لە بەرامبەریشدا بەرزبوونەوەی کورسی لایەنەکانی تر، هەرچەندە مەنتیقی ژمارە پێمان دەڵێت؛ کە ئەوە ناخرێتە سەر ڕێژەی گشتییەکە.

**سێیەم:** دەشێت بوترێت ئیدارەی کەمپەینی ئیعلامیی‌و ڕێکخستنی گۆڕان لەناو ئەو دوو توێژەدا، سەرکەوتوو نەبوو بەپێی پێویست، هەم بەهۆی دواکەوتنی ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان‌و هەم بەهۆی سەرکەوتوو نەبوونی ستاف، یان لیژنەی سەرپەرشتی.

**چوارەم:** بردنەوە، یاخود بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لەناو فیئەیەکی مووچەخۆرو کارمەندی حکومەتدا بۆ لایەنی ئۆپۆزسیۆن کارێکی هەروا ئاسان نییە، لە کاتێکدا فشاری دەسەڵات ئێستا لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان، جیاوازە لە بەرامبەر لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆن.

پێش هەڵبژاردنی هەردوو هەڵبژاردنەکە (مامۆستایان‌و تەندروستکاران) بە هاوڕێ ڕۆژنامەوانەکانم وتبوو، کە لایەنە ئیسلامییەکان لەناو ئەم دوو توێژەدا بەهێزن، چونکە ئەزموونێکی باشی پیشەییان هەیە کە جێگەی ڕەزامەندیی هاوپیشەکانی خۆیانە.

هەرچەندە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی یەک دوو ڕێکخراو و سەندیکا پێوەر نییە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جەماوەریی لایەنێک، یان شکستی هێزێکی دیکە لە ئاستە گشتییەکەدا، چونکە بۆ نموونە بە درێژایی دەیان ساڵ زۆر کات ئیخوان موسلمین لە هەڵبژاردنی (سەندیکای پارێزەران)ی میسردا بردوویانەتەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی چەند مانگی ڕابردووی ئەنجومەنی گەلدا (پەرلەمان) ئیخوانەکان تووشی گەورەترین شکست هاتن لە مێژووی کارکردنیاندا.

هەر لە کوردستانیش بۆ نموونە؛ یەکێتی کە قورسایی جەماوەریی لە پارتی کەمترە، بەڵام لە هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە پارتی زیاتر نوێنەری بۆ کۆنگرە سەرکەوتووە.

ڕاستە ئەنجامەکە بۆ گۆڕان دڵخۆشکەر نییە، کە پێویستە ببێتە زەنگێکی هۆشیارکەرەوە بۆی، چونکە پاشەکشەکردنی بەری ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەت «بزووتنەوەی گۆڕان»، خەتەرە بۆسەر پاشەکشەکردنی پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگەو گەڕانەوەی واقعی پێشووی حوکمڕانیی دەسەڵات.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩